# کەڵڕ و زەنگەنە

دکتۆر عەلی سەهامی

وەرگێڕ: موحەممەد مورادی (باقلاوایی)

سرشناسه: سهامی، علی، ١٣٤٩-

عنوان قراردادی: تاریخ به افق مرزبانان کرد: بررسی نقش کردهای کلهر و زنگنه در شطرنج سیاسی صفویه و عثمانی. کردی

عنوان و نام پدیدآور: کەڵڕ و زەنگەنە/ عەلی سەهامی؛ وەرگێڕ موحەممەد موڕادی.

مشخصات نشر: سنندج: ماد، ١٣٩٩

مشخصات ظاهری: ١٥٧ص؛ ١٤/٥ ٢١/٥ س م

شابک: ٦-٦٥٢٥٧٥-٦٢٢-٩٧٨

وضعیت فهرست نویسی: فیپا

یادداشت: کردی

موضوع: کلهر - تاریخ

موضوع: kalhor (Iranian people) - History

موضوع: زنگنه - تاریخ

موضوع: Zanganeh (Iranian people) - History

شناسه افزوده: مردای، محمد، ١٣٦٥ - مترجم

رده بندی کنگره: DSR٧٢

رده بندی دیویی: ٩٥٥/٩٨٥

شماره کتابشناسی ملی: ٦١٣٥٢٤١

کتێبی ماد


مێژوو بە ئاسۆی سنوورپارێزانی کورد (لێکدانەوەی دەوری کوردانی کەڵڕ و زەنگەنە لە شەترەنجی سیاسیی سەفەوی و عوسمانیدا)

نووسین و گردوکۆ: دکتۆر عەلی سەهامی

وەرگێڕان: موحەممەد موڕادی (باقلاوایی)

پێداچوونەوە: ئیبراهیم موڕادی / سۆما مەحموودی

پەڕازێن: ڕێژان ئەحمەدی

جوانکاری ڕووبەرگ : فارۆق دەستوورە

ساڵی چاپ: ١٣٩٩

شابک: ٦ - ٧٥ - ٦٥٢٥ - ٦٢٢ - ٩٧٨

پەخشانگا: سنە ــ شەقامی شوهەدا ــ پاساژ عیزەتی ــ کتێبی ماد.

٠٨٧ ــ ٣٣١٢٥٢٥٩

پێشکەش بە: دانیشتوانی دەروازەی نیوەتاکی ڕۆژاوا کە بەردەوام دەورگێڕی گرنگ و قەڵغانی بەڵاگێڕی سنوورەکانی ئەم بووم و بانە بوونە.

پێڕست

پێشەکی : ١
کوردانی کەڵڕ بە گوێرەی ڕووداونامەکان ٧
ڕەچەڵەکنامەی کەڵڕەکان ١٢
بارودۆخی سیاسیی هۆزی کەڵڕ لە سەردەمی سەفەوییدا ١٢
ژینگەی کەڵڕەکان و ڕەچەڵەکناسی وشەی کوردستان ١٤
پێشینەی مێژووی پێش سەفەوی ١٩
هـۆزە کـوردە هاوپەیمانەکانـی ئاق‌قویونلـووەکان ٢٢
ڕەچەڵەکنامەی سەفەوییەکان ٢٢
شا ئیسماعیلی سەفەوی ٩٠٧ – ٩٣٠ ٢٧
یەکەمین فەرمانڕەوای کەڵڕی لکی پاڵنگان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا ٢٩
چووهە سوڵتان و حکوومەتی کەڵڕ ٣٠
کەڵـڕەکان لـە سـەردەمی کوڕەکانـی گـوڵاوی بەگـدا (ئەمیرخـان، قایێتمـەس و ئیبراهیـم خان فەرمانڕەوای کەڵڕ) ٣١
نەریتـی لـە بـەر کردنـی بەرگینـی ڕەش و لـە مـل کردنـی پڵاسـی ڕەش لـە شـینی مردووەکاندا ٣٣
ملکەچ کردنی هۆزە کوردەکان لە لایەن سوڵتان سەلیمی عوسمانییەوە ٣٥
شا تەهماسبی سەفەوی زاوای کەڵڕەکان ٣٦
ڕۆڵـی چووهـە سـوڵتان و زوڵفەقـار خـان وەک فەرمانڕەواکانـی کەڵـڕ لـە سـەردەمی شـا تەهماسبدا ٣٦
فەرمانڕەوایی زوڵفەقارخانی کەڵڕ بە سەر بەغدادا ٣٨
بوونی کەڵڕەکان لە بەغداد لە سەردەمی شا تەهماسبی سەفەویدا ٤٣
شا ئیسماعیلی دووهەم ٤٤

میـر ئەسـکەندەری کەڵـڕ، فەرمانـڕەوای قـەڵای پاڵنـگان لـە سـەردەمی شـا ئیسـماعیلی دووهەمدا ٤٦
سوڵتان موحەممەد خودابەندە ٤٧
شەڕی تەیموورخانی ئەردەڵان لەگەڵ قوباد بەگ کوڕی عومەر بەگی کەڵڕ لە سەردەمی سوڵتان موحەممەدی خودابەندەدا **٥٠**
هاوپەیمانیـی قوبـاد بەگـی کەڵـڕ لەگـەڵ شـاوێردی خـان میـری لوڕسـتان دژ بـە تەیموورخانی ئەردەڵان ٥١
شۆڕشی شا ئیسماعیلە درۆینەکان ٥٣
شۆڕشـی شـا ئیسـماعیلی درۆینـە لـە چەمچەمـاڵ و دینـەوەردا (شـا ئیسـماعیلی چەمچەماڵی) ٥٥
شا عەباسی یەکەم ٥٧
بارودۆخی سیاسی کوردە کەڵڕەکان لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا ٦٢
شوێن پێی کوردە کەڵڕەکان لە خوەراساندا ٦٦
شا سەفی ٦٧
شۆڕشی خان ئەحمەدخانی کورد لە سەردەمی شا سەفیدا ٦٨
بەستێنەکانی پەیمانی ئاشتی قەسرشیرین(زەهاو) ٧١
پەیمانی ئاشتی قەسرشیرین (زەهاو) ٧٣
گواستنەوەی دەسەڵات لە کوردانی کەڵڕەوە بۆ زەنگەنە ٧٤
هۆزی زەنگەنە ٧٤
عەلی بەگی زەنگەنە مەزنە مەیتەری شا سەفی، باوکی شێخ عەلیخانی زەنگەنە ٧٧
هاتنی نێوی هەرێمی کەڵڕ بە جێگەی کرماشان لە مێژووی «جەهان ئارای عەباسیدا» **٧٩**
شـاڕۆخ سـوڵتانی زەنگەنـە بـرای شـێخ عەلیخـان میـری هـۆزی کەڵـڕ لـە سـەردەمی شـا سەفیدا ٧٩

شا عەباسی دووهەمی سەفەوی ٨٠

ڕۆڵی شێخ عەلیخانی زەنگەنە میری کوردانی کەڵڕ لەکۆتایی پێهێنان بە ئاژاوەی لوڕستان لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا ٨٣

دابەشکردنی کوردستان بە ڕاوێژی مورید سوڵتانی کەڵڕ لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا ٨٦

شا سلێمانی سەفەوی(شا سەفی دووهەم) ٨٧

کەسایەتی شا سلێمانی سەفەوی ٨٨

شێخ عەلیخان زەنگەنە ٨٩

شێخ عەلیخان و شێعر و شاعیری ٩١

ژیاننامەی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە پەرتووکی «تذكرۀ نصرآبادی»دا ٩٢

ژیاننامەی نەجەفقولی خانی زەنگەنە لە «تذكرۀ نصرآبادی»دا ٩٣

میرزا نوورا شاعیری دەرباری شێخ عەلیخانی زەنگەنە ٩٤

«نادرا» شاعیری دەرباری شێخ عەلیخانی زەنگەنە ٩٦

مەیرۆم بەگ ناسراو بە سوبحی ٩٨

ئەو باڵەخانە و بینایانە کە بە ناوی شێخ عەلیخانی زەنگەنەوەن ٩٩

ڕۆڵی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە حکوومەتی شا سلێمانی سەفەویدا ١٠٢

دیپلۆماسی شێخ عەلیخانی زەنگەنە، وەزیرە کوردەکەی شا سلێمانی سەفەوی ١٠٦

گرتن و بە سەربازکردنی خەڵکی کرماشان لە سەردەمی شا سلێمانی سەفەویدا ١٠٩

کرماشانی پاش شێخ عەلیخانی زەنگەنە ١١٠

شا سوڵتان حوسێن ١١١

سکاڵای شاقولی خانی زەنگەنە دژی سارۆ خان ١١٢

مورتەزا قولی بەگی زەنگەنە کوڕی شاقولی فەرمانڕەوای کرماشان ١١٣

هەوڵە ئابوورییەکانی شاقولی خانی زەنگەنە ١١٤

داخوازیــی شــاقولی خانــی زەنگەنــە لــە پاشــای فەرانســە بــۆ گواســتنەوەی ئــاوی کووهرەنگ لە بۆ زایندەڕوود ١١٤

توند و تیژی ئایینی لە سەردەمی ڕاوێژکاریی شاقولی خانی زەنگەنەدا ١١٥

هەوڵەکانی فەتالی(فەتحعەلی) خان ١١٦

مێژووی «جەهان ئارای عەباسی» ١١٧

مێژووی سوڵتانی ١١٩

«زبدة التواریخ» ١٢٠

«خلاصة التواریخ» ١٢١

باسی سەرنجی دادگەرانەی شای شکۆدار لە هەمبەر دارۆلسەلامی بەغداد ١٢٢

مێژووی ئیلچی ١٢٤

باســی ڕۆیشــتنی خاوەنشــکۆی دادگــەر بــەرەو بەغــداد و کوژرانــی زوڵفەقــار ســوڵتان و هێور بوونەوەی ئاژاوە و بشێوی ١٢٥

«روضةالصفویه» ١٢٨

هەڵکردنــی ئــاڵای گەڕانــەوەی شــای شــکۆدار (شــا تەهماســب) بــەرەو عێــراق و گرتنــی «دارالسلام»ی بەغداد ١٢٨

پێشەکی :

دەسەڵاتی ئەم دوو هۆزە لە هەموو بوارێکەوە هەم لە سەر جێگە و پێگەی کورد هەم لە سەر سیاسەتی وڵاتانی سەردەست واتە سەفەوی و عوسمانی کاریگەری حاشا هەڵنەگریان هەبووە و لە هاوکێشەکاندا دەورێکی گرنگیان گێڕاوە. ئەم پەرتووکە گەلێک تاریکایی ژیانی سیاسی و ئابووری و جڤاکی ئەم دوو هۆزە کوردە ڕەسەنەی ڕووناک کردۆتەوە بەڵام لە سەر درکاندنی نێوی یەکێک لەم دوو خێڵە ئاریشەیەک هەیە کە هەر کەس بە بۆچوونی خۆی هەوڵی ڕوونکردنەوەی بۆ داوە. زەنگەنە لە هۆزە ناودارەکانی پارێزگای کرماشانە کە لە کرماشان، سەرفیرووزئاوا، مایەشت، تیلاندەشت ، هۆلەیلان و گیەلانی ڕۆژئاوادا دەژین. هەندێ لە جەماوەری ئەم هۆزە لە دەرەوەی پارێزگای کرماشاندا واتە لە فارس، خووزستان، کۆهگیلوویە، هەمەدان و خوەراسان ژیان دەکەن. هەندێکیشیان لە ناوچەکانی مووسڵ و کەرکووک و هەراتی ئەفغانستاندا نیشتەجێن. سەبارەت بە بناغەی ناوی هۆزی زەنگەنە، باس و ڕاسی جیاواز هەیە. هەندێ کەس ناوی ئەم هۆزە بۆ ئەو شوێن و ژینگەیە دەگەڕێننەوە کە تێیدا دەژین و هەندێکیش دەڵێن بۆ ناوی «زەنگە» کەسایەتی نێو دیرۆکە پاڵەوانییەکانی ئێران دەگەڕێتەوە. بەڵام لە دەربڕینی ناوی ئەم خێڵەدا ناکۆکی نییە و بە هەمان شێواز دەربڕی دەکەن کە لە سەرچاوەکاندا هاتووە و خەڵکەکەش هەر وەها دەیبێژن.

ژینگەی کەلهوڕیش لە بنەڕەتدا دەڵێن شاری کالحە(نەمروودی ئێستا) لە نێوچۆمان کە دوایی بەرەو داوێنی شاهۆ و پاڵنگان کۆچ دەکەن. لە کۆچی دووهەمدا بەرەو ناوچەکانی نێوان کرماشان و خانەقین دەڕۆن،

هەرچەندە بە شێوەی پرژ و بڵاو لە زۆر ناوچەی کوردستاندا دەژین بەڵام بە زۆری لە ئەیوان، پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان، شارەکانی گیەڵانی ڕۆژئاوا، ئیسلاماوای ڕۆژئاوا، سەرپێڵ و قەسر شیرین و بەشێک لە شارەکانی چەرداوەڕ، دەڕەشار و سیروانی پارێزگای ئیلام دەژین. لە بیجاڕ و قوروە و جەغەتووی ساینقەڵا و هەروەها لە باشووری کوردستانیش لە ناوچەکانی مەنەلی و خانەقین و هتد ژیان دەکەن.

بەڵام سەبارەت بە ناوی کەلهوڕ کە بەم جۆرە لە سەرچاوەکاندا هاتووە ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە و ئەوەی کە ئێستا بۆتە زاناڤ(شۆناس) بۆ ئەم خێڵە هەر ئەوەیە کە نووسەرانی فارس یان فارسی نووسەکان گۆی دەکەن. تەنانەت جگە لە خۆیان زۆربەی کوردەکانیش ئەم شۆپە نەویستەی باو دڵی ئەم هۆزە دەشۆپێنن و بەو ناوە بانگیان دەکەن کە زاری خۆیان دەیزڕێنێت.کەلهوڕ (کەڵهوڕ) ناوێکی زەق کراوەیە کە لە نێو هەموو کتێب و سەرچاوەکاندا بە وشەی لێکدراوی (کەڵ) و (هڕ) یان (هوڕ)ی دەزانن کە تێکڕا مانای درەوشانەوەی توند و تێژ دەدات کە تایبەتمەندی خۆرەتاوە. هەندێکیش دەڵێن بە هۆی ژینگە و پێگەیانەوە بە بوێری و خۆڕاگری وەک کەڵەکێوی سەربەرز ژیاون و لەگەڵ هەڵدێر و هەڵەمووتی مەڵبەندەکەدا خۆیان گونجاندووە؛ هەندێتر دیتنیان وەهایە کە ئەمانە کەسانێکی بەژن و باڵا هەڵکراو و گورج و گۆڵن و لە ڕۆیشتندا بە تێژی تیشکی تاو و توانستی کەڵ لێژی و خوێزایی دەبڕن.

هەڵبەت بۆچوونێکی دیکە هەیە کە ئەم وشە بە «کەلوڕ» دەزانێت و پێی وەهایە کە لە دوو وشەی (کەل) و (وڕ) یان (بڕ) پێکهاتووە و لە سەردەمی بڕەوی ئۆلی زەڕدەشتیدا خەڵکانی ئەم هۆزە لە بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکاندا لە سەر کەل و ملەکاندا ئاوریان دەکردەوە و چوون کەسانێکی هەڵکراو و ئازا بوونە لە ڕۆیشتندا، پێیان دەوتن کەلوڕ؛ واتە کەسێکە کەل و کێو دەبڕێت و دەڕواتە لووتکە.

لە پەراوێزی لاپەڕەیەکی شەرفنامەدا هاتووە کە دەڵێت: «نازانم بۆچی

یەک لە چوار لکی کورد ناوی کەلهوڕی لێنراوە؛ بەڵام خۆیایە کە ئەو تیرە سەر بە کلاهوری پاڵەوانی فەرمانڕەوای پێشووی مازەندەرانن و کەیکاوس ویستی بیخاتە ژێر فەرمانەوە و بە ڕۆستەمی زاڵدا نامەی بۆ نارد و فەرمانڕەواکە زۆر درشتی جواب داوە و هەڕەشەی کرد. بەڵام کلاهور وای کرد و وتی: ئێمە دەرۆستی ڕۆستەم و پاڵەوانەکانی نایەین. شانامە لە چەند جێگایەکدا ناوی ئەم کلاهورەی هێناوە، وەک دەڵێ:

کلاهـور کـە لافـاوە بـۆ لەمپـەران

هەمـوو نـازی هـەر بـەو بـوو مازەنـدەران

یان دەڵێ:

کلاهـور پەیـا بـوو وەکـوو شـێری نێـر

سـەری دا لـە سـەرداری ئـازا و دلێـر

کـە پەنجـەی دە پەنجـەی کلاهـور پەرانـد

هەمـوو ناخونـی وەک خـەزەڵ هەڵوەرانـد

وێشـدەچێ لـە نـاوی «کەڵـوەران» وەرگیرابـێ کـە بـە کەڵـەگا دەڵێـن. کەڵـور و گـۆران یـەک تیـرە نیـن بـە بەرەبـاب لێـک جیـان بـەڵام پێکـەوە دەژیـن. لـە درێژەدا باسـێک لـە مێژووی «خلاصـه تاریخ کرد و کردسـتان» ئەمیـن زەکـی بـاس دەکات کـە دەڵێـت: کالا و کەلهـوڕ لێـک نزیکـن. کەلهـوڕ خۆیـان زۆر بـە ڕەگـدار دەزانـن و لایـان وایە وەچـی ڕەهامن کە ئەویـش بەختونـەسری بەناوبانـگ و داگیرکـەری دەوڵەتـی جوولەکەیـە. لـە ڕاستیشـدا نـاوی جوولەکانـە لـە نـاو کەلهوڕانـدا زۆرە و دووریـش نییە ئایینـی جوولەکەشـیان هەندێـک دە نـاو خزابـێ».[١]

١. شەرەفنامە، وەرگێڕانی بە کوردی: مامۆستا هەژار، لاپەڕەی ٤١٢–٤١١(پەراوێز)، چاپی هەشتەم، پەخشانگای پانیز،١٣٩٣.

بەڵام وێڕای ئەم هەموو باس و ڕاسە ناوێکی شاز و بێ ناز لە لای خۆیان بەکار دێت کە تەنیا زار و زمانی خۆیان دەیلاوێنێت و بە داخەوە کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر بۆ ساغ بوونەوە لە سەر مژارێکی کۆن بەڵگەی سەلمێنەر و باوڕپێکراو نەبێت و تەنیا زارەکی هاتبێت پێوەری بژاردە ئەو زار و زمانەیە کە سەرەتا شتەکەی گێڕاوەتەوە یان بابەتەکەی لێوە هەڵقوڵاوە. لێرەدا باسەکە هەمان شتە و ئەم خێڵە خۆیان بە «کەڵڕ» دەناسێنن. گەرچی هەندێ پسپۆڕ و شارەزای بواری زمانناسی دەڵێن لە نێوان دوو پیتی (ڵ) و (ڕ) دا پیتی (هـ) بە ناسکی دەبێژرێت، بەڵام هێندە بەگوڕ نییە کە دەرکەوێت و ئەم وشە لە بنەڕەتدا «کەڵهڕ» بووە و لە وتندا بۆتە کەڵڕ. خۆیان دەڵێن کەڵڕ و کەڵێن لە یەک تیرە وشەن و مانای گەورەکان دەدەن، هەر چەند ئەمە بە تەنیا بۆچوونێکە وەک بۆچوونەکانی دیکە بەڵام ڕوونە کە شێوازی دەربڕینی ناوەکە ئەوە نییە کە لە پەرتووکەکاندا بڵاو بۆتەوە. تەنانەت لە فولکلۆرەکانیشیاندا خۆی دەرخستووە. لەم بارەوە نموونەیەک دێنینەوە کە هی ناوچەی ئیلامە:

خانم چەو کەژاڵ جەرگ جایەڵ بڕ
وە ڕەفتار خاڵی وە شێوە کەڵڕ
چەن دەف وەتمە پید ماڵ وە ماڵ مەکە
وە سورمەی مەردم چەوەیل کاڵ مەکە
چەتر چۆ لەولاو خسیە وە لاوا
کوچگانی چەن کەس نایدە وە گاوا
چۆ قرووش بگەم لە قەی شاڵەگەد
تا گەر جییم بوو ناکوو خاڵەگەد
چۆ کەڵ پەڕاو گل خوەی لە دەروەن

چەتر وا مەکەی لە ژێرێ سەروەن
چەتر چۆ چەوێر، چەوێر چۆ چەتر
پەروەردەی کردیە وە گوڵاو عەتر
چەو کەژاڵ، گووشەی چەو سیا
خوەزیەو ماڵەگەد لەیلاتر بۆا
چەن ساڵ سۆفی بۆم، تەوبە کەردە بۆم
یەقەی وازێ دیم، ئیمان هەردە بۆم

لەم شێعرە فولکلۆرەشدا ڕاستەوخۆ وشەکە بە کەڵڕ هاتووە و دەتوانێت بەڵگەیەکی پتەو بێت لە سەر ئەم بابەتە بەس ڕەنگە ئەم ڕوانگەیەش بکەوێتە بەر ئەو ڕەخنەوە کە هاتنی کەڵڕ لەم شێعرەدا بۆ ڕێکخستنی کێش و سەرواى شێعرەکە بووبێت کە ئەوەش ڕێی تێدەچێت بەڵام لە دەربڕینی خۆیاندا بە زار و زمان هەر ئەم چەمکە گۆ دەکەن و بەکاری دێنن و ئەگەر لە کن کەسانی نەخوێندەوار و نامۆ بە کتێبی ئەم خێڵە وشەی کەلهوڕ بەکار بێنی هەر لەگەڵیا ئاشنا نین و لاشیان سەیر دەبێت بۆیە من وەک ئەمەگێ بۆ هەموو فیداکاری و بەرخۆدانێکی ئەم هۆزە ڕەسەنە کە وێڕای هەموو گوشار و تەوژمێکی ناوخۆیی و دەرەکی چۆن بژی و کەڵ بژییان کردۆتە سەرمەشقی ژیان و هەنووکەش هەر لە سەر کورد بوونی خۆیان سوورن و ناویان بە نان نەفرۆشتووە، ئیدی وەک وەرگێڕێ لەم کتێبەدا لام وەها بووە کە شێوەزاری خەڵکەکە بکرێتە پێوەر و بە جێگەی کەلهوڕ کە زۆرتر درکاندنێکی فارسی یان فارسی نووسانەیە هەمان کەڵڕ بەکار بێنم کە خۆیان بەکاری دێنن.

(پێشەکی وەرگێڕ)

## کوردانی کەڵڕ بە گوێرەی ڕووداونامەکان

سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەکان لە دەست بەسەرا گرتنی شاری تەورێزەوە لە سەر دەستی شا ئیسماعیل لە ساڵی «١٥٠١ زایینی/ ٩٠٧ مانگی» دەست پێدەکات و هەتا کەوتنی شاری ئیسفەهان لە سەر دەستی ئەفغانەکان «١١٣٥م/ ١٧٢٢ز» درێژەی دەبێت. ئەم سەردەمە کە پتر لە دوو سەدە دەخایەنێت لە ڕاستیدا چەشنی پردێکە کەوا مێژووی ناوینی ئیسلامیی دەبەستێتەوە بە مێژووی نوێی ئێرانی پاش سەفەوییەوە.

بەردەوامیی دەسەڵاتی سەفەوی بە سەر ئێراندا بوو بە هۆی ئەوە کە ئێرانییەکان زاناڤێکی(شۆناس) نوێ بدۆزنەوە و وڵاتێکی سەربەخۆ بەدی بێنن کە سنوورەکانی جوگرافیای سیاسی ئەو وڵاتە هەتا ئەوڕۆکە کەم هەتا زۆرێ هەر ماوەتەوە.

مێژووی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە، پڕە لە هەوڵ و گێرەشێوێنی هۆز و خێڵەکان، هەروەها دەستەبەندی لەرزۆک و دوژمنکارانەی سیاسی کە هەر تاوێ بەرەی لایەنێکیان دەگرت. دەبێت «نوورەدین کەڵڕ ـ کەلهوڕ» بە یەکەمین کەسایەتی لە نێو هۆزی کەڵڕدا ئەژمار بکەین کە بە ڕوونی ناوونیشانی کەڵڕی هەبووە و لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی سەلجووقیدا ڕۆڵی گێڕاوە.[١]

١. موحەممەدی، ١٣٩٤: ١٠٩

کاربەدەستانی دیوان و دەربار بە زۆری لە خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بوون، بەڵام سەرهەڵدانی کەسانێکی کورد لە دیوان و دەرباری سەلجووقییەکاندا هێمای ئەوەیە کەوا کوردەکان لە پێکهاتە و هەیکەلی دەسەڵاتی سیاسیی سەلجووقیدا دەورێکی گرنگیان گێڕاوە و پێدەچێت خێڵە کوردەکان بە وەرگرتنی (ئەقتاع)[١] لە سەلجووقیەکان هەر لە ژێر فەرمانی سەرۆک و سەرکردە خۆماڵییەکانی خۆیاندا بوونە.

«کوندەری وەزیری توغرۆل بەگساڵی ٤٤٨ کۆچی مانگی بەسرە و ئەهواز و ناوچە دیوانییەکانی ئەویای لە بەرانبەر ٣٠٠٠٠٠ هەزار دینار وەک (ئەقتاع) بە هەزار ئەسپ کوڕی بانکیری کوردی دەبەخشێت».[٢]

خزمەتە سیاسییەکانی هەزارئەسپ کوڕی بانکیری کوردی کە هاوپەیمانی پێشووی حکوومەتی «ئالی بوویە» بوو بە زۆری سوڵتانە بەراییەکانی دەگرتەوە. زۆربەی کاتەکان تێکلداری نێوان توغرۆلی سەلجووقی و هەندێ لە دەسەڵاتدارەکانی سەربەخۆی هەرێمی بوو. پێشتر ساڵی «٤٤٨ ک.م» لە نێوان سوڵتان و نوورەدین کوڕی دبیسدا نێونجی کردبوو. چوونکا هەزارئەسپ لەگەڵ خۆشکی توغرۆلدا زەماوەندی کرد بە پلە و پایەیەکی بەرز گەیشت، بەڵام مەرگ لێی نەگەڕا و ساڵی «٤٦٥ ک.م» بە یەکجاری ژیانی بە جێهێشت».[٣]

«ڕاوەندی» لە پەرتووکی «راحة الصدور» لە بەشی مێژووی بنەماڵەی سەلجووقدا سەبارەت بە فەرمانڕەوایی نوورەدین کوڕی قورئانخوێنی کورد بە سەر هەمەداندا ئاوەها دەنووسێت: «کە هاتنە هەمەدان پاشای ئۆزبەک دەربازی نێو قەڵاکە بوو و لە چرکە ساتێکدا هەمەدانیان گرت و

١. بەشە زەویێ بوو کە لە سەردەمی سەفەویدا لە بری مووچە یان لێهاتوویی بە پیاوانی دەوڵەتی و لەشکرییان دەدا و ئەوانیش لە سەر ئەو زەوی و زارە بژێوی خۆیان دابین دەکرد.
٢. کلۆزنێر، ١٣٨٩: ٢٢
٣. هەمان سەرچاوە: ٢٢

کوڕی قورئانخوێنیان لە ئەسپ گلاند، ویستی هەڵبێت کوردێک ناسییەوە و سواری ئەسپەکەی خۆی کرد. ئەم ڕووداوە ڕێکەوتی سێشەممە نۆیەمی جەمادیۆلئاخری ساڵی «٣٩٧» بووە.[١]

لە پەرتووکی شەرەفنامەدا کە بە مێژووی کوردەکان ناوبانگی هەیە؛ هۆزی کەڵڕ لە سەردەمی سەفەویدا کراوە بە سێ بەشەوە:

١. فەرمانڕەواکانی کەڵڕی پاڵنگان (نزدیک کامیەران)

**٢.** فەرمانڕەواکانی کەڵڕی دەرەتەنگی سەرپێڵزەهاو

٣. لکی فەرمانڕەواکانی مایەشت(ماهیدەشت).[٢]

نووسەری شەرەفنامە میر شەرەفخانی بدلیسییە. یاریدەدەری شا تەهماسب بووە و دواتر شا ئیسماعیلی دووهەم دەیکات بە مەزنەمیرانی کوردان. نووسەر هەتا کاتی نووسینی کتێبەکەی «١٠٠٥ ک.م» دەسەڵاتی بدلیسی بە دەستەوە بووە.

لە پەرتووکی «تذکرةالملوک»ی میرزا سەمیعا کە لە نێوان ساڵەکانی «١١٣٧ هەتا ١١٤٢ ک.م» نووسراوە و ناوەرۆکەکەی لە سەر دایەرە و دیوانی دەسەڵاتی سەفەوییە؛ سەبارەت بە بەرنامە و مووچە و دەسکەوت و تێچووی فەرمانڕەوای کەڵڕ دەنووسێت: «دەسکەوتەکان سێ هەزار و سەد و هەشتا تمەن و دوو هەزار و پازدە دینار و هەزار کەس خزمەتکارە».[٣]

لەم پەرتووکەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هۆزی کەڵڕ ٥٠٠ کەس

١. ڕاوەندی، ١٣٨٦: ٣٨٩

**٢.** مایەشت بە واتای دەشتی مادە و ماهیدەشت وتنێکی هەڵەیە، چوونکە کەڵڕەکان وشەی «ماهی» بە «ماسی» گۆ دەکەن.

٣. سەمیعا، ١٣٦٨: ٨٤

«یەساقی» (هێزی خۆبەخش کە بە چەک و چۆڵی خۆیەوە خزمەت دەکات) ئامادەی خزمەت کردووە.[١]

مینۆرسکی لەو شیکاری و شرۆڤانەدا کە لە سەر پەرتووکی «تذکرةالملوک» دەینووسێت: باس لە نەبوونی ناوی کرماشان دەکات لەم کتێبەدا کە دەقی بەرباسی ئێمە ئەوە پیشان دەدات کە فەرمانڕەوای کەلْڕ لە دۆخێکی سەربەخۆدا بووە. کەلْڕ دەبوایە لە بازنەی ئیداری کرماشاندا بهاتبایە بەڵام بە گشتی ناوی هەرێمی کرماشان لە «تذکرةالملوک»دا نەهاتووە. بە گوێرەی پەیماننامەی «٩٩٩ ک.م/ ١٥٩٠ز» شا عەباسی یەکەم بەڵێنی دابوو هەرێمەکانی ڕۆژئاوای ئێران ڕادەستی عوسمانی بکات بەڵام پاش «١٠٢١ ک.م / ١٦١٢ ز» دیسانەوە دەسەڵاتی خۆی بە سەر ئەو ناوچانەدا سەپاندەوە. چوونکە کرماشان لە سەر ڕێگای هێرشی عوسمانییەکاندا بوو لە خشتەی بەشە ئیدارییەکاندا نەهاتووە بەس لە باکووری کرماشان باس لە میرنشینی ئەردەڵان و لە خوارتر باسی ئەو بەرزاییانە دەکات کە هۆزەکانی لوڕی تێدا نیشتەجێیە.[٢]

وڵاتی کوردانی کەلْڕ بە درێژایی مێژووی کرماشان بە هۆی ئەوەیکە لە سەر ڕێگا و دەروازەی ڕۆژئاوایی هاتنە ژوورەوە بووە بۆ بانەکانی ئێران، هەروەها نزدیک بوون بە تیسفوون پێتەختی ساسانییەکانەوە جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە و خەڵکەکەشی لە شەڕ و ئاژاوەی حکوومەتەکانی ئێران لەگەڵ دراوسێیەکانی ڕۆژئاواییدا وەک قەڵغانی پاراستنی دەوریان گێڕاوە.

بە گوێرەی ڕووداونامە نووسراوەکان هەر چەندە کرماشان لە کۆندا بە تایبەت لە سەردەمی ساسانیدا لە باری بنیاتنان و ئاوەدانییەوە خاوەن پێگە بووە بەڵام بە ڕووخانی دەسەڵاتی ساسانی گلۆڵەی ئەویش

---

١. هـ . س: ٩١
٢. سەمیعا، ١٣٦٨: ٢٠٤ — ٢٠٣

دەکەوێتە سەرەولێژی و ئەم تلۆر بوونەوە و دابەزینە جگە لە زاڵبوون و فەرمانڕەوایی زوڵفەقارخانی کەڵڕ بە سەر بەغدادا لە سەردەمی شا تەهماسب، ئیدی هەر درێژەی هەبووە. پاش زاڵبوونی هۆزی کەڵڕ بە سەر شاری بەغداد و هاتنی هۆزی بە ڕەچەڵەک کوردی زەنگەنە لە ناوچەی کرماشانەوە بۆ نێو بواری سیاسی و هەروەها پەرەستاندنی دەسەڵاتیان لە لای پاشاکانی سەفەوی کە بە پلەی گەورە ڕاوێژکاریی لە سەردەمی شا سلێمانی سەفەویدا گەیشتە لووتکەی پێشکەوتن و ڕۆڵی کوردەکانی کرماشان لە گەمەی سیاسی سەفەوییەکاندا زۆرتر بوویەوە. پاش مردنی ئیسماعیلی یەکەم و هاتنە سەرکاری شا تەهماسب، لە ڕاستیدا سەردەمی زاڵبوونی هۆزەکانی ژێر ڕکێفی قزڵباش دەستی پێکرد و شەڕی ناوخۆیی بێ ئامان کەوتە ڕێ کە زیانی زۆری بە وڵات گەیاند. چوونکە شا ئیسماعیل پێش مەرگی بە وەسیەتێ ڕایسپاردبوون کە گوێڕایەڵی دیو سوڵتانی ڕۆملوو بن ئەم بابەتە بەرهەڵستی ئۆستاجلووەکانی بە دواوە بوو بەڵام هاوپەیمانی لە مێژینەی تەکەلووەکان لەگەڵ ڕۆملووەکان بوو بە هۆی ئەوە کە بۆ پاڵپشتی لە هاوپەیمانەکەیان تەکەلووەکان بڕۆنە شەڕی ئۆستاجلووەکان. لەم کاتەدا شا تەهماسب تازە گەیشتبووە تەمەنی هەژدەساڵان، دەیویست خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست هەر بۆیە دەستی دایە کوشتن و بڕینی تەکەلووەکان و ئەم هەڵمەتەی پاشا گەنجەکە بوو بە هۆی وێران بوونی ئازەربایجان، تەورێز و هەروەها کەوتنی شاری بەغداد لە سەر دەستی عوسمانییەکان.

شاری بەغداد کە فەرمانڕەواییەکەی هەتا ساڵی «٩٣٥» لە ئەستۆی کوردانی کەڵڕدا بوو پاش ئەو هەڵمەتە نەگونجاوەی شا تەهماسب دژی تەکەلووەکان کەوتە دەستی سوپای عوسمانی و ئەم شارە بۆ ماوەی ٩٢ ساڵ لە «٩٤٠ هەتا ١٠٣٢ ک.م» لە دەستی عوسمانیدا مایەوە.

کەمتەرخەمی لە ئاست ئاوەدانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە تایبەت کرماشان، بە هۆی شەڕی درێژخایەنی ئێران و عوسمانی، هەروەها ڕەچاو

کردنی شێوازی خۆپارێزی و کوێرکردنەوەی سەرچاوەکان یان سیاسەتی شەڕی خاک و سووتمان وەهای کردبوو ڕۆژئاوای ئێران کە هەردەم لە هەلەقمەلەقی(هەڵلادۆشە) سیاسەتی نێوان عوسمانی و سەفەویدا دەستاودەست دەکرا ببێتە هۆکاری ئەوە ئێرانییەکان ئەم دەڤەر و ناوچانە کە ئەگەری هەبوو سوپای عوسمانی لێیەوە تێپەڕ بن بە ئەنقەست وێران بکەن هەتا دوژمن لە گەیاندنی پێداویستی بۆ هێزەکەی بەرەوڕووی کێشە ببێتەوە.

## ڕەچەڵەکنامەی کەڵڕەکان

میر شەرەفخانی بدلیسی کەڵڕەکان دەکات بە سێ لکەوە، بنەڕەتیان دەباتەوە سەر گوودەرزی کوڕی « گیو» لە ئوستوورە ئێرانییەکاندا. میر و مەزنانی کەڵڕ دەبن بە سێ بەشەوە و ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر گوودەرزی کوڕی گیو و گیویش لە سەردەمی پاشاکانی کەیانیدا میری شاری بابل بووە کە ئێستاکە بە کووفە ناوبانگی هەیە. لەم میرە کوڕێ بە نێوی «ڕۆهام» دەکەوێتەوە کە لە سەر فەرمانی بەهمەنی کەیانی لەشکری هەنارده سەر شام و قودس و میسر؛ گەلێک وێرانی و کوشتاری کرد... مێژوونووسان بە بوختۆنەسر ناوی دەهێنن. دەست ئاخری بوختۆنەسر لە سەر تەختی دەسەڵات دانیشت و لەو کاتەوە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لە دەستی بەچ و وەچەکانی ئەودایە.[١]

## بارودۆخی سیاسیی هۆزی کەڵڕ لە سەردەمی سەفەوییدا

بە گرتنی تەورێز لە بەهاری ساڵی «٩٠٧ ک.م» و تەختنشینی شا ئیسماعیل، بارودۆخی شپرز و شێواوی سیاسیی کە پاش مەرگی تەیمووری

١. بدلیسی، ١٣٧٣: ٤٠٨

لەنگ هاتبووە گۆڕێ سەقام و سامان درا و میرەکانی تەیمووری و ڕێچکە دەسەڵاتە بچووکەکانی دیکە بە خێرایی چوونە ژێر ڕکێفی شا ئیسماعیلەوە. پاشا لە ماوەی چەند ساڵدا لە داگیرکردنی ناوچەکانی دیکەی ئێراندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سەفەوی لە ئێراندا هاوکات بوو لەگەڵ داگیرکاری و دنیاگیری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا. بانگەشە و داوای دەوڵەتی عوسمانی سەبارەت بە سەرۆکایەتی دنیای ئیسلام و ستراتیژی ئەم حکوومەتە لەمەڕ وڵاتە ئیسلامییەکان لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە کرداری سەرکردەکانی سەفەوی بۆ بە فەرمی کردن و پەرە پێدانی ئایدۆلۆژیای شیعە و سەرۆکایەتی شیعەکانی هەموو دنیا ئاوری شەڕی لە نێوان ئەم دوو هێزەدا گەش کردەوە و بوو بە هۆی ئەوە لەو کاتە بەدواوە ئیدی شەڕ لە سنوورەکانی سەفەوی و عوسمانی دانەمرکێت.

لەم سەردەمەدا، هیچکام لە ژێدەرە مێژووییەکان ناوێ لە کرماشان ناهێنن و دەبێت گۆڕانکاری ئەم ناوچەیە بە گوێرەی جوگرافیای هۆزی کەڵر، بەدواداچوونی بۆ بکرێت، چوونکا لە سەرچاوەکانی ئەم ناوچەیەدا بە ناوی «ئولووسی کەڵر» (ئولووس واتە هۆز، ڕەعیەت و خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خان یان پاشا) باسی کراوە و هۆزی کەڵر بە پێی سەرچاوەکان لە ناوچەی کرماشان نیشتەجێ بوونە.[١]

«کڵاوس ڕڕبۆرن» نووسەری پەرتووکی «ڕێخستنی هەرێمەکان» لە سەردەمی سەفەویدا سەبارەت بە نەهاتنی ناوی کرماشان و جێگیربوونی نێوی میرنشینی کەڵر بە سەر ئەو ناوچەدا ئاوەها دەنووسێت:

«وڵاتێک لە نێوان هەرێمەکانی کوردستان، لۆڕستان و هەمەداندایە؛ کرماشانی ناوە و بە دەگمەن لە سەرچاوەکانی ئێمەدا ناوی دێتە گۆڕێ. لە سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتی تەهماسبی یەکەمەوە «٩٨٤

١. نووری، ١٣٨٨: ٤٠

– ٩٣٠ ک.م / ١٥٧٦ – ١٥٢٤ ز» ڕووداونامەکان بە گوێرەی دۆخ و کات سەبارەت بە میرەکانی کەڵڕ دەئاخڤن. هۆزەکانی کەڵڕ لە نێوان کرماشان و سنوورەکانی ئێراندا نیشتەجێ بوون. وا دیارە لە سەرەتاوە ئێران دەسەڵاتێکی چەندانی بە سەریانەوە نەبووە. وێڕای ڕووداوەکانی «٩٥٠ ک.م» سەرچاوەکان وەها دەڵێن کە دەستەیەک بۆ تەمێ کردنی ئەو هۆزانەی کەڵڕ کە هەمیشە یاخی بوون هەنێردران.[1]

ئێمە تەنیا لە سەردەمی شا ئیسماعیلی دووهەمدایە «٩٨٥ک.م/ ١٥٧٧ز» کە بە ڕاشکاوی لەگەڵ ناوی فەرمانڕەوای کرماشاندا بەرەوڕوو دەبینەوە. لەم بابەتە دانسقەدا وەک سەردەمەکانی دواتر، بە جێگەی نێوی کرماشان زۆرتر لە سونقور و دینەوەر کەڵک وەردەگرن. ڕەوەندەکانی کەڵڕ بە زۆرینە لە سەردەمی شا سەفییەوە «١٠٥٢ – ١٠٣٨ ک.م» کەوتنە ژێر دەسەڵات و چاوەدێری فەرمانڕەوای سونقور و کرماشانەوە هەروەها فەرمانڕەوای سونقور و کرماشان هەر لەو کاتەوە هەتا سەدەی «یازدەی ک.م» ڕێکەوتی سەدەی «حەڤدەی زایینی»، بە گشتی لە کەسانی هۆزی زەنگەنە بووە. پاش ئەوەی کە شێخ عەلیخانی زەنگەنە گەیشتە پلەی سەرۆک وەزیران، هەمیشە نوێنەرەکانی خۆی بەرەو میرنشینی کەڵڕ دەهەنارد.[2] بەڵام ئەم میرنشینە بە گوێرەی ڕا و بۆچوونی نووسەری «تذکرةالملوک» سەر لە ڕێی هیچ بیگلەربەگێ(مەزنەمیرنشینێ) نەبووە و خۆیشی میرنشینێکی گەورە نەبووە.

## ژینگەی کەڵڕەکان و ڕەچەڵەکناسی وشەی کوردستان

ژینگەی هۆزی کەڵڕ پێش سەفەوییەکانیش هەمان سنووری کوردنشینی چیاکان (بەشێ لە عێراقی عەرەب و عەجەم) بووە. بە گوێرەی پەرتووکی

١. ڕڕبۆرن، ١٣٨٣: ١١
٢. هـ . س: ١١

«نزهةالقلوب»ی حەمدوڵڵای مۆستەوفی سەدەی «٨ ک.م» کە لە سەر جوگرافیای ئێرانێ نووسراوە و یەکەمین جوگرافی‌ناسیشە کە ئێرانی کردووە بە نۆزدە هەرێمەوە.

مۆستەوفی پاژی دەیەمی کتێبەکەی تەرخان دەکات بە ناوچەی کوردستانەوە، بەڵام هێنانی ناوی کوردستان لەم کتێبەدا لەگەڵ دابەشکاری ئێستای جوگرافیای کوردستاندا یەک ناگرێت بەڵکوو بەشی ڕۆژئاوای ئێران و ئەو شار و گوندانە لە خۆ دەگرێت کە ئەمڕۆ لە نێوان پارێزگاکانی هەمەدان، لوڕستان و زۆرینەشیان لە پارێزگای کرماشاندایە. بە وتەی مۆستەوفی کوردستان شازدە ناوچە و دەڤەرە کە شارەکانی ئەلیشتەر، بەهار، هەمەدان، خفتیان، دەروەنی تاج خاتوون، دەروەنی زەنگی، دزبیل(دربیل)، کەنگاوەر، دینەوەر، هەرسین، شارەزوور، کرماشان و شارەدێیەکانی: ئالانی، سوڵتاناوا، چەمچەماڵ، وەستام، مایەشتی کرێند و خوەشان لەخۆ دەگرێت.

کوردستان شازدە ناوچەیە و سنوورەکانی دەگاتە هەرێمەکانی عێراقی عەرەب و خووزستانی عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و ئامەد (دیاربەکر). مووچە دیوانییەکەی لە سەردەمی شا سلێمانی ئەبووهـدا (سەدەی شەشەمی سەردەمی سەلجووقی) نزدیکەی دووسەد تمەنی ئەم سەردەمە (سەدەی هەشتەمی سەردەمی ئیلخانەکان) بووە.

**ئالانی** شاردێیەکە خۆش و سازگار بە چۆم و ڕۆباری پڕ ئاوەوە، بەرهەمی دانەوێڵەیە و لەوەڕگای بژوێن و نێچیرگەی زۆری هەیە.

**ئەلیشتەر** شارێکی مامناوەند و خاوێنە کە ئاتەشگای «ئەروەخشی» تێدا بووە.

**بەهار** قەڵایەکی قایم و پتەوە و لە سەردەمی شا سلێمانی سەلجووقیدا پێتەختی ئەو بووە.

**خفتیان** قەڵایەکی قایمە لە قەراخ چۆمی زابدا و چەند گوندەوار (دەورەدێ) لە دەوروپشتیدایە.

**دەروەنی تاج خاتوون** شارێکی مام ناوەندی خۆش و خاوێن بووە.

**دەروەنی زەنگی** شارێکی بچووکە بە هەوای خۆش و سازگارەوە کە ئاو و ڕۆباری زۆرە و شوێنێکی بژوێنە...

**دزبیل** شارێکی مامناوەندە بە ئاو و هەوای خۆش و سازگارەوە.

**دینەوەر** شارێکە لە هەرێمی (ئێقلیم) چوارەمدا... هەوای سازگارە و ئاوی زۆرە؛ بەرزاییەکانی دانەوێڵە و ڕەز و باخە و خەڵکەکەشی لە شوێنەکانی دیکە باشترن.

**سوڵتاناوایچەمچەماڵ** شارەدێیەکە لە هەرێمی چوارەم لە بناری بێستووندا کە ئوولجایتۆ کوڕی ئەرغوون خانی مەنگۆل بینای کرد و شوێنێکی زۆر خۆشە و بە زۆری بەرهەمەکەی دانەوێڵەیە.

**شارەزوور** لە هەرێمی چوارەمە... شاردێیەکانی لە سەرەتاوە بە «نیم ئەرادە»(؟) ناوبانگیان هەبوو یانێ نیوەی ڕێگای مەداین هەتا ئاتەشگای ئازەربایجان کە قوباد کوڕی فەیرۆزی ساسانی بنیاتی نابوو؛ لە «صوراالقالیم»دا شارەزووری پێ دەڵێن و فەرمانڕەواکانی هەمیشە کورد بوونە و هەرکەس بەهێز و زۆردارتر بوایە دەبوو بە دەسەڵاتداری ئەویا.

**کرماشان** لە سەرچاوەکاندا بە قورماسین نێوی هاتووە و لە هەرێمی چوارەمە. بارام کوڕی شاپووری زولئەکتافی ساسانی بنیاتی ناوە و قوبادی کوڕی فەیرۆز نۆژەنی کردۆتەوە و لەوێدا کۆشکێ ڕازاوەی بۆ خۆی بینا کرد و کوڕەکەشی نەوشیروانی دادگەر هەر لەوێدا کاخێکی ساز کرد سەد گەز لە سەد گەزدا و لە جێژنێکدا لە نێو ئەو شانشینە «فەغفووری چین و خاقانی تورک و ڕای هێند و قەیسەری ڕۆم» دەستیان ماچ کرد. شارێکی

مامناوەند بووە و هەیوانی شەودێز کە خوسرەوپەروێز بینای کرد لەو سنوورەدایە و لە دەوروبەریدا داری چاندووە و باخاتی لێ ڕواندووە بە ڕووبەری دوو فرسەخ لە دوو فرسەخدا کە هەندێک لە دارەکانی بەردارە و هەندێکی بێبەر کە لە هەموو میوەیەکی گەرمێن و کوێستانیی تێدایە، ئەوی دیکەشی لەوەڕگای بێسنوور و کەوشەنە کە پڕی کردووە لە ئاژەڵی کێوی هەتا زاوزێ بکەن و بەرەچە بخەنەوە.

**کرێند و خوەشان** دوو گوندن لە سەر گریوەی (مله) حەڵوان (سەرپێڵ زەهاو)؛ کرێند تەریک و بێ ڕەونەقە و خوەشانیش ئاوەدان و هەوا سازگارە بە ئاوی زۆرەوە کە لە چیاکانەوە چۆمەکان ئەبڕن و ئەدڕن هەتا ئەو باخ و بێستانە زۆرەی تێدا فەراهەم بکەن.

**کەنگاوەر** کە پێی دەڵێن قەڵای دزەکان (قصراللصوص)، خەڵکەکەی لە دزی و جەردەییدا بێ وێنە بوونە. خوسرەوپەروێز قەڵایەکی تێدا بینا کرد و بەردی قورسیان تێدا وەک تەژە (کۆڵەکە) وەرقلاند و داچەقاند.

**مایەشت** ناوچەیەکە کە نزدیکەی پەنجا گوندەواری هەیە و لە دەشتێکی کاکی بە کاکیدایە بە لەوەڕگای بژوێن و هەوای سازگارەوە کە لە چیاکانی نزدیکییەوە ئاوەکەی سەرچاوە دەگرێت (حەمدوڵڵا مۆستەوفی لە سەدەی هەشتەمدا بە درووستی درکاندن و دەربڕینی نێوی ئەم ناوچەیە کە ئێستا پێی دەڵێن «ماهیدەشت» تۆمار دەکات و دەینووسێت؛ خودی کوردە کەڵڕەکان کە هەنووکەش دانیشتووی ئەوێن لە زاراوەی کەڵڕیدا بە «مایەشت» واتە دەشتی ماد ناوی دەهێنن. هەر بۆیە بەشی یەکەمی تێکەڵەی ئەم ناوە ناکرێت «ماهی» بێت چوونکە کەڵڕەکان «ماهی» بە «ماسی» ئەدرکێنن).

**هەرسین** قەڵایەکە کەوا شارەدێیەک لە بناریدایە و هەوایەکی سازگاری هەیە بە ئاو و ڕۆباری زۆرەوە.

**وەستام** گوندێکی گەورەیە بەرانبەر بە هەیوانی شەودێز، بە هەوای سازگارەوە و ئاویشی لە چۆمی کەوڵکۆ (کولکۆ:؟) کە لە بێستوون و دەوروبەرییەوە سەرچاوە دەگرێت دابین دەبێت.[١]

«لێسترەنج» نووسەری پەرتووکی جوگرافیای مێژوویی وڵاتانی خەلافەتی ڕۆژهەڵاتیی سەبارەت بە کوردستان دەنووسێت: «ئەوەی کە سەبارەت بە مەڵبەندی کوردستان دەڵێن ئەمەیە کە لە نیوەی سەدەی شەشەمی کۆچیدا سوڵتان سەنجەری سەلجووقی بەشێک لە ڕۆژئاوای ناوچە چیاییەکان، واتە ئەوانەی کە سەر بە کرماشان بوون دائەبڕێت و ناوی کودستانی لێ دەنێت و سلێمان شای برازای کە بە «ئەبووهـ» ناوبانگی هەبوو بە فەرمانڕەوای دەکات.[٢]

سلێمان شا، شاری بەهار دەکات بە شانشینی خۆی و لە سەردەمی مەنگۆلەکانیشدا سوڵتان ئوولجایتۆ شانشینێکی دیکە لە چەمچەماڵ نزدیک لە بناری چیای بێستوون بینا دەکات. شەرەفەدین عەلی یەزدی لە جێگایەک کەوا باسی تێپەڕینی تەیموور لە کوردستانەوە دەکات بە زۆری ناوی چەمچەماڵ دەهێنێت. مۆستەوفیش باسی دوو شاری دیکە دەکات بە ناوی دەروەنی تاج خاتوون و دەروەنی زەنگی کە وەها دیارە ئاسەوارێ لەم دوو شارە لە نەخشەدا نەماوە و چوونکە دەروەن بە واتای ڕێڕەو و بواری کوێستانییە و شەرەفەدین عەلی یەزدیش شاری یەکەم وەک دەروەنی تاشی خاتوون ناو لێ دەبات وەها دەردەکەوێت کە ئەم دوو دەروەنە لە سنوورە ڕۆژئاواییەکانی کوردستان، لە نێوان شارەزوور و حەڵوان (سەرپێڵ زەهاو)دا بوونە لە نێوان ئەو چیا و شاخانەی کە دەیانڕوانی بە سەر دەشتەکانی دوواواندا (مێزۆپۆتامیا).

مۆستەوفی نێوی چەند شاری دیکە وەکوو ئالانی، خفتیان و دربیل

١. مۆستەوفی، ١٣٦٢: ١٠٩ — ١٠٧
٢. لێسترەنج، ١٣٦٧: ٢٠٨

(دزبیل) دەهێنێت بەڵام ئەمڕۆکە ناسینەوەی جێگاکانیان ئاسان نییە.[١]

پیترۆ دلاواله گەڕیدەیەکی ئیتالییە کە لە سەردەمی سەفەویدا گەشت بۆ ئێران دەکات. ئەو ساڵی «١٥٨٦ ز» لە شاری ڕۆم لە دایک دەبێت و ساڵی «١٦١٤ ز» گەشتی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێدەکات. سەردانی شارەکانی قوستەنتەنیە، ئاسیای بچووک، دیمەشق، حەلەب، میسر و بەغداد دەکات و پاشان ساڵی «١٦١٧ ز» بەرەو ئێران دێت و شەش ساڵ لە ئێراندا دەمێنێتەوە و پاش دوازدە ساڵ گەڕان و گەشتیاری بۆ ئیتالیا دەگەڕێتەوە.[٢]

پیترۆ دلاواله دوای ئەوەی لە چواری ژانڤیەی ساڵی «١٦١٧ ز» لە ڕێگای بەغداد، قەسرشیرین، کرێند و هاروناوا (ئیسلاماوای ڕۆژئاوا)، مایەشت، سەحنە و کەنگاوەرەوە تێدەپەڕێت، لە سنووری جوگرافیای ئێستای پارێزگای کرماشان وەک ولاتی کوردستان ناو دەهێنێت.[٣]

ئەم گەڕیدە ئیتالییە دەڤەرە کوردنشینەکانی پارێزگای کرماشان وەک ناوچەیەکی جوداکەرەوە دەزانێت کە سەرکردە کوردەکان بە پێی نزدیکی شوێنی خۆیان بە عوسمانییەکان یان سەفەوییەکانەوە دەسەڵاتی یەکیان قبووڵ دەکەن. کاتێ لە گوندی سەحنەوە تێدەپەڕێت پێی وەهایە کە لەوێدا وڵاتی کوردستان دوایی دێت و کەوشەنی ئێران دەست پێدەکات، گومان دەکات دوای کەنگاوەر پێی ناوەتە خاکی ئێرانەوە.[٤]

## پێشینەی مێژووی پێش سەفەوی

پێشینەی مێژووی پێش سەفەوییەکان لە عەردنگاری ناوچە کوردنشینەکانیشدا ڕەگ و ڕیشەی هەیە بە جۆرێک کە تەیمووری

١. هـ . س: ٢٠٩
٢. دانش پەژووهـ، ١٣٨٥: ١١٥
٣. دلاواله، ١٣٨٠: ٤٥٩ — ٤٥٨
٤. پارسادووست، ١٣٨٨: ٦٩٥

لەنگ لە پێناو ئەو خزمەتە لەشکەرییەی کەوا ئاققویونلووەکان (مەڕە سپیانی) لە شەڕی شام و ئەنقەرەدا «٨٠٣ - ٨٠٤ م» پێی دەکەن فەرمانی حکوومەتی ئامەدی (دیاربەکر) بە ناو «قەرایولووک عوسمان بەگەوە» دەرکرد.

قەراعوسمان کە بە بۆنەی دڵڕەقی و خوێنمژییەوە نازناوی قەرایولۆقی «زەرووی ڕەش» پێدرابوو، بۆ پاراستنی سەرۆکایەتی خۆی لە ناوچەی ئامەد (دیاربەکر) لەگەڵ تەیمووردا ڕێکەوت و پێڕای ئەو لە شەڕ لەگەڵ ئیلدرم بایەزیددا جەنگا. «قەراعوسمان/ عوسمانە ڕەش» کە لە سەر ئایینزای سونی بوو دوژمنایەتیێ تەواوی هەبوو لەگەڵ قەراقویونلووەکاندا (مەڕە ڕەشانی) کە لە سەر ڕێبازێکی توندی شیعەگەری بوون هەتا ئەوەی لەم ڕێگەشدا گیانی خۆی بەخت کرد (٨٣٨ م / ١٤٣٤ ز). لە نێو کوڕەکانی قەراعوسماندا یەکیان عەلی بەگ بوو کە ماوەیەک لە بەندیخانەی قەرایووسفدا مایەوە و کاتێ لە بەندیخانە دەربازی بوو کە شاڕۆخ هاتە سەر ئازەربایجان و بایسەنقور کوڕی شاڕۆخ درکەی بەندیخانەکەی لێکردەوە. جیهانگیر کوڕی عەلی بەگ بوو بە جێگرەوەی باوکی و شاری «ئامەد» یان «قەرەئامەد»ی لە دیاربەکردا خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.[١]

کاتێ کە جیهانگیر لە ڕەمەزانی ساڵی «٨٥٧ م» بۆ سەرکوتی شۆڕشی کوردەکان بەرەو دەڤەری مێردین بە ڕێ کەوت، یەکێک لە براکانی بە ناوی حەسەن بە جلی گۆڕدراو و خەڵک خڵەتێنەوە شاری «ئامەد» تەخت نشینی ئاق قویونلووەکانی داگیر کرد.

ئەم سەرکەوتنە کە ڕێکەوت بوو لەگەڵ ڕوودانی یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکارییە لەشکرییەکانی سیاسی دنیا واتە گرتنی قوستەنتەنیە (ئەستەمبووڵ) لە سەر دەستی سوڵتان «موحەممەدی فاتح» ساڵی «٨٥٧ م / ١٤٥٣ ز»؛ لە هەمان ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتیدا دەستی حەسەن بەگ

١. نەوایی، ١٣٧٧: ١١٣

وەک فەرمانڕەوای ئاق قویونلوو لە نێو گەمەی سیاسی ئەورووپییەکاندا دەکاتەوە چوونکە ئەورووپییەکان بە هۆی پێشکەوتنی عوسمانی لە ڕۆژئاوادا هاتنە سەر ئەوە لە بەرەی ڕۆژهەڵاتی عوسمانییەوە واتە ئێران هەرایەک بنێنەوە هەتا عوسمانی پێوە خەریک بکەن، بۆ ئەم مەبەستە چەندین باڵوێز و نوێنەریان هەناردە کن فەرمانڕەوای تورکمانەکان.[١]

حەسەن بەگ ئەو کەسەیە کە تورک و عەرەبەکان بە بۆنەی درێژی باڵایەوە پێیان دەگوت «حسن الطویل» یان « ئۆزۆن حەسەن» واتە حەسەنە درێژ. ئۆزۆن حەسەن هەر لە بەرێکەوە دەستی گرت بە سەر ناوچەکانی دەوروبەری دیاربەکردا. سەرەتا بەرەو بانەکانی ئەرمینیا ڕۆیشت و شاری ئەرزەنجانی داگیر کرد و نوێنەری براکەی خۆی لەوێ لە سەر کار لادا و ئەو سوپایە کە جەهانشا بۆ یارمەتی جیهانگیر و سەرکوتی ئەم هەناردبووی تێکی شکاند. پاشان قەڵای قایم و بەناوبانگی حەسەنکێفی لە قەراخی ڕۆباری دیجلە کە لە ژێردەستی میرات گرانی سەلاحەدینی ئەیووبی کورددا بوو داگیر کرد.

ساڵی «٨٧٢ ک» ئۆزۆن حەسەن بە ئاسانی سەرکەوت بە سەر جەهانشای قەراقویونلوودا و ساڵی دواتر «ئەبوو سەعید گوورکانی» بە مەبەستی دەست بە سەرا گرتنی میراتی قەراقویونلووەکان یان ئەو خاکەی کە خۆی پێی دەگوت وڵاتە میراتییەکان، بەرەو عێراق و ئازەربایجان هێرشی هێنا؛ بەڵام حەسەن لە ڕەخی ڕۆباری ئاراسدا تێک و پێکی شکاند و سوڵتانی تەیمووریی قۆڵبەست کرد و ئەسپاردییە دەست کوڕەکەی موحەممەد میرزا و ئەویش لە بری خوێنی دایەگەورەی خۆی واتە گەوهەرشاد خانم سەری پەڕاند. بەم جۆرە بە سووک و ئاسانی هەموو خاکی قەراقویونلووەکانی داگیر کرد و بەشێکی گرنگ لە خاکی تەیمووریەکانیش لە بەغدادەوە هەتا

١. حەسەنزادە، ١٣٩٢: ٩١

خوەراسـان و لـە ئازەربایجان هەتا کرمان کەوتە دەسـت ئۆزۆنحەسـەن.[١]

## هۆزە کوردە هاوپەیمانەکانی ئاققویونلووەکان

بە هەمان شێوە کە قەراقویونلووەکان لە نێو هۆزە کوردەکاندا هاوپەیمانیان هەبوو ئاققویونلووەکانیش سۆزی هەندێ لە خێڵە کوردەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو، کە بریتی بوون لە: قۆهوورلوو، لەک، ئانتێر، جۆلایر و جک. لە کتێبی «دیاربەکرییە»دا چەندین جار باسی هێرشی عوسمان بەگ دەکات بۆ سەر کوردەکان و ناچاریان دەکات بە پێدانی باج و خەراج. پاش عوسمان بەگیش ناوی زۆرێ لە میر و هۆزە کوردەکانی خزمەتکاری ئاققویونلوو لە سەرچاوەکانی ئەم سەردەمەدا بەرچاو دەکەوێت.[٢]

## ڕەچەڵەکنامەی سەفەوییەکان

سەبارەت بە بنەڕەتی عەرەبی، تورکی، کوردی و ئێرانی بوونی ماڵباتی سەفەوی لە نێوان توێژەراندا جیاوازی ڕا و بۆچوون هەیە. یەکەمین کەسی ئەم بنەماڵەیە کە زانیاری کەم لە سەری هەیە فەیرۆزشا کوڕی زەڕین کڵاوە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە ناوچەی «ئەردەوێل» ژیاوە. هەرچەندە لەم بەروارە، بە تایبەت لە کاتی لە دایکبوونی شێخ سەفیەدینی ئەردەوێلی «٦٥٠ م» و ژیانی ئەو بۆ سەدەی دەیەم نزدیک دەبینەوە واتە کاتی درووستبوونی دەوڵەتی سەفەوی، کەسانی بنەماڵەی سەفەوی ناسراوتر دەبن.

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە پیشانی دەدات کە ڕەنگە زێدی سەرەکی

١. نەوایی، ١٣٧٧: ١١٥
٢. میرجەعفەری، ١٣٩٣: ٢٨١

سەفەوییەکان چیاکانی شەنگال بێت لە باکووری عێراقدا(واتە هەرێمی باشووری کوردستان) و باوانیشیان ئەو کوردانە بن کە بەرەو ئازەربایجان کۆچیان کردووە.[١]

«ئەحمەدکەسرەوی» لە کتێبی «شێخ سەفی و ڕەچەڵەکیدا(تەبارەش)» بە گێڕانەوە لە پەرتووکی «صفوةالصفای» ئیبنی بەزاز سەبارەت بە فەیرۆزشای کوڕی زەڕینکڵاو وەک یەکێک لە باوانی شێخ سەفی ئاوەها دەنووسێت:

«چوونکە لە باسی ڕەچەڵەکدا باسی فەیرۆز کرا ژیاننامەی ئاوایە کە کاتێ لەشکری کورد لە سەر دەستی پاشایەک لە منداڵەکانی گەورەی ڕێبازەکە واتە ئیبراهیمی ئەدهەم (ڕێگای بەردەوام بێت) لە لای «شەنگالەوە-سەنجارەوە» ڕاپەڕین و تەواوی ئازەربایجانیان داگیر کرد». کەسرەوی پاش لێکدانەوە و تاوتوێی ڕەچەڵەک و بنەڕەتناسی شێخ سەفی لە ئاکام و ئەنجامەی باسەکەی خۆیدا دەڵێت: «بە کورتی ئەو شتەی ئێمە تێگەیشتین ئەوەیە کە باوانی شێخ سەفی لە کوردستانەوە لە دەڤەری شەنگالەوە هاتبوون و بەو جۆرەش کە نووسراوە وەها دیارە کە فەیرۆزشا، پیاوێکی ناودار و بەهێز بووە.[٢]

ئەو شتەی کە لەم شەجەرەنامەیدا ناڕوون دێتە بەرچاو وشەی «سەنجانە». لە قامووسەکاندا باسی سێ ناوچە کراوە کە نێویان سەنجانە: «ڕۆستاق خووی قوم»، «شارەدێی ناوەندیی سەر بە ڕەشخواری توربەت حەیدەریە» و «گوندێک لە سەر ڕێگای شەهرۆ». بەڵام هیچکام لەمانە لەگەڵ وشەی «الکردی»دا ناخوێنێت. ڕەنگە مەبەست لە «سەنجانی» هەمان «سەنجابی» بێت کە بەشێکە لە کرماشان و ناوی هۆزێکی کوردە لە پارێزگای کرماشاندا و لە دەستنووسەکەدا بە جێگۆڕکێی بە هەڵەی

١. نەوایی، ١٣٧٧: ١٤٢
٢ کەسرەوی، ١٣٧٩: ٦٩ — ٦٦

خاڵێک سەر و ژێر شێوە و مانای وشەکە گۆڕابێت. ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست دەربچێت، پێدەچێت لارکردنەوەی «سەنجاری» بە سەنجانی لە بژاردەی یەکەم بەهێزتر بێت، چوونکە سێنجار بە (ژێرەی سین) لە ناوچەی مووسڵ و دیاربەکردایە و ئەو شارە ئێستاکەش ناوەندی کوردەکانە.

لە زۆربەی توێژینەوەکاندا دەردەکەوێت کە شیخ سەفیەدین«٦٥٠ – ٧٣٥ ک» لە سەردەمی خۆیدا کەسێکی ناودار و جێگا متمانەی گەورەکانی وڵات و پیر و میری جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکانی کاتی خۆی بووە. ئەو کە سەری نابوو بە عیرفان و پارێزکارییەوە ڕێگای شیرازی گرتە بەر هەتا بگاتە خزمەت «غەیبەدین بۆزغووش»، بەڵام پێش ئەوەی ئەم بگات شێخ چاوی لە سەر دنیا دەبەستێت و باوەش بۆ مەرگ دەکاتەوە. ئیدی ناوونیشانی شێخ زاهیدی گیلانی دەدەنێ و ئەویش دەڕواتە خزمەتی شێخ و لێی نزدیک دەبێتەوە و پاش مەرگیشی سەرۆکایەتی ڕێبازی زاهیدیە لە ئەستۆ دەگرێت. ئەمە پلەیەکی مەعنەوی گرنگ بوو و هەر لەم پێگەوە بوو کە سەفەوییەکان لە ماوەی دوو سەدە بانگەشە و بانگهێشتی بە کۆمەڵی خەڵک، بە تایبەت تورکمانەکانی ڕۆژئاوای ئێران و ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتی، دەستەیەکیان پێکەوە نا کە دواتر زۆرینەی ئەمانە بوون بەگیان فیدای دەوڵەتی سەفەوی.[١]

پاش شێخ سەفیەدین، شێخ سەدرەدین مووسای کوڕی بوو بە جێگرەوەی و سەرکردایەتی ڕێگە و ڕێبازەکەی لە ئەستۆ گرت. بە پێی زێد و مەڵبەندی ڕێبازی سەفەوییەکان، ڕۆڵی ئەوان وەک ڕێشاندەر بۆ ڕەدووەکانی ڕێبازی سەفەوی بایەخدار بوو. هەتا ئەو کاتەی کە سەفەوییەکان لە بازنەی بەرتەسکی خانەقادا چالاکییان هەبوو دەسەڵات و سەرۆکایەتییان لە چاو سۆفییەکاندا بایەخی زۆری هەبوو بەڵام پاش گەیشتن بە تەختی پاشایەتی ئەم ڕۆڵەیان کاڵ بوویەوە و ئیدی کەڵکی

١. وەلایەتی، ١٣٩٠: ٩٥٤

ئەوتۆی بۆ حکوومەت بە سەر وڵاتێکی پان و بەرین وەک ئێراندا نەبوو. بە ناچاری سەفەوییەکان لە ڕۆڵی بچووک و سەرەتایی وەک ڕێشاندەری (مورشدی) ڕێبازی سەفەوی دوور کەوتنەوە و بە سەرکوت کردنی ویست و خواستی قزڵباشەکان، خۆیان بۆ گێڕانی دەوری نوێ واتە هەڵسوکەوتی پاشایانە ئامادە کرد.[١]

شێخ سەدرەدین پاش ماوەیەک بۆ زیارەت سەردانی کەعبەی کرد و دوای بە جێ هێنانی تەوافی ماڵی خودا گەڕایەوە بۆ زێدەکەی و سوڵتان خواجە عەلی کوڕیشی کرد بە جێگری خۆی.

شێخ خواجە عەلی ماوەی سی و شەش ساڵ هەتا کاتی هێرشی تەیمووری لەنگ بۆ سەر ئێران تاقمی سەفەوییەکانی سەرپەرشتی دەکرد؛ کوشت و بڕ و تاڵانی ئێرانییەکان لە سەر دەستی تەیموور بوو بە هۆی ئەوە کە جەماوەرێکی زۆر لە دەوری کۆ ببنەوە و ژمارەی ڕەدووەکانیان پەرە بستێنێ و چوون خودی شێخیش کەوتبووە بەر چاو و دڵی تەیموور ئیدی لە ڕەدووەکانی گەڕابوو هەتا سەربەستانە بژین و کار و باری خۆیان ڕایی بکەن.

تەیموور پاش شکست پێ هێنانی بایەزیدی یەکەم سوڵتانی عوسمانی، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ سەمەرقەند بە ئەردەوێڵدا تێپەڕی و لەگەڵ خواجە عەلیدا دیداری کرد و لە سەر داوای خواجە عەلی دیلە ڕۆمییەکان (عوسمانی) ئازاد کران. ئەم دیلانە لە ئەردەوێڵدا مانەوە و بە سۆفیەکانی ڕۆملوو ناوبانگیان دەرکرد.[٢]

دوای مردنی خواجە عەلی، شێخ ئیبراهیمی کوڕی ناسراو بە «شێخ شا» جێگەی باوکی گرتەوە. دوای شێخ شایش سوڵتان جۆنەید لە جێگەی ئەو دانیشت. لەم سەردەمەدا تاقمی سەفەوییە هێزی گەیشتە لووتکە

١. سفەتگۆل، ١٣٨٨: ٢٨
٢. نەوایی و غەفاری، ١٣٨٨: ٢٨

و توانی داوای خۆی لە سەر تاج و تەختی ئێران بە ڕاشکاوی دەربڕێت. لەوە بەدواوە بانگەشەی ئایینی کە بە شێوەی ئاشتیانە دەکرا جێگەی خۆی بە پڕوپاگەندەی سیاسی دا.

دوای مردنی شاڕۆخ میرزای تەیمووری ئێران تووشی کێشمەکێش و بشێوی بوویەوە. ئەم دۆخە دەستی شێخ جۆنەیدی ئاوەڵا کرد هەتا نەخشە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە. چوونکە خۆی و بنەماڵەکەشی لە خواپەرستی و پارێزکارییدا بەناویە بوون زۆرێک لە شوێنکەوتووانیان بەرەو ئەردەوێڵ هاتن و شێخ جۆنەیدیش توانی ئەم هەلە بقۆزێتەوە و لەم شارەدا بە قازانجی خۆی حکوومەتێک پێکەوە بنێت.

شێخ جۆنەید پاش ماوەیەک ڕۆیشتە کن ئۆزۆن حەسەن پاشای ئاققویونلوو لە دیا.ربەکر. ئۆزۆن حەسەن بە هۆی دوژمنایەتی لەگەڵ قەراقویونلووەکاندا بە گەرمی میوانداری کرد و خەدیجە بەیگۆمی خوشکیشی لێ مارە کرد.[1]

هاتنە نێو گەمەی سیاسی وە بێ بەربەرەکانێ و کەینوبەین کردن لەگەڵ حکوومەتەکانی ئەو کاتەدا ئاسان نەبوو، بۆیە قەراقویونلووەکان کەوا سەفەوییان بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەزانی بەرهەڵستیان وەستانەوە و لە بەرانبەریشدا ئاققویونلووەکان کە دژبەری قەراقویونلووەکان بوون و دەیانویست دژی دوژمنی خۆیان لە سەفەوییەکان کەڵک وەربگرن بوون بە داڵدە و پەنا بۆ سەفەوی؛ بەم جۆرە سەفەوی هاتە نێو هاوپەیمانیی و گەمەی سیاسییەوە.

شێخ حەیدەر ساڵی «٨٦٠ م» بوو بە جێگری جۆنەید، بەڵام بە مردنی ئۆزۆن حەسەن ئیدی پاڵپشتیی بنەماڵەی ئاققویونلوو لە سەفەوییەکان

---

١. ڕەحمانی، ١٣٩٢: ٢٤

کاڵ و کز بوویەوە. سوڵتان یاقووب کە لەساڵی «٨٨٣ ک.م» گەیشتە تەختی دەسەڵات، دۆستایەتیێ گەرم و گوڕی لەگەڵ حەیدەری میمکەزایدا نەبوو. لەو کاتەدا شوێنکەوتووانی حەیدەر بریتی بوون لە سۆفییەکانی ڕۆملوو (ئەو دیلە عوسمانییانە کە تەیموور لە سەر داوای خواجە عەلی ئازادی کردن و لە ئەردەوێڵ نیشتەجێ بوون)، هۆزی شاملوو (لە خەڵکانی شام یان سووریە) و خێڵی ئۆستاجلوو (پێدەچێت لە بنەڕەتدا خەڵکی زەنجان یان یەکێک لە لکە لاوەکییەکانی هۆزی شاملوو بوونە).[١]

شێخ حەیدەر ساڵی «٨٨٨ ک.م» بە لاسایی کردنەوەی باوکی بڕیاری غەزای «جیهاد» دژی چەرکەسەکانی داغستان دا و پاش هاوسۆزی فەرمانڕەوای شەروان، لەوێوە هەڵیکوتایە سەر داغستان. لەم شەڕەدا شێخ حەیدەر سەرکەوتنی بە دەست هێنا و سوڵتان یاقووبی ئاققویونلوویش لەو هێزەی شێخ حەیدەر هەستی بە مەترسی کرد و بانگی کرد بێتە تەورێزێ. لە ئاکامدا حەیدەر لە شەڕ لەگەڵ فەڕۆخ یەساری شەروانشادا کوژرا.[٢]

## شا ئیسماعیلی سەفەوی ٩٠٧ - ٩٣٠

مێژووی لە دایکبوونی شا ئیسماعیلی یەکەم وەک تاجداری یەکەمی حکوومەتی سەفەوی،«٢٥ ڕەجەبی ٨٩٢ ک.م» باس کراوە. ساڵێک دوای مردنی شێخ حەیدەر سۆفییەکانی سەفەوی لە ئەردەوێڵ کۆ بوونەوە و سوڵتان عەلی کوڕی گەورەی حەیدەریان وەک جێگر دەستنیشان کرد و لە ماوەیەکی کەمدا ڕەدووەکانی سەفەوی لە ئەردەوێڵ ڕووی لە زیاد بوون کرد.[٣]

١. نەوایی و غەفاری، ١٣٨٨: ٥١
٢. هـ . س، ١٣٨٨: ٥٢
٣. نەوایی و غەفاری فەرد، ١٣٨٨: ٥٣

لە ڕاستیدا فەرمانڕەوای ئازەربایجان، هەر لە سەردەمی شێخ جونەید بە دواوە، هەستی بە مەترسی هێزی سەیداکانی سەفەوی کردبوو کە تامەزرۆی دەسەڵاتن و لە هەر دەرفەتێک بۆ سەرکوت کردنیان کەڵکی وەردەگرت.

پاش مردنی شێخ حەیدەر، سوڵتان یاقووبی ئاققویونلوو کوڕەکانی حەیدەر واتە خوشکەزاکانی خۆی (سوڵتان عەلی، ئیبراهیم و ئیسماعیل) لەگەڵ دایکیان «حەلیمەبەیگی ئاغا» کە زڕخوشکی سوڵتان یاقووب بوو قۆڵبەست کرد و بۆ قەڵای ئیستەخر لە وڵاتی فارس دووری خستنەوە. ماوانەیەکی زۆر ئەم کوڕانە لە بەندیخانە مانەوە هەتا سوڵتان یاقووب مرد «٨٩٦ ک.م» و بایسەنقوری کوڕی بەرنگاری ڕاپەڕینەکەی ڕۆستەمی کوڕی مەقسوود بەگی کوڕی ئۆزۆن حەسەن بوویەوە و بە سەرشۆڕی و شکستەوە بەرەو لای فەڕۆخ یەسار هەڵات. ڕۆستەم بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی مەعنەوی شێخزادەکان و هەروەها بە مەبەستی بەکار هێنانی ڕەدووەکانی ماڵباتی شێخ سەفی، کوڕەکانی حەیدەری لە بەندیخانە ئازاد کرد و سوڵتان عەلی ڕاسپارد بۆ شەڕ لەگەڵ بایسەنقوردا و لەم شەڕەدا بایسەنقور دەکوژرێت، بەڵام هەر کە مەترسییەکە بەرجەستە بوویەوە ڕۆستەم ترسی مەتیزاکانی نیشتە دڵی و سوپایەکی لە بۆ سەرکوت کردنیان هەنارد. لەم شەڕەدا، سوڵتان عەلی کوڕە گەورەی حەیدەر دەکوژرێت و موریدەکانیی ئیسماعیل و ئیبراهیم دەشارنەوە؛ پاش ماوەیەک ئیبراهیم تاقیلەیەکی تورکمانی لە سەر دەکات و دەڕواتەوە بۆ لای دایکی، بەڵام ڕەدووەکان (موریدەکان) ئیسماعیل لە ئازەربایجان دەبەنە دەرێ و دەیگەیننە گیلان هەتا لە دەستی ڕۆستەم بەگ کە هیوایەتی کوشتنی ئیسماعیل بوو دەربازی بکەن.

ئیسماعیل لە پاش ماوەیەک مانەوە لە ڕەشت و لاهیجان، ساڵی «٩٠٦» لەگەڵ دەستەیەکی بچووکدا بە مەبەستی تۆڵە کردنەوەی خوێنی باوک و باوانی و هەروەها بە کردەوە کردنی نەخشە دەسەڵاتخوازانەکانی،

ئەسپی لێ زین کرد و بەو جۆرە کە لە پەرتووکە مێژووییەکاندا نووسراوە لە شەڕێکی سەختدا فەڕۆخ یەسار دەکوژێت و بە سەر ئەڵوەن میرزا (کوڕی یووسفی ئۆزۆن حەسەن) و موراد (کوڕی یاقووب کوڕی ئۆزۆن حەسەن) کە یەکەمیان لە ئازەربایجان و دووهەمیان لە فارسدا فەرمانڕەوا بوو سەرکەوت و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاققویونلووەکان هێنا و بنەڕەتی حکوومەتێکی دانا کە نزدیکەی دووسەد و سی ساڵ درێژەی هەبوو.[١]

## یەکەمین فەرمانڕەوای کەڵڕی لکی پاڵنگان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا

شا ئیسماعیل لە هەمبەر ئایین و مەزهەبدا سیاسەتێکی دژبەرانە و سەرکوتکارانەی هەبوو هەر بۆیە لەم سەردەمە لە دەسەڵاتی سەفەویدا زۆرێ لە هۆز و خێڵە کوردەکان سۆزیان بەرەو دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەڵام بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکانی وەک شەرفنامەی میر شەرەفخانی بدلیسی، کوردە کەڵڕەکانی نیشتەجێ لە قەڵای پاڵنگانی تەنیشت شاری کامیەرانی ئێستا لە هەمبەر شا ئیسماعیلدا گوێڕایەڵی و ملکەچییان نواند. نووسەری شەرەفنامە لە سەر میر و مەزنانی کەڵڕی لکی پاڵنگان باس لە فەرمانڕەوای کەڵڕ غەیبوڵڵا بەگ دەکات کە پاشایەتی شا ئیسماعیل بە فەرمی دەناسێت و بە قسەی دەکات: «لەم ڕێچکەیە چوار کەس لە سەر زار و زماندا بەناوبانگ بوون؛ یەکەم غەیبوڵڵا بەگ کە پیاوێکی زۆر گەورە و لە خوا ترس و پارێزکار بوو. هەر لە سەرەتاوە سەری ئەسپارد بە شا ئیسماعیل و دوای مردنیشی موحەممەدی کوڕی بوو بە جێگرەوەی و لە دیوانی شا تەهماسبەوە ئەو میراتەیان بڕی بە باڵای و ئیزنی شاهانەیان پێدا».[٢]

---

١. نەوایی، ١٣٧٧: ٧ — ١٤٦
٢. بدلیسی، ١٣٧٣: ٤٠٩

## چووهە سوڵتان و حکوومەتی کەڵڕ

لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا چووهە سوڵتانی تەکەلوو دەسەڵاتی کەڵڕەکان بە دەستەوە دەگرێت. ئەم کەسە کە لە لای شادا بە جووحی سوڵتان و لە کن قزڵباشەکان بە جووسە سوڵتان یان چووهە سوڵتان ناوی پێدرابوو ساڵی «٩١٩ ک.م / ١٥١٣ ز» لە وەرگرتنەوەی خوەراسان لە ژێر دەستی ئۆزبەکەکاندا بەشداری کرد و لە تەمێ کردنی دژبەرانی سەفەوی لە شاری بادەغەیسدا ڕۆڵی گێڕاوە. دوای ئەوەی حکوومەتی کەڵڕ و کوردستانی ئێرانی لە ئەستۆدا دەبێت نزدیکەی ساڵی «٩٢٤» لەگەڵ هێزێکدا بۆ یارمەتی دورمش خان، فەرمانڕەوای بەغداد کە ترسی لە هێرشی عوسمانی بوو و ئەو هێرشەش هەر نەکرا؛ بەرەو نێوچۆمان بەڕێ کەوت.[١]

چووهە سوڵتان ساڵی «٩٢٦ ک.م / ١٥٢١ ز» لەگەڵ سوپای عێراق و کوردستاندا شۆڕشی ئاغا موحەممەدی لە هەمبەر ئەمیر عەبدولکەریم لە مازەندەراندا سەرکوت کرد.

«هەر کە چۆنیەتی باسەکە گەیشتە گوێی خاوەنشکۆی بەخت بڵیند (شا ئیسماعیلی یەکەم)، فەرمانی چارەساز دەرکرا و چووهە سوڵتانی تەکەلوو لەگەڵ سوپای کوردستان و عێراق بە مەبەستی لچ و لێو کردنی ئەو بەڕێ کرا. چووهە سوڵتان بە سوپای دلێر و بوێرەوە لە ماوەی یەک حەوتەدا قەڵای کلیس و ئەولادی گرت و ئاغا موحەممەدی دیل و دەسگیر کرد و کۆتایی بە حوکمی هێنا و حکوومەت و هەرێمی مازەندەرانیش بۆ عەبدولکەریم مایەوە.[٢]

نووسەری پەرتووکی «روضةالصفویە» ماجەرای تەمێ کردنی ئاغاموحەممەد لە سەر دەستی چووهە سوڵتان دەگێڕێتەوە: «هەر

---

١. لوویی باکە گرامۆن و قۆرۆقلوو، ١٣٨٤: ٢٦
٢. والێ ئیسفەهانی، ١٣٧٢: ٢٨٢

کە پاشای بەهێز و توانا (شا ئیسماعیل) ئاگاداری هەڵاتنی ئەو (ئاغاموحەممەد) و دەرکەوتەکانی باسەکە بوویەوە جووجی سوڵتانی لەگەڵ سوپای عێراق و کوردستان هەنارد کە بە هەر جۆرێ کە دەکرێت ئاغاموحەممەد زنجیر و پاوان بکات و بینێرێتە خزمەتی».[١]

لە کارەکانی دیکەی چووهە سوڵتان کە لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا فەرمانڕەوای کەڵر و کوردستان بووە تەمێ کردنی دژبەرانی سەفەویە بوو لە شاری بادەغەیسدا: «چوونکە لەوێوە (بادەغەیس) هەواڵ هات کە خەڵکی ئەو وڵاتە بە تێخی ترس شکێنەوە کۆمەڵێ لە شەڕڤانانی دین(غازی) کە لە شەڕی نەجم بەگدا بە هەڕاکردن و هەڵاتن گەیشتبوونە ئەویا لە خوێن گەوزاند و زۆربەیانیان ئەشکەنجە دا؛ ئیزنی کوشتنیان ڕەوا کرا و بە فەرمانی گەورەی گازرشکێن، چووهە سوڵتان و یەکینەی لە شەڕڤانان، بۆ کوشتنی ئەو گێل و گەمژانە هەنێردران هەتا گەورە و گچکەیان و گەنج و پیریان بکوژن».[٢]

## کەڵڕەکان لە سەردەمی کوڕەکانی گوڵاوی بەگدا (ئەمیرخان، قایێتمەس و ئیبراهیم خان فەرمانڕەوای کەڵڕ)

ساڵی «٩١٣ ک.م» ئەمیرخان کوڕی گوڵاوی بەگ (برای قایێتمەس و ئیبراهیم خان کە دەبێتە فەرمانڕەوای کەڵڕەکانی بەغداد) لە دیاربەکرەوە دێتە دیوانی شا ئیسماعیل و دەکەوێتە بەر سۆز و بەزەیی شاهانەوە.[٣]

هەر لەم ساڵەدا شا ئیسماعیل لە دیاربەکرەوە بەرەو ئەخلات بەڕێ کەوت و لەوێدا شەرەفەدین بەگ فەرمانڕەوای بدلیس گوێڕایەڵی پیشاندا و شا ئیسماعیلیش بۆ تێپەڕاندنی زستان بۆ شاری خۆی گەڕایەوە.

١. جۆنابەدی، ١٣٧٨: ٣٢٠
٢. والێ ئیسفەهانی، ١٣٧٢: ٢٢٧
٣. تورکمان، ١٣٨٧: ٣٢

موحەممەدخانی ئۆستاجلوو فەرمانڕەوای نوێی دیاربەکر پێش ئەوەی باروبنەی پێچێتەوە بۆ بەڕێکردنی زستان؛ قایێتمەس برای ئەمیر بەگ قەڵای «قەراحەمیدی» داگیر کرد و بە دنەی ئەم پیاوە، کوردەکان دژی ئۆردووی قزڵباشەکان نارەزاییان دەربڕی و موحەممەد خانی ئۆستاجلوویش لەشکری بردە سەر وڵاتی کوردان (دیاربەکر) و سەرکەوتنی زۆری بە دەست هێنا. قایێتمەس هانای بردە لای «عەلائۆدەولەی زولقەدەر» و داوای یارمەتی لێکرد، ئەویش سارۆ قەپڵان و ئەردەوانەی کوڕی لەگەڵ دە هەزار کەسدا هەناردە فریای. موحەممەد خانی ئۆستاجلوو بە دوو هەزار شەڕڤانەوە لە هەمبەر ئەم لەشکرە زەبەلاحەدا پیاوانە بەوپەڕی بوێری و دلێرییەوە بەرخۆدانی کرد و دوای شەڕێکی عەگیدانە سەرکەوتنی بەدەست هێنا. سارۆ قەپڵان و ئەردەوانە دیل کران و خێرا سەریان پەڕاندن و قەڵای «قەرا حەمید» کەوتە دەست موحەممەدخانی ئۆستاجلوو و دوای ماوەیەکی کەم قایێتمەس بەگ و هاوەڵانی دیل کران و پاشان کوژران.

«عەلائۆدەولە» دواتر بۆ تۆڵە ستاندنەوەی خوێنی کوڕەکانی لەشکرێتری لەگەڵ دوو کوڕی دیکەیدا هەنارد. موحەممەدخانی ئۆستاجلوو بڕیاری دابوو بڕوات بۆ مێردین، لە قەراحەمیددا هەواڵی پێگەیشت لەشکری عەلائۆدەولە بەڕێوەیە. لە شەڕێکدا کە لە نێوان هەر دوو لایەن هاتە ئاراوە موحەممەدخانی ئۆستاجلوو شەڕەکەی بردەوە و زۆرێک لە شەڕکەرانی عەلائۆدەولە و هەردوو کوڕەکەیتریشی کوژران.[١]

---

١. نەوایی و غەفاری فەرد، ١٣٨٨: ٧٠

## نەریتی لە بەر کردنی بەرگینی ڕەش و لە مل کردنی پڵاسی ڕەش لە شینی مردووەکاندا

هەروەها کە وتمان عەلائۆدەولەی زۆلقەدەر دوای یەکەم شکستی لە هەمبەر موحەممەدخانی ئۆستاجلوودا، لە ماتەمی کوڕ و کەسەکانیدا بەرگینی (نەوگ / نەوو) ڕەشی لە بەر کرد. سەرکار و پاکارەکانیشی پڵاسی ڕەشیان لە مل کرد و شینێکیان گێڕا کە قەد ڕووی نەدابوو.[١]

حکوومەتی هەرات کە چەندین جار لە نێوان ئێران و ئۆزبەکدا دەستاودەست کرا لە لایەن شا ئیسماعیلی یەکەمەوە ساڵی «٩٢١ ک.م» درایە دەست تەهماسب(کوڕی شا ئیسماعیل) و ئەمیرخانی لەلەی و ئەم مژارەش هەتا ساڵی «٩٢٧ ک.م / ١٥٢١ ز» کە ئەمیرخان کەوتە بەر ڕق و قینی شا ئیسماعیلەوە هەر درێژەی هەبوو. لەگەڵ بوونی ئەمیرخان لە خوەراساندا، ئاماژە بە ڕۆڵی ئیبراهیم خانی برای کراوە لە پەرتووکە مێژووییەکاندا، کە فەرمانڕەوای کوردانی کەلڕ بووە.

نەخاسمە لە پەرتووکی «روضةالصفویه»دا میرزا بەگی جۆنابەدی سەبارت بە دۆخی ئەمیرخان کە ژێر و ویری کاروباری خوەراسان بووە، هەروەها ڕووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتیی ئاوەها دەنووسێت:

ئەمیرخان کوڕی گوڵاوی بەگە. گوڵاوی بەگ لە ڕیزی گەورە میرانی یاقووبی کوڕی حەسەن بەگ (ئۆزۆن حەسەنی ئاققویونلوو)دا لەوپەڕی ڕێز و گەورەییدا دەژیا....

---

١. تورکمان، ١٣٨٧: ٣٣

* لە مل کردنی پڵاسی ڕەش لە شین و ماتەم و پرسەدا هەتا ئەم ساڵانە لە نێو ڕەوەندەکانی کرماشاندا نەریتێکی باو بووە و نووسەر خۆی لە زاری بە ساڵاچووانی هۆزەوە بیستوویە کە لە کۆندا پارچەیەك پڵاسی ڕەشیان کە بە زۆری لە مووی بزن کرابوو یان بەشێك لە تەختەی دەواریان (ڕەشماڵ) لە پرسە و سەرخۆشیدا بە نیشانەی ماتەمینی لە مل دەکرد و بۆ سەرخۆشی کردن دەچوونە ماڵ خاوەن پرسە.

ئەمیرخان پلەی لەلەیی (هەمەکارەی شازادە منداڵەکان) شازادەی بەرزە بەختی خاوەن تەخت، تەهماسب میرزا و مەزنەمیرانی خوەراسانی پێ خەڵات کرا.[١]

لە کاتی دەسەڵاتی ئەمیرخان بە سەر خوەراسان بە تایبەت هەراتدا دەرکەوتنی ئیبراهیم خان زۆر بەرچاوە، نەخاسمە کاتێکە هەواڵ بە ئەمیرخان دەگات کە موحەممەدزەمان نەدیدەی سوڵتان حوسێنی بایقەرا دەستی داوەتە تاڵان و بڕۆی ماڵ و مڵکی خەڵکی هەرات؛ دەستبەجێ ئەمیرخان فەرمان بە ئیبراهیم خانی برای دەکات کە بڕواتە سەر موحەممەدزەمان لە «مەرغزاری عەلەمدار» لە هەرێمی چەقچەران و سەرکەوتی بکات.

ئەم وتەیە بیر و مێشکی ئەمیرخانی مەزنی شڵەژاند و هانی دا؛ بلەز فەرمانی دەرکرد دەستەبرای خۆشی و شایی، ئیبراهیم سوڵتان بێتە خزمەتی و فەرمووی ئەحمەد سوڵتانی ئەفشار و میر موحەممەد کوڕی یووسف بە لەشکرێکی گرانەوە بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتوون، تەواو هەوڵی خۆتان بخەنە گەڕ هەتا شەڕی ئەو تاقمە شەڕەنگێزە کەم بکەنەوە.[٢]

ئیبراهیم سوڵتان کاتێ هەرێمی غۆرجستان و چەقچەرانی لە ژێر دەستی موحەممەدزەمان دەرهێنا کۆمەڵێ لە خەڵکی متمانە پێکراوی کردە بەرپرسی پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانە.[٣]

لە پەرتووکی «خۆلدی بەرین»دا سەبارەت بە بەڕێوەبردنی شاری هەرات لە سەر دەستی ئەمیر خان(برای ئیبراهیم خانی کوڕی گوڵاوی بەگ فەرمانڕەوای کەڵڕەکانی بەغداد) و هێرشی عوبەیدوڵڵا خانی ئۆزبەک بۆ سەر هەرات و شکست و هەڵاتنیان لە بەر هێزەکانی

---

١. جۆنابەدی، ١٣٧٨: ٣٢٢
٢. هـ . س: ٣٢٣
٣. هـ . س: ٣٢٦

ئەمیرخان ئاوەها نووسراوە:

ڕۆژی پێنجشەممە شازدەی جەمادیۆلئاخری ساڵی «٩٢٧» هەواڵی شەڕ و شوومی هاتنی لەشکری ئۆزبەک بە ئەمیرخان فەرمانڕەوای هەرات گەیشت.[١]

لە ئاکامدا ساڵی «٩٢٧ ک.م / ١٥٢١ ز» شا ئیسماعیل دڵی لە ئەمیرخان دەگۆڕێ و ڕقی لێ هەڵدەگرێت و ئەمیرخان و تەهماسب بۆ تەورێز بانگ دەکات. ئیبراهیم خان پێشتر گەڕابوویەوە و گەیشتبوو بە پلەی داغمەداری (مۆرهەڵگری «مۆردار» پاشا).

نووسەری پەرتووکی«روضةالصفویه»، هۆکارەکانی ڕق لێ هەڵگرتنی شا ئیسماعیل لە ئەمیرخان ئاوەها باس دەکات:

«سەرەتا ئەوەیکە عوبەید خانی ئۆزبەک بە لەشکرێکی گرانەوە هەڵیکوتاوەتە سەر شانشینی هەرات و موسڵمانەکانی ئازار داوە... هەروەها ئەمیر غیاسەدین موحەممەد کوڕی یووسف تاوانبار کراوە بە لایەنگری لە «ظهیرالسلطنه»ی بابر و بە فەرمانی ئەمیرخان کوژراوە».[٢]

## ملکەچ کردنی هۆزە کوردەکان لە لایەن سوڵتان سەلیمی عوسمانییەوە

لە پێوەندی دووقۆڵی نێوان ئێران و عوسمانی لە سەردەمی شا ئیسماعیل و سوڵتان سەلیمی یەکەمدا، سوڵتانی عوسمانی بۆ ئاگاداری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و توانا سەربازییەکانی هێزی قزڵباشی شا ئیسماعیل، ساڵی «٩١٨» نوێنەرێ بە ناوی «عزەت چاپین» دەنێرێتە

١. والیێ ئیسفەهانی، ١٣٧٢: ٢٧٩
٢. جۆنابەدی، ١٣٧٨: ٣٤١

تەورێز و بە نوێنەرەکەیدا چەندین نامە بۆ سەرۆک هۆزە کوردەکانی پاڵپشتی عوسمانی دەنێرێت و داوایان لێ دەکات دژی سەفەوی پاڵ بدەن بە عوسمانییەوە.[١]

## شا تەهماسبی سەفەوی زاوای کەڵڕەکان

میر شەرفخانی بدلیسی نووسەری پەرتووکی شەرەفنامە کە لە هەڤاڵانی شا تەهماسبی سەفەوی بووە سەبارەت بە نێو هێنانی میرە کەڵڕەکانی لکی پاڵنگان و باس کردنی موحەممەد کوڕی غەیبوڵڵا بەگی کەڵڕ و زەماوەندی شا تەهماسب لەگەڵ کچی ئەم میرەدا دەڵێت:

«موحەممەد کوڕی غەیبوڵڵا بەگ بوو بە جێگرەوەی باوکی و میراتی باوانی لە دیوانی شا تەهماسبەوە بە خەڵاتی کرا. ئەو پیاوێکی گەورە و دادگەر و خاوەن ویژدان بوو، ڕێزی لە زانا و گەورەکان دەگرت، قوتابخانە و مزگەوتی لە پاڵنگاندا بینا کرد. شا تەهماسب کچەکەی مارە کرد و ئەم خزمایەتییەی لەگەڵ پاشادا لەبەرتری کرد».[٢]

## ڕۆڵی چووهە سوڵتان و زوڵفەقار خان وەک فەرمانڕەواکانی کەڵڕ لە سەردەمی شا تەهماسبدا

هەروەها کە گوترا چەند ساڵی سەرەتای پاشایەتی شا تەهماسب، لە ژێر کاریگەری شەڕە ناوخۆییەکانی قزڵباشەکاندا بوو. هەر لە سەرەتاوە شا تەهماسب پلەی گەورە ڕاوێژکاریی (وکالت: پلەیەکی حکوومەتی بووە لە سەردەمی سەفەویدا. ڕاوێژکاری، جێگری پاشا) دەدات بە

١. نەوایی، ١٣٦٨: ١٦٦
٢. بدلیسی، ١٣٧٣: ٤٠٩

سوڵتانی ڕۆملوو و ئەم کارەش دژایەتی «کەپەک سوڵتانی» ئۆستاجلوو دژی دیو سوڵتانی لە دوا بوو کە ئەویش بە دوای پلەی ڕاوێژکارییەوە بوو؛ هەر ئەمە ئاوری شەڕی لە نێو قزڵباشەکاندا هەڵگیرساند. لەم شەڕە خێڵەکییەدا بوو کە دیو سوڵتانی ڕۆملوو هەستا بە یارگیری و هاوەڵ کۆکردنەوە بۆ بەرنگاری «کەپەک سوڵتانی» ئۆستاجلوو و وێڕای شاردنەوەی مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی لە ژێر ناوی کۆکردنەوەی لەشکر بۆ شەڕی ئۆزبەکەکان، داوا لە فەرمانڕەواکانی ڕۆژئاوای ئێران بە تایبەت چووهە سوڵتان میری هۆزی کەڵڕ دەکات و ئەویش لەشکرێک دەنێرێتە هانایەوە».

«والیێ ئێسفەهانی» نووسەری پەرتووکی «خۆلدی بەرین» سەبارەت بە ڕووداوەکانی «٩٣١» لە مەڕ ناکۆکی دەربارەی ڕاوێژکاریی پاشا گەنجەکەی سەفەوی دەنووسێت:

«لە دووهەم ساڵی تەختنشینی خاوەن بەخت و تەخت (شاتەهماسب) ڕێکەوتی ساڵ «٩٣١» بوو کە لە سەر پلەی ڕاوێژکار ناکۆکی کەوتە نێوان دیو سوڵتانی ڕۆملوو و کەپەک سوڵتانی ئۆستاجلووە... دیو سوڵتان لەو کاتەدا لە چەخورسەعد(یێریڤانی ئەرمینیا)دا بوو؛ بە بیانووی ڕاوەدوونانی تاقمی بێ ئاکام و ئەنجامی ئۆزبەکەوە بەرەو هەواری «لار» خۆی لار کردەوە و دوای گەیشتن بە ئەو شوێنە درگای بۆ پێوەندی لەگەڵ چووهە سوڵتان میری کەڵڕ، عەلی سوڵتانی زولقەدەر فەرمانڕەوای شیراز، قەراجە سوڵتانی تەکەلوو خاوەن فەرمان و وەرزێڕی(تیوڵدار) هەمەدان و میر و مەزنانی دیکەدا کردەوە».[1]

باسی ئەم ڕووداوە لە ساڵی دووهەمی پاشایەتی شا تەهماسبدا ئەوە پیشان دەدات کە چووهە سوڵتان هەر لە سەردەمی شا ئیسماعیلەوە هەتا دەسەڵات وەرگرتنی شا تەهماسب هەر میری هۆزی کەڵڕ بووە.

---

١. والیێ ئیسفەهانی، ١٣٧٢: ٣٣٢

ژێدەرە مێژووییەکان لەم بەروارەوە هەتا ساڵی «٩٣٥ ک.م» کە زوڵفەقار خان بە سەر شاری بەغدادا فەرمانڕەوایی دەکات زانیاری زۆر ناخەنە بەردەست.

## فەرمانڕەوایی زوڵفەقارخانی کەڵڕ بە سەر بەغدادا

نووسەری کتێبی «خۆلدی بەرین» سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵی «٩٣٥» دەنووسێت: شۆڕشی بەغداد و کوشتنی ئیبراهیم خان دەسەڵاتداری ئەو شارە، هەمووی لە ژێر سەری برازاکەی خۆی واتە زوڵفەقاری نابەکاردا بوو. باسەکە ئەوەیە لەو سەردەمەدا کە ئاوری سەرکێشی و یاخی بوونی «عوبەید» خانی ئۆزبەک لە هەرێمی خوەراساندا گڕی ئاسمانی دەپێکا و هەموو ڕۆژێ ناوبانگی هێز و دەسەڵاتی دەگەیشتە درکە و دیوانی پاشا و بەردەوام دەبوو بە هۆی زیز و زویری شای شانشین‌گیر و گەورەی بە فەڕ و ژیر؛ ئەوە بوو بڕیاریدا خێرا بە زەبری تێخی زوڵفەقار، تانێ باش خانی ئۆزبەک تۆزتەکێن بکەن و وانەیەکی بدەن پشتی لە زکی نەرمتر ببێت. لەم سەروبەندەدا هەواڵ گەیشتە گوێی خاوەن‌شکۆ کە زوڵفەقار کوڕی «نخود سوڵتان»[1] کەوا کێچی حکوومەتی کەڵڕ کەوتبووە کەوڵی وە بێ

١. لەپەراوێزی لاپەڕەی ٤١٨ شەرەفنامەدا نێوی نخود سوڵتان بە ئەخوەت سوڵتان هاتووە و دەڵێت: زوڵفەقار کوڕی ئەخوەت سوڵتان سەرۆکی هۆزی مووسڵووی کەڵڕ و میری هێندێ لە لوڕستانیش بووە. دژی برایم خانی مامی ڕاپەڕی کە لە بۆ شا تۆماسب بە سەر بەغدادا ڕادەگەیشت و کوشتی و لە جێی دانیشت و زۆربەی شارەکانی عێراقی خستە دەست خۆی و ئەوسا لە ترسی سەفەویان دەگەڵ عوسمانیدا خۆی ڕێك خست و دەگەڵ سلێمانی قانوونیدا باڵوێزیان ئاڵوگۆڕ کرد. تۆماسب ساڵی (٩٣٦ ك / ١٥٢٩ ز) یان (٩٤٠ ك / ١٥٢٣ ز) لەشکری هێنا سەر و دەوری بەغدای تەنی و زوڵفەقار خان زۆر ئازایانە بەرنگاری بوو، نەیهێشت زەفەریپێ بەرێ. شا کە زانی لە مەیدان چی بۆ ناکرێ کەوتە گزی و بە دزی عەلی بەگ و ئەحمەد بەگی برای فریو دا و ئەوان بۆیان کوشت.(شەرەفنامە، وەرگێڕانی

ڕق و قینی لە مێژینە تەنیا لە ڕووی گێلی و گەمژەییەوە، لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی پێخواس و ئاست نزمدا دایانداوە بە سەر ئیبراهیم خانی مامۆی فەرمانڕەوای «دارالسلام» کە لە هەواری مایەشت لە پشوودا بووە. پێش هاتنی ئەو دۆڕاوە خزمەتکارەکانی ئیبراهیم خان پێیان ڕاگەیاندبوو کە زۆڵفەقار بە لەشکرێکی گرانەوە وەک با و بۆران هەڵیکردووە لە ڕەگت دەرێنێ، بەڵام ئەو بایەخی بەم وتانە نەدا و پێی وەها بوو تامەزرۆیی دیدار وەهای کردووە کە برازا بێتە دیداری مامۆی بەڕێزی!

هەر بۆیە خوانێکی زەنگین و ڕەنگینی ڕێخست و لەگەڵ پێنج شەش کەس لە هاوەڵ و هاونشینانی خۆی لە دیوەخاندا بە خاترجەمی و ئاسوودەیی دانیشت، کاتێ زانی کە زوڵفەقاری نابەکار و ناماقووڵ بە دووسەد سوارەی چەتە وتەریدەوە ئۆردووەکەی پەرتەوازە کردووە و بە شمشێری ڕووت و بێ کێلانەوە هاتۆتە بەردەم درکە و دیوانی؛ هەر کە زانی کار لە کار ترازاوە و هەویری بەختی لە بەر خۆری ئاوابووندا دازاوە شوێنی نەدیتەوە بێترس‌تر لە باوەشی ژنانی حەرەم بۆیە خاتوونەکانی حەرەمسەرای لێ بوو بە خاوەنی بەخشش و کەرەم، بەڵام ئەو خوێنڕێژە زەروو ڕەنگە پێشێلی کرد چی یاسا و ڕێسای جەنگە، لە ئەسپ دابەزی و خێرا تێخی لە گورێسی چیخ و چادر بەرازە کێشا و خێوەتی دارماند بە سەر ئاپی خۆیدا، ئینجا بزیسکەی شیر و تیری ئەم نارەسەنە کەوتە خەرمانی خان و پێنج شەش کەس لە هەڤاڵانی و ئاگری مەرگ گیای تەمەنیانی هەڵپڕووزاند. خزمەتکارەکانی دیکەی خان کاتێ ئەو دۆخەیان بینی گەڕیان خستە پێش شەڕ و پاڵیان دایە زوڵفەقاری ناماقووڵەوە، هاوکات «سەید بەیکی کەموونە» بە چوارسەد ڕمدار و ڕمهاوێژی عەرەبەوە لە ڕێگاوە گەیشت و لە سەر ناچاری خۆی پێچا بە سوپای زوڵفەقارەوە؛ ئەو خوێنمژەش بێ بەزەییانە زۆرێ لە لەشکرەکەی

---

مامۆستا هەژار، چاپی هەشتەم، پەخشانگای پانیز، ١٣٩٣) ☜ (زیادکراوی وەرگێڕ).

خۆی بە شمشێر چوار شەقە کرد و ئەنجن ئەنجنی کردن و هەر لەوێوە هاتە دەروازەی بەغداد و دوای گەمارۆدان شارەکەی گرت و پاش گرتنی «دارالسلام» هەموو خزم و کەسەکەی خۆی کوشت و بوو بە فەرمانڕەوای عێراقی عەرەب.[١]

میرزا موحەممەد تاهێر وەحید قەزوێنی لە پەرتووکی «جەهان ئارای عەباسیدا» سەبارەت بە جموجووڵی شا تەهماسب بەرەو بەغداد و سەرکوتی شۆڕشی زوڵفەقار خانی کەڵڕ ئاوەها دەنووسێت:

«زوڵفەقار سوڵتان برازای ئیبراهیم سوڵتان کە فەرمانڕەوای کەڵڕ بوو بە فڕ و فێڵ ئیبراهیم خان دەکوژێت، بەغداد و دەوروبەری دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. پاشای جێگا بەهەشتی بە مەبەستی وەرگرتنەوەی ئەویا چیای بڕی و گەیشتە دەشتی، بەغدادی دایە ژێر گەمارۆ و ئابلۆقە، لە زوڵفەقار هەستا شەڕ و تەقە؛ لە چاو ترووکانێکدا براکانی سەری ئەو بەدفەڕەیان پەڕاند و خستیانە ژێر پێی خاوەنشکۆ و دەسەڵاتی بەغدادیش لە سای گەمژەیی زوڵفەقارەوە کرا بە خەڵاتی موحەممەدخان شەرەفەدین ئۆغڵی».[٢]

عەبدولڕەزا هووشەنگ مەهدەوی لە پەرتووکی «مێژووی پێوەندییە دەرەکییەکان لە فەرمانڕەوایی زوڵفەقارخانی کەڵڕ بە سەر بەغداد لە سەردەمی شا تەهماسبدا» دەنووسێت: شا تەهماسب کوڕی شا ئیسماعیل دووهەمین پاشای سەفەوی ساڵی «١٥٣٠ ز» هێرشی کردە سەر بەغداد هەتا ئەو شارە لە ڕکێفی زوڵفەقارخانی کەڵڕ دەربهێنێت کە دوای داگیر کردنی مێزۆپۆتامیا لە پەنای سوڵتان سلێمان جێگرەوەی سوڵتان سەلیم خۆی داڵدە دابوو.[٣]

---

١. والیێ ئیسفەهانی، ١٣٧٢: ٣٥١
٢. وەحید قەزوێنی، ١٣٨٣: ٦٢
٣. مەهدەوی، ١٣٩٢: ٢٨

شا تەهماسب لە شەڕی جامدا لە هەمبەر ئۆزبەکەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو کە پاشەکشەیان پێ بکات و هەندێ ئاسوودە ببێ لە هێرش و هەڕەشەیان، دەرفەتی بۆ ڕەخسا هەتا سەرکێشیێ بکات بە سەر بارودۆخی ناوچەکانی دیکەدا و هەر لەم ڕاستەیەشدا بڕیاریدا هەتا شۆڕشی زوڵفەقار خان سەرکوت بکات.

لەشکری شا تەهماسب بەغدادیان گەمارۆ دا و لە ئاکامدا یاخی بوونی زوڵفەقارخان کە هەتا ڕادەیەکیش بە هۆی نەبوونی هێزەوە بوو لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران و هەروەها خەریک بوونی شا تەهماسب بە ئاریشەی ئۆزبەکەوە بەم شێوازە کۆتایی پێ هات.[1]

ڕەوتی نافەرمانی و کێشە درووست کردنی میرەکانی کەڵر و خەڵکانی ئەم هۆزە لە سەردەمی شا تەهماسبدا هەر درێژەی هەبوو. زۆر بوونی ئەم گێرە و کێشانە لە گێڕانەوەکانی مێژوونووسەکاندا بەرچاو دەکەوێت. «عەبدی بەگی شیرازی» لە شرۆڤە و شیکاری خۆیدا لە سەر هۆزی کەڵر دەنووسێت: «هەموو جۆرە گیروگرفتێ لە لایەن ئەمانەوە بۆ دین و دەوڵەت درووست دەبێت و زیانی پێدەگات».[2]

ساڵی «٩٥٠ ک.م» کاتێ شا تەهماسب لە هەوارەکانی دەوروبەری نەهاوەند و هەمەداندا بنەی خستبوو فەرمان بە شا قولی سوڵتان و عەبدوڵڵا خانی ئۆستاجلوو دەکات بۆ ڕێکخستن و تەکووزی پێدان بە هۆزی کەڵر بە لەشکرێکی گرانەوە هەڵکوتنە سەر هەرێمی کەڵرنشین. «میرزا بەگی جۆنابەدی» لە پەرتووکی «روضة‌الصفویه»دا سەبارەت بەم بابەتە دەنووسێت:

«چوونکە دیسانەوە هەواڵی سەرکێشی و سەرەڕۆیی لە لایەن میر و مەزنانی کەڵرەوە گەیشتە خزمەتی پاشا و ئیدی ئەمجارە نەدەکرا لە

---

١. نووری، ١٣٨٨: ٤٢
٢. شیرازی، ١٣٦٩: ٩٢

هەڵەیان چاوپۆشی بکات، بە ناچاری عەبدوڵڵا خان ئۆستاجلوو و شاقولی سوڵتان لەگەڵ هەندێ لە گەورەکان و فەرماندەی سوارە چەکدارەکان دەنێرێتە سەر نشینگە و لەوەڕگەی ئەم هۆزە و لە هەوارەکانیاندا باروبنە دەخەن. ڕاسپاردەکان گوێ بە فەرمانی شا تەهماسب بەرەو ئەو ناوچەیە ڕۆیشتن و بە تەقە و تۆپ ئاوریان لە شەڕ و شۆڕی ئەو کۆمەڵە خەڵکە بەردا و زۆرێکیان لێ کوشتن و هەندێ دیل و دەسکەوتیان وێڕای سەری پەڕێنراوی دژبەران کردە دیاری و گەیاندیانە دیوانی خاوەنشکۆ».[١]

لێکدانەوە و تاوتوێی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هۆزی کەڵڕ (ئۆلووسی کەڵڕ) کە لە سەردەمی شا تەهماسبی سەفەوییەوە ئەم چەمکە (ئۆلووسی کەڵڕ) بوو بە جێگرەوەی کرماشان، پیشاندەری ئەوەیە کە ئەم هۆزە گەورەیەی کورد لە ماوەی پەنجا ساڵدا بە هۆی خەریک بوونی شا تەهماسب بە کێشەی ئۆزبەکەکانەوە لە ڕۆژهەڵات و عوسمانییەکان لە ڕۆژئاوای ئێران، هەمیشە لەگەڵ شای ئێراندا دژایەتی و دژبەرییان هەبووە و کێشەیان بۆ ساز کردووە.

«شارلکێن» ئیمپراتۆری ئیسپانیا لە جەمادیۆلسانی «٩٣٥ ک / ١٥٢٩ ز» شاندێک بە سەرۆکایەتی «یووهان بالبی» پێڕای نامە و دیاری و خەڵات بۆ ئێران دەنێرێت. «شارلکێن» لەم کاتەدا هێشتا ئاگاداری مردنی شا ئیسماعیل نەبووە هەر بۆیە لە نامەکەیدا دوای پێداهەڵچوون و ستایشی دلێری و بوێری شا ئیسماعیل لە شەڕ دژی دوژمنەکانی ئێران، هۆگری و تامەزرۆیی خۆی بۆ گرێدانی پەیمانێکی دوو قۆڵی دۆستانە دژی عوسمانی دەرئەبڕێت.[٢]

«بالبی» لە ڕێگەی دەریای سپی و سووریاوە بەرەو ئێران بەڕێ دەکەوێت. ئەو لە بیست و پێنجەمی زیحەجەی «٩٣٥ ک / سییەمی ئووتی ١٥٢٩ ز»

١. جۆنابەدی، ١٣٧٨: ٤٨٤
٢. مەهدەوی، ١٣٩٣: ٢٧

لە نامەیەکدا کە بۆ «شارلکێنی» دەنووسێت ئاماژەی پێدەکات کە شای ئێران شەڕی دژ بە عوسمانی هەڵگیرساند و ئیمپراتۆریش هەرچی خێراتر دەبێت دژی عوسمانی دەست بەکار بێت.[١]

مەبەستی «بالبی» هێرش و هەڵمەتی شا تەهماسب بووە کە ساڵی «٩٣٥ ک / ١٥٢٩ ز» دەیکاتە سەر بەغداد هەتا ئەو شارە لە ژێر دەستی زوڵفەقارخانی کەڵڕ دەربێنێت کە پاش داگیرکردنی مێزۆپۆتامیا (دوواوان) خۆی دەخاتە بەر پەنا و پشتیوانیی سوڵتان سلێمانەوە.[٢]

## بوونی کەڵڕەکان لە بەغداد لە سەردەمی شا تەهماسبی سەفەویدا

بە پێی کۆمەڵە بەڵگە و نووسراوە مێژووییەکان لە هەناردنی نامەی شا تەهماسب لە خشتەی «فەتح نامە»دا بۆ مەلەک کەیۆمەرس دەسەڵاتداری ڕۆستەمدار(ڕوویان) و کەجووری مازەندەران کاتێ کە «ئەلقاس میرزا» ڕۆیشتبووە کن سوڵتان سلێمان پاشای عوسمانی ڕوون دەبیتەوە کە کوردە کەڵڕەکان لە کاتی نووسینی ئەم نامەیەدا ساڵی «٩٥٦ ک.م» لە شاری بەغدادا هەبوونە:

چوونکە هەواڵی سەرنجی خاوەن هێزی ئاڵا شەکاوە ئەرزەنجان و ئەو دەڤەرەی پێکاوە، خاوەندکار ئەحمەد پاشا وەزیرەکەی لەگەڵ پێنج هەزار کەس لە «ئامەد»ەوە هەنارد بۆ تاقانەوەی دەم و دووی خەڵکی هەتا تێبگەن کە ئاخۆ نەوابی (نازناوێک بوو بۆ شا و شازادەکانی سەفەوی) خاوەن بەخت و تەخت بەرەو ئەرزەنجان هاتووە.

.... چوونکە پەرۆشی و ئاڵۆزی ئەو گەیشتە لووتکە، پاشاکان بەوە گەیشتن کە مانەوە لە «ئامەد» ئاسان نییە و ئەگەریش ڕوو لە

١. بۆرازێش، ١٣٩٢: ٢٩١

٢. مەهدەوی، ١٣٩٣: ٢٨

ئەستەنبووڵ بکەین گەورەی خاوەن بەخت و تەخت بەرەو ئەرزەنجان دێت و لە سیواسدا سەرە ڕێمان لێ دەگرێت؛ هەر بۆیە چاک وەهایە هەزار تمەن بە «ئەلقاس» بدەین لە بەغدادەوە بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات و لەوێوە ڕوو لە هەمەدان بکات و ئۆردووی بارام میرزا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیە. ئەم هەواڵە کاتێ بگات بە گەورەی بەختەوەر نەوابی سەرۆک و سەروەر، بۆ وڵاتی خۆی دەگەڕێتەوە هەتا «ئەلقاس» ڕاو بنێت و «ئەلقاسیش» داوای هێزی لەمان کردووە و ئەمانیش وتوویانە کە هێزی ئێمە ئێستا ماندووە و هەزار و پانسەد تمەن زێڕیان پێداوە کە لە کورد و لوڕ و گوندەکانی کەڵڕ و عەرەب و هتد لەشکرێ بەکرێ بگرێت. «ئەلقاسیش» بە دووسەد کەسەوە کە لێرەوە لەگەڵیا ڕۆیشتبوون بەرەو بەغداد لایان کردەوە و کاتێ گەیشتنە بەغداد هەزار و هەشسەد کەس لە کورد و چگنی و کەڵڕ و کەسی دیکەی بەکرێ گیراویان بە خزمەت گرت و لەوێوە ڕووی لە هەمەدان کرد.[١]

## شا ئیسماعیلی دووهەم

شا ئیسماعیلی دووهەم وەکوو سێهەمین پادشای سەفەوی و دووهەمین منداڵی شا تەهماسب بوو بە جێگرەوەی باوکی. سەبارەت بە شێوازی بە دەسەڵات گەیشتنی شا ئیسماعیلی دووهەم و ناکۆکی لە سەر جێگربوونی ئەو لەگەڵ حەیدەر میرزای برایدا، لە پەرتووکی «خلاصةالتواریخ» هاتووە کە:

«سوڵتان حەیدەر میرزا ئەو شەوەی (شەوێ کە شا تەهماسب چووە پەردەی بووکێ) کە لە ئەندەروونی دایکی بەڕێزیدا لە جێگاکەی باوکی دانیشت حەزی تاج و تەخت و ویستی پاشایەتی کەوتە دڵیەوە».[٢]

١. نەوایی، ١٣٦٨: ١٨٤
٢. قومی، ١٣٨٣: ٦٠١

دوای مردنی شا تەهماسب لە شەڕی تاپۆ کردنی تاج و تەختدا، بەخت بوو بە یاری ئیسماعیل میرزا و لە بیست و حەوتەمی جەمادیۆلئەوەڵی «٩٨٤ ک.م / بیست و دووهەمی ئووتی ١٥٧٦ ز» لە ژێر ناوی شا ئیسماعیلی دووهەم دانیشتە سەر تەختی پاشایەتی. شا ئیسماعیل لەو ماوە کەمەی پاشایەتی خۆیدا (نزدیکەی ساڵ و نیوێ) سەردەمێکی پڕ لە خوێنڕێژی و کوشت و بڕی بە جێگە هێشت و هەنووکەش هۆکاری ئەو بێ بەزیی بوونەی ڕوون نەبۆتەوە، ڕەنگە ویستی ئەو لەم هەڵمەتە ستەمکارانەیدا، گومانی خراپ و بێ متمانەیی بێت لەمەڕ دۆخی پڕ لە پلانی سیاسی و نەخشەی گڵاو، بە جۆرێکە خۆیشی هەر لە ڕێگەی ئەو نەخشە و پلانە گڵاوانەوە لە سەر تەخت دانیشت. ئەو لە دۆخێکدا گەیشتە دەسەڵات کە نزدیکەی سی ساڵ لە تەمەنی خۆی لە بەندیخانە و لە شوێنێکی نالەباردا تێپەڕاندبوو و هەر ئەم هۆکارەش دەیتوانی ئەو خوو و ڕەوشتە شاد و جەنگاوەر و سەرکێشە بکات بە کەسێکی خوێنمژ و بێ ڕەوشت.[١]

پەریخان خانم، خوشکی شا ئیسماعیلی دووهەم، لە دابین کردن و ڕێ خۆش کردنی سەرەتای تەختنشینی براکەیدا ڕۆڵی گرنگ و بنەڕەتی هەبوو و خۆیشی وەک هەمەکارەی شا ئیسماعیل وێنا دەکرد، بەڵام کەوتە بەر ڕق و قینی پاشاوە و دەستی لە کاری دەوڵەتداریدا بڕی. لەو ماوە کەمەی دەسەڵاتی ئەم پاشایەدا ڕووداوگەلێ ڕوویدا کە لە ئاستی خۆیدا زۆر گرنگن. یەکێک لەم ڕووداوانە هۆگری و بەرەو لا چوونی ئەم پادشایە بووە بەرەو ئایینزای(مەزهەب) سوننی.

ئیسماعیل حەقی ئۆزۆن چارشلی نووسەری پەرتووکی عوسمانی دەنووسێت: شا ئیسماعیلی دووهەم کەسێکی بوێر و شەڕکەر بوو، لەش و لارێکی تەندرووستی هەبوو، بەڵام وەک کەسانی ئالوودە بە مادەی هۆشبەر بەنگی بەکار دەهێنا. پاش ئەوەی بوو بە فەرمانڕەوا ڕایگەیاند

١. نەوایی و غەفاری فەرد، ١٣٨٨: ١٤٩

کە بۆتە شوێنکەوتووی ئایینزای سوننی... ئەو سیاسەتی ئاشتیخوازانەی باوکی لەگەڵ عوسمانیدا هەڵوەشاندەوە و سۆزی هەندێ لەو هۆزە کوردانەی کە گوێڕایەڵی عوسمانی بوون بەرەو لای خۆی ڕاکێشا».[١]

شا ئیسماعیلی دووهەم لە چاو باوکی هەڵسوکەوتێکی باشتری لەگەڵ هۆزە کوردەکاندا هەبوو، ئەم هەڵسوکەوتەی کاتێ خۆی زۆرتر نواند کە بەیرام بەگ برای قوبادبەگی کورد میری ئامێدی، لە پاش شۆڕشی براکەی کاتێ بەرگری پێ نەکرا پەنای بردە بەر دیوانی شا ئیسماعیلی دووهەم لە قەزوێندا و ئەویش پشتیوانی لێکرد. هەر چەندە پاش مەرگی شا ئیسماعیلی دووهەم، سوڵتان موحەممەد لە قەڵای ئەلەمووتدا دیلی کرد[٢] بەس سەردەمی کورت خایەنی پاشایەتی شا ئیسماعیلی دووهەم لەو سۆنگەوە گرنگی هەیە کە ئەم پاشایە سیاسەتێکی نەرم و نیانی ئایینی هەبووە.

## میر ئەسکەندەری کەلڕ، فەرمانڕەوای قەڵای پاڵنگان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی دووهەمدا

میر شەرەفخانی بدلیسی نووسەری شەرەفنامە لە پاژی دەیەمی کتێبەکەی خۆیدا کە تەرخانی کردووە بە میر و مەزنانی کەلڕەوە؛ سەبارەت بە میر ئەسکەندەر کوڕی موحەممەد کوڕی غەیبوڵڵا بەگ لە فەرمانڕەواکانی کەلڕی لکی پاڵنگان ئاوەها دەنووسێت:

میر ئەسکەندەر پاش مردنی باوکی هاتە کن شا تەهماسب و فەرمانی میریی هەرێمەکەی نوێ کردەوە. لە سەردەمی شا ئیسماعیلی دووهەمدا چووە خزمەتی ئەویش و ڕێز و حورمەتی زۆری لێگرت و خەڵاتی

١. چارشلی، ١٣٨٨: ٧٦
٢. بدلیسی، ١٣٧٣: ١٥٠

شاهانەی وەرگرتنەوەی حکوومەتی پاڵنگانی دیسانەوە پێ خەڵات کرا، بەڵام تیری ئەجەل ئەم خەڵاتەی بە میراتی کرد و کەوتە مەردەڵای.[١]

## سوڵتان موحەممەد خودابەندە

سوڵتان موحەممەد میرزا کوڕە گەورەی شا تەهماسبساڵی «٩٣٨ ک.م» لە دایک بوو و لە کۆتاییەکانی ساڵی «٩٤٢ ک.م» بوو بە نایبولسەڵتەنەی خوەراسان. ساڵی «٩٦٣ ک.م» شا تەهماسب لە خوەراسانەوە بانگی کردەوە و دیسانەوە ساڵی «٩٦٤ ک.م» هەناردییەوە سەر حکوومەتی خوەراسان و ساڵی «٩٨٠ ک.م» بە هۆی ناکۆکییێکەوە لە نێوان شاقولی سوڵتانی ئۆستاجلوو مەزنەمیرانی خوەراسان و سوڵتان موحەممەدمیرزا هاتە ئاراوە، شا تەهماسب فەرمانی بە موحەممەد میرزا کرد کە لەگەڵ منداڵەکەیدا بڕۆن بۆ شیراز. هەر لەم کاتانەدا بوو موحەممەد میرزا نەخۆشی هاوڵە لێیدا و کوێر بوو.

پاش مردنی شا ئیسماعیلی دووهەم، سەلمان جابری وەزیر و پەریخان خانم کچی شا تەهماسب و خوشکی سوڵتان موحەممەد میرزا سەرکردەکانی قزڵباشیان بانگهێشتی یەکێتی و هاوپەیمانی کرد و لە دانیشتنێکی ڕاوێژکاریدا کە لە نێو کۆشکی پاشایەتیدا بەڕێوە چوو، سەرەتا پێشنیار کرا کە منداڵە بچکۆلەکەی شا ئیسماعیلی دووهەم، واتە شا شوجاع بکرێت بە جێنشین و پەریخان خانم وەک کار بەڕێکەر کاروباری دەوڵەتداری بەڕێوە ببات بەڵام ئەم پێشنیارە پەسەند نەکرا. هەندێ لە سەرکردەکانی قزڵباش، نەخاسمە ئەمیر خان و پیرە موحەممەد خان، جێنشینی سوڵتان موحەممەد میرزایان (موحەممەد خودابەندە) خستە بەر باسەوە. هەتا گەیشتنی سوڵتان موحەممەدی خودابەندە لە شیرازەوە بۆ قەزوێن، پەریخان خانم هەر هەمەکارە و کار بەڕێکەری

---

١. بدلیسی، ١٣٧٣: ٤١٠

دەوڵەت و حکوومەت بوو.

میرزا سەلمان جابری کە لەگەڵ پەریخان خانمدا ناکۆکی هەبوو بە پەلە لە قەزوێنەوە بەرەو شیراز بەڕێ کەوت و بە خۆ شیرینی و ماستاو کردن سەرنجی سوڵتان موحەممەد میرزا و خەیرۆنسا بەیگۆمی ژنی ناسراو بە مەهدعولیای بۆ خۆی ڕاکێشا. چوون دەیزانی کە مەهدعولیا لەگەڵ پەریخان خانمدا دوژمنایەتی هەیە کەوتە بەیی کردنی پەریخان و بەم جۆرە پلەی وەزیری خۆی پاراست. سوڵتان موحەممەد، لە کاتی هاتن بۆ قەزوێن، خەلیل خانی ئەفشاری ڕاسپارد هەتا پەریخان خانم بکوژێت. بەم شێوازە توانی لەساڵی «٩٨٥ ک.م» بڕواتە سەر تەختی دەسەڵات؛ بەڵام چوونکە نابینا بوو مەهدعولیا ڕاپەڕاندنی کارەکانی لە ئەستۆ گرت و حەمزە میرزای کوڕە گەورەی کە یازدە ساڵ تەمەنی بوو وەک جێگر و جێنشین هەڵبژێردرا.

لە نێوان مێژوونووسانی سەفەویدا، قازی ئەحمەدی قومی کە باوکی لە هەراتدا خزمەتکاری شا تەهماسب و ئیبراهیم بووە و خۆیشی لە سەردەمی حکوومەتی شا ئیسماعیل و سوڵتان موحەممەدی خودابەندەدا لە پیاوانی شا ئەژمار دەکرا کتێبەکەی بە ناوی «خلاصةالتواریخ» ساڵی «٩٩٨ ک.م / ١٥٩٠ ز» نووسیوە. نووسەری ئەم پەرتووکە سەبارەت بە هەڵبژاردنی سوڵتان موحەممەدی خودابەندە وەک پاشا و جێگەنشینی شا ئیسماعیلی دووهەم ئاوەها دەنووسێت:

«هەندێ لە میرەکان کە نەمامی دەوڵەتدارییان لە سەرچاوکەی پەروەردەی شا ئیسماعیلەوە پاراو دەبوو وەک وەلی سوڵتان فەرمانرەوای شیراز، وەهایان بە باش دەزانی کە شا شوجاعی کوڕی ببێت بە پادشا و بە ناویەوە سکە لێدەن و خوتبە بخوێنن و دەسەڵاتی دەوڵەتیش بسپێرنە دەستی گەورە خانم هەتا ئەو دەگاتە تەمەنی یاسایی. هەندێ ئەم مژارەیان قبووڵ نەکرد وتیان شا شوجاع کۆرپەیەکی یەک ساڵانە و هیچی لێ ناخێزێت؛ بەڵام چوون هەواڵ بڵاو بوویەوە کە لە شوێن

شای خوالێخۆشبوو کەسێ نەماوەتەوە و بەخت بۆتە یاری کچێ کە فەرماندەی لەشکری قزڵباشە، ڕەنگە ئاژاوە و بشێوی لە وڵاتدا تەشەنە بکات. جێگەنشینی خاوەن بەخت سوڵتان موحەممەد میرزا کوڕە گەورەی پاشای بە شان و شکۆ، گەرچی هەندێ کەم و کوڕی لە بیناییدا هەیە بەڵام کوڕانێکی ناوداری هەیە کە لە داهاتوویێکی نزدیکدا هەرکامەیان لە گۆڕەپانی پاشایەتیدا مێرخاسێکی بێ وێنەیە، هەر بۆیە ئەو لە پێشترە بۆ پاشایەتی».[١]

بە هۆی نزمی نەفسیەت و لاوازی جەستەیی موحەممەدی خودابەندەوە، جڵەوی کاروباری دەسەڵات کەوتە دەست سەرکردەکانی قزڵباش و خەیرۆنسا بەیگۆم هاوژینی شا، خودی پاشایش کاری هەرە دژواری بووە ڕابواردن لە نێو حەرەمدا. ناکۆکی لە نێوان ژنەکەی شا و سەرکردەکانی قزڵباشدا بوو بە هۆی ئەوە جارێکی دیکە کێشمەکێش هەموو وڵات بگرێتەوە و هەلی گونجاو بۆ جێبەجێ کردنی نەخشە داگیرکارانەکانی عوسمانی بڕەخسێت.

دەوڵەتی عوسمانی بە تێگەیشتن لەو دۆخە نالەبارەی کە سەفەوی تێکەوتبوو، لە ئاکامدا پەیمانی ئاشتی بیست و سێ ساڵەی نێوان هەردوو لای لە بیستەمی شەواڵی «٩٨٥ ک.م / یەکەمی ژانڤیەی ١٥٧٨ ز» پێشێل کرد. هۆکاری دەستدرێژی عوسمانی بۆ سەر ئێران، پێشێل کردنی مەرجەکانی پەیمانی ئاماسیە بوو لە لایەن شا ئیسماعیلی دووهەمەوە کە کوردەکانی سەرسنووری دژی عوسمانی هان دەدا.[٢]

١. قومی، ١٣٨٣: ٦٥٦
٢. بۆرازێش، ١٣٩٢: ١٧٥

## شەڕی تەیموورخانی ئەردەڵان لەگەڵ قوباد بەگ کوڕی عومەر بەگی کەڵڕ لە سەردەمی سوڵتان موحەممەدی خودابەندەدا

بە هاتنە سەر دەسەڵاتی سوڵتان موحەممەدی خودابەندە، ئەو لاوازییە تەشەنە ئەستێنە کە لە پاش مردنی شا تەهماسب و شا ئیسماعیلی دووهەمەوە دەستی پێکردبوو لە ماوەی فەرمانڕەوایی موحەممەد خودابەندەشدا هەر درێژەی هەبوو. لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی لەم سەردەمەدا بوو بە هۆی ئەوە هەتا تەیموورخانی ئەردەڵان کە لە ناوچەی سنەدا هێز و دەسەڵاتی تۆکمە و تەواوی هەبوو و لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیشدا کەوتبووە کەین و بەینەوە بۆ چەندەمین جار لە ساڵەکانی «٩٨٦ و ٩٩٣ ک.م» کرماشان بکات بە گۆڕەپانی تەڕاتێنی خۆی. تەیموورخان ساڵی «٩٨٦» بۆ بەرفراوان کردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەشکری بۆ سەر کرماشان، دینەوەر و سونقوری سەر بە کرماشان کە بەشێک بوون لە سنووری قوباد بەگی کەڵڕ کوڕی عومەر بەگی کوڕی زۆراب بەگ لە فەرمانڕەواکانی دەرەتەنگی حەڵوان(سەرپێڵ زەهاو) برد.

نووسەری شەرەفنامە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی قوبادبەگی کەڵڕ لە دینەوەرەوە هەتا بەغداد باس دەکات و دەڵێت پاش مردنی عومەربەگی کوڕی زۆراب بەگ، قوبادبەگی کوڕی «دەبێتە بەرپرسی حکوومەت و لە بوێری، خۆشناوی و دەستباویدا هەڵکەوتەی گەنجانی سەردەمی خۆی بوو. میراتی دەسەڵات و هەموو شتێکی هەر لە کەوشەنی دینەوەرەوە هەتا دارۆلسەلامی بەغداد لە ڕکێفی ئەودایە. لە سەرانە و باج و خەراج و یار و پشتیواندا بان دەستی نییە».[١]

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان موحەممەد خودابەندەدا لاوازی پاشا بوو بە هۆی ئەوە هەتا میرە هەرێمییەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا تەپڵی دژایەتی و ناکۆکی دژی دەسەڵاتی ناوەندی بکوتن، نموونەی بەرچاوی

١. بدلیسی، ١٣٧٣: ٤١٢

ئەم کەسانە تەیموورخانی ئەردەڵان بوو کە هەندێ جار گوێڕایەڵی عوسمانی و هەندێ جاریش هی سەفەوی بوو. میر شەرەفخانی بدلیسی لە پەرتووکی شەرەفنامەدا دەنووسێت:

«تەیموورخان ساڵی «٩٨٨ ک.م» ملی بۆ فەرمانی سوڵتان مورادخانی ڕەحمەتی ڕاکێشا، سەد هەزار ئەقچەی عوسمانی لە سای بەزەیی شاهانەوە پێدرا و شارەکانی سنە و حەسەناوا و قزڵجە قەڵا بە شێوەی سەنجەق بە سوڵتانعەلی کوڕە گەورەی و قەرەداغ بە بوداق و مێهرەوان (مەریوان) بە موراد و شارباژێڕیش درا بە کوڕە هەرە بچووکەکەی. هەروەها لە خاکی قزڵباشیش دینەوەر خرایە سەر سنووری ئەم و لە ڕیزی مەزنەمیرانی عوسمانیدا جێگەی گرت و بە تەیموورخان پاشا ناوی دەرکرد. سەرئەنجام بە هۆی چاوبرسییەتی و بوغرا بوونەوە هەوای خونکاری کەوتە سەری، هەندێ جار ڕۆمی و هەندێ جار قزڵباش بوو و بەردەوام میر و مەزنانی دەوروبەری لە خۆی دەڕنجان و لەگەڵیان دژایەتی دەکرد و بە گز و گەڕ لەگەڵیان دەیکردە شەڕ و پەلاماری سنوور و سامانی دەدان هەتا ئەوەی چاوی بڕییە خاک و وڵاتی قوباد بەگی کوڕی عومەربەگی کەڵڕ و سوێڵی تاڵان و بڕۆی بۆ چەور کرد.[1]

## هاوپەیمانیی قوباد بەگی کەڵڕ لەگەڵ شاوێردی خان میری لوڕستان دژ بە تەیموورخانی ئەردەڵان

پاش ئەوەی تەیموورخانی ئەردەڵان خەریک دەبێت بە بڵاو کردنەوە و پەرە پێدانی سنوورەکانی بە دەوروبەری خۆیدا، ساڵی «٩٩٣» بۆ سەر کرماشان و سونقور و دینەوەر کە لە ژێر دەسەڵاتی قوباد بەگی کەڵڕدان هێرش دەبات. ئەم ڕووداوە لە پەرتووکی «حەدیقەی ناسریە» لە

١. بدلیسی، ١٣٧٣: ١٢٤

نووسینی عەلیئەکبەری وەقایعنگاری کوردستانی و «توحفەی ناسریە» نووسینی میرزا شوکروڵڵای سەنەندەجی لە سەردەمی عومەر بەگی کەڵڕدا ڕوویداوە و ژێدەری وەرگرتنی مێژوویی ئەم دوو نووسەرەش کتێبی شەرەفنامەی بدلیسی بووە کە ساڵی «١٠٠٥ ک.م» نووسراوە. هەروەها کە گوترا تەیموورخان وڵاتی قوباد بەگی کوڕی عومەربەگی کەڵڕی تاڵان کرد نە خودی عومەر بەگ.

شاوێردی خانی لوڕ دوای مردنی باوکی لە لایەن شا سەفییەوە وەک فەرمانڕەوای لوڕستان دانرابوو و ساڵانێ لە سوپای شا سەفیدا خزمەتی کردبوو و گرتنەوەی قەڵای «حللەی» عێراقی لە دەست عوسمانییەکان بە بەر خۆیەوە بڕی بوو. لەگەڵ قوباد بەگی کەڵڕ لە هەمبەر تەیموور خانیشدا هاوپەیمانی دەکات.[1]

شاوێردی خان لەگەڵ لەشکری لوڕدا دژی تەیموورخانی ئەردەڵان دەڕواتە بەرەی قوباد بەگی کەڵڕ؛ ئەم شەڕە کە لە سەردەمی سوڵتان موحەممەدی خودابەندەدا دەقەومێت زۆربەی فەرماندە و سەربازەکانی میری ئەردەڵان دەکوژرێن و تەیموورخانیش دەکەوێتە دەست هاوپەیمانی لوڕ و کەڵڕ.

شاوێردی میری لوڕستان هاتە یاریدەی قوبادی کوڕی عومەربەگ؛ کاتێ کە هەرێمی کەڵڕ تاڵان دەکات پێکەوە سەرە ڕێی لێ دەگرن و لە بۆسە دێنە دەر و زۆرێ لە پیاوەکانی دەکوژن و لە شوێنێک بە ناوی «خۆسر» تەیموور دیل دەکەن و چەند ڕۆژێ ڕایدەگرن پاشان بەزەییان پێدا دێتەوە و ئازادی دەکەن بەڵام بەمەشەوە هەر ژیر نابێت».[2]

---

١. مۆرادی مۆقەددەم، ١٣٨٥: ٣٩

٢. بدلیسی، ١٣٧٣: ١٢٥

## شۆڕشی شا ئیسماعیلە درۆینەکان

مردنی شا ئیسماعیلی دووهەم لەساڵی «٩٨٥» و لاوازی و بێ هێزی سوڵتان موحەممەدی خودابەندە بە هۆی کوێرییەوە بوو بە هۆکاری بەدیهاتنی ماجەرایەک کەوا لە کتێبە مێژووییەکاندا بە سەرهەڵدان و شۆڕشی شا ئیسماعیلە درۆیینەکان بە ناوبانگە.

لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی سوڵتان موحەممەدی خودابەندەدا چوار کەس بە ناوی شا ئیسماعیلی دووهەمەوە داواکردنی پاشایەتی ئێران دەکەن بە هەوێنی شۆڕشەکانی خۆیان. ماوەیەکی کەم لە دوای مردنی شا ئیسماعیل، کەسێک بە ناوی قەلەندەر موزەفەر لە کۆهگیلوویەدا خۆی وەک پاشای ئێران دەناسێنێت و بە ئاسانی جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی لوڕ بە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوە. لە ڕووداوەکانی ساڵی «٩٨٨ ک.م» شۆڕشی قەلەندەرێکی گێل و نەگۆمە بوو کە تۆزێ لەگەڵ ئیسماعیل میرزادا لێکچوونی هەبوو و لاقی لە بەڕی دەروێشی خۆی درێژتر کردەوە و پشتی گەرم کردبوو بۆ پاڵ و پشت دانەوە بە تەختی پاشایەتییەوە؛ چوونکە ئیسماعیل میرزا دوو ددانی پێشەوەی کەوتبوو ئەمیش ئەو دوو ددانەی خۆی هەڵکێشا و بەم دوو شایەتەوە خۆی وەک ئیسماعیل میرزا ناساند و سەرەتا ڕۆیشت بۆ ناو لوڕەکانی کۆهگیلوویە و داوی فڕ و فێڵی کرد بە ڕاویاری هۆزی لوڕ و بە قەڵەمی زمانی مێشکی خەڵکی نووسیەوە و وەها خۆی وەک ئیسماعیل میرزا پێیان ناساند کە گوایە بە هۆی سپڵەیی هەندێ نانخۆری نادێن دڕەوە کە کەوتبوونە پەیجۆری کوشتنم، بە ناچاری تەختی پاشایەتیم بە جێگە هێشت و ڕووم لە وڵاتی غەریبی کرد.[1]

قەلەندەری درۆزن دەیگوت دەستەیەک دەیانویست بمکوژن بە ناچاری جلی دەروێشیم لەبەر کرد و ماوەیەک بە بەرگی قەلەندەرییەوە خۆم

١. والێ ئیسفەهانی، ١٣٧٢: ٦٣٩

شاردەوە و ئەو دەستەیە خزمەتکارێکیان خنکاند کە لەمن دەچوو، ئینجا دەنگۆیان داخست کە شا ئیسماعیلی دووهەم مردووە. دوو ساڵ لە خاکی عوسمانیدا بووم کە زانیم دوژمنەکان سزای تاوانەکانیان وەرگرتووە ئیدی گوتم ئێستا کاتی سەرهەڵدانەوەیە و خۆم ئاشکرا کرد و ئەگەر خوداش بیەوێت تۆڵە لە دوژمنانی دیکەم دەکەمەوە. قسەکانی لە دڵی ئەو خەڵکەی تەریک لە پایتەخت کاریگەر بوو چوونکە هیچیان لە سەر چۆنیەتی مردنی شا ئیسماعیلی دووهەم نەدەزانی، هەر بۆیە بە خێرایی لە نێوان لوڕەکاندا ناوبانگی دەرکرد و لە دوور و نزدیکی ئەو سنوورەوە بە پێشکەشی و خەڵاتەوە لە دەوری کۆ بوونەوە. قەلەندەر بە خێرایی بەساتی پاشایەتی دامەزراند و گەورەکانی هەر چین و توێژێکی لە پلەیەکدا دانا؛ لە ماوەیەکی کەمدا بیست هەزار کەسی لێ خڕ بوویەوە و بەرەو «دێهدەشت» کە ناوەندی کۆهگیلوویە بوو هرووژمیان کرد. لەو کاتەدا خەلیل خان دەسەڵاتداری دێهدەشت لە ئۆردووی پاشادا بوو، بەڵام منداڵەکانی چەند جار لەگەڵ قەلەندەردا شەڕیان کرد، لەم شەڕانەدا ڕۆستەم بەگ کوڕی خەلیل بەگ کوژرا و ئەم ڕووداوەش قەلەندەری چاوسوورتر کرد. خەلیل خان وە بێ دەستەوەستان بۆ شەڕی قەلەندەر خۆی پەرداخ کرد بەڵام قەلەندەر لوڕەکانی هەناردبوویەوەماڵی خۆیان هەتا لە کاتی پێویستدا بانگیان بکاتەوە. لەم کاتەدا خۆی ڕۆیشت بۆ هۆوەیزە هەتا داوای یارمەتی لە سەیید شوجاعەدین موشەعشەعی بکات، لوڕەکانی لەشکری قەلەندەر لە باریکە شیوێکدا بۆسەیان بۆ خەلیل خان دانا و بەرد و تیر و ڕمیان هاویشت بە سەریاندا و خەلیل خان لەم شەڕەدا کوژرا.

قەلەندەر خێرا لە دێزفوولەوە بۆ کۆهگیلوویە گەڕایەوە و دیسانەوە حەشاماتێکی زۆر لێی کۆ بوونەوە. شا موحەممەد، ئەسکەندەرخان برازای خەلیل خانی هەنارده سەر هەرێمی کۆهگیلوویە و میرەکانی فارسی ڕاسپارد هەتا یارمەتی بدەن. لە هێرشی چەند قۆڵیی ئەم دەستەیەدا قەلەندەر و ڕەدووەکانی شکستیان هێنا و لەم بیگرە

و بەردەیەدا قەلەندەر کوژرا و سەریان بۆ دیوانی شا موحەممەد هەنارد.[١]

## شۆڕشی شا ئیسماعیلی درۆینە لە چەمچەماڵ و دینەوەردا (شا ئیسماعیلی چەمچەماڵی)

پشتیوانیی بەربڵاوی هۆز و خێڵە ناقزڵباشەکان لە شۆڕشەکان بە تایبەت لە نێوان لوڕ و کوردەکاندا سەلمێنەری هۆگر بوونەوەی دووبارەیە بە لایەنی سۆفیانە و شەڕە قسەی ئایینی سەرەتاکانی سەردەمی سەفەوی.[٢]

پاش پرسی قەلەندەری کۆهگیلوویە قەلەندەرەکانی دیکە هەوای ئیسماعیلی میرزایی کەوتە سەریانەوە؛ ئەم شۆڕش و شەڕە لە چەند جێگەی دیکەدا بە تایبەت لە چەمچەماڵ و دینەوەری نزدیک بە شاری سەحنەی پارێزگای کرماشان ڕاپۆرت دراوە.

هەروەها کە پێشتر گوترا لە سەردەمی سوڵتان موحەممەدی خودابەندەدا هەر لە هەمەدان و دینەوەر هەتا بەغداد لە ژێر دەسەڵاتی قوباد بەگی کەڵڕدا بوو.[٣] هەمەدان و ناوچەکانیشی کە ناسراو بە خاکی عەلیشەکەر بووە لە ژێر دەسەڵاتی «سۆلاغ حوسێنی» تەکەلوو بریکاری شا ئیسماعیلی دووهەمدا بووە.[٤]

لە پەرتووکی خۆلدی بەرین (ئێران لە سەردەمی سەفەوییەکاندا) نووسینی موحەممەدیووسف والێی ئیسفەهانیدا کە لە سەردەمی شا عەباسی دووهەم نووسراوە سەبارەت بە شۆڕشی شا ئیسماعیلی چەمچەماڵی وەها باس کراوە: یەکێک لەو بەنگییە(کەسێکە مادەی هۆشبەر بەکار دێنێت) زکماکانە لە نێو لوڕ و کوردەکانی چەمچەماڵ

١. نەوایی و غەفاری فەرد، ١٣٨٨: ١٥٣
٢. نیۆمەن، ١٣٩٢: ٨١
٣. بدلیسی، ١٣٧٣: ٤١٢
٤. هـ . س: ٤١٠

و دەڤەری عەلیشەکەردا[1] دەنگۆی داخستبوو کە ئیسماعیل میرزایە و خەڵکی بێ ناو و نیشانیش وە دووی کەوتبوون و پشتیان قایم کرد و ئەو گەمژەیەش شانی داهێشتە سەر تەختی شاییدا و گەلێک میر و مەزنی لە پلەی جیاوازدا دانا؛ ئەژماری لەشکری دە هەزار کەسی دەپێکا و کەسێکی هەنارده لای سۆلاغ حوسێنی تەکەلوو کە فەرمانڕەوای ئەو سنوورە بوو داوای لێکرد ملی بۆ داکێشێ و گوێڕایەڵی ببێت لە هەمبەردا پلەی بریکاری و جێگەی چووهە سوڵتانی (میری پێشووی کەڵڕەکان) ئەداتێ. سۆلاغ حوسێنیش سەرکوتی ئەو شەڕ و شۆڕەی لەوەدا دەبینی کە بە ڕواڵەت ملکەچی ببێت، هەر بۆیە هەناردەی قەلەندەری بە دڵخۆش و ڕازی هەناردەوە و پەیتا پەیتا خەڵاتی بۆی دەنارد هەتا بە فڕ و فێڵ کردی بە تەڵەی ملکەچی خۆیەوە.

تیـری ژێـری مەبەسـتی پێـکا و بـە ئاواتـی گەیشـت. ئـەو گەمژەیـە بانگهێشـتی چەمچەمـاڵ کـرد. قەلەنـدەر بـڕوای بـە ئـەو قسـە جوانانـە کـرد و بـە شـکۆی شـاهانەوە بـۆ ژێـر چەقـۆی سـەلاخەکەی ڕۆیشـت. سـۆلاغ حوسـێن پێـڕای گەورەکانـی تەکەلـوو و سـەیف سـوڵتانی بەیـات ڕۆیشـتنە پێشـوازیەوە و کڕنۆشـیان لـە بـەری بـرد و پێڵاوەکانیـان مـاچ کـردەوە. ئـەو سـەرەڕۆیەش ئەوەنـدە هەوای پاشـایەتی کەوتبووە سـەری لـە کڵاو و شمشـێر و خنجێـر هەتـا باڵاپۆشـی شـاهی کردبـووە بـەری و بە لەشـکر و خزمەتـکارەوە هاتبـووە ئـەو سـنوورەوە؛ ئـەو میـرە ژیـرەش بـە دڵ و گیـان ملکەچـی پیشـاندا و لـە هەمبـەردا پلـەی بریکاریـی وەرگـرت. ڕۆژێکیـان لـە ترسـی گیانـی خـۆی نەخشـەی دانـا بـۆ دەسـەڵاتی ئـەو

١. چەمکـــی خـــاك و ســـنووری عەلیشـــەکەر لـــە ســـەردەمی دەســـەڵاتی قەراقویونلـوو و پێـش سـەفەوییەوە بـە هەرێمـی هەمـەدان بـەرەو خوڕەمـاوا و شـارەکانی تـوویسـرکان، نەهاوەنـد، برووجـرد و هتدیـان دەگـوت. عەلیشـەکەر بـەگ لـە فەرمانـدە نزدیکەکانـی جەهانشـای قەراقویونلـوو بـوو کـە چەندیـن سـاڵ لـە هەمـەدان و نەهاوەنـد فەرمانڕەوایـی هەبووە.(نەوایـی، ١٣٧٧: ٥١٣ هەروەهـا سـەردانی میـرزای سـەمیعا، ١٣٦٨: ٢٠٢ بکـەن).

پێخواسە بەنگیزادەیە و «ئیبنی عەلقەمی» چی لە خەلیفەی بەغداد کرد ئەمیش ئەوی خستە ئەو بەرەڕەتەوە، لەشکرەکەی پەرتەوازە کرد و قەلەندەریش چوون کەوتبووە ناو هەوای بەنگەوە ئیدی مێشکی ئێشکیی جەستەی نەدەکرد و ئەمیش دەست و لاقی شەتەک لێدا و کاتێ کاروانی شای شکۆدار لە گەشتی خۆراسان بۆ پایتەخت دەگەڕایەوە بە پاوانکراوی هەناردیە دیوان و شازادەی شا بەزێن و دوژمن تەزێن بالاپۆشی شکۆنیشانی لەبەر داکەند و لە شەقامی مەیدانی ئەسپدا کردی بە پەندی زەمانە.[١]

## شا عەباسی یەکەم

عەباس میرزا ساڵی «٩٧٨ ک.م» لە هەرات لە دایکبوو. ئەو لە ساڵی «٩٨٠ هەتا ٩٨٩ ک.م» بە فەرمانی باوک و باپیری فەرمانڕەوای خوەراسان بووە.

عەباس میرزا ساڵی «٩٩٦» بە فەرمانی مورشێد قولیخان بۆ قەزوێن ڕۆیشت. بە هاتنی کاروانی عەباس میرزا تەواوی گەورەکانی دیوان و دەربار ملکەچی عەباس میرزا بوون.

«گەورەکانی دەوڵەت هەموویان ڕۆیشتنە خزمەتی پاشای پیر و نابینا (شا سوڵتان موحەممەدی خودابەندە)، پاش دەربڕینی ملکەچی و ژێردەستەیی داوایان لە خۆی و خزمەتکارەکانی کرد هەتا بێنە خزمەتی عەباس میرزا».[٢]

سوڵتان موحەممەدی خودابەندە لە ئیسفەهاندا بوو کەوا هەواڵی گەیشتنی عەباس میرزا بۆ قەزوێنی پێگەیشت و بە سی هەزار سوارەوە

١. والێی ئیسفەهانی، ١٣٧٢: ٦٤٥
٢. سەفاکیش، ١٣٩٠: ٩٤

بە پەلە بەرەو قەزوێن بەڕێ کەوت، بەڵام کاتێ گەیشتە پایتەخت لەو لەشکرەی جگە لە چەند سەد کەسێ نەمانەوە و هەموویان چوونە بەرەی عەباس میرزاوە؛ سوڵتان موحەممەد بە ناچاری خۆی دایە دەستی کوڕەکەیەوە و عەباس میرزا لە دووی دیسامبەری«١٥٨٧ ز / ٩٩٦ ک.م» لە کۆشکی «چل ستوونی» قەزوێندا لە ژێر ناوی شا عەباسی سەفەوی تاجی لە سەرنا.[١]

«وەلی قولی شاملوو» خاوەنی کتێبی «قصص‌الخاقانی» کە ئەم بەرهەمەی لە سەردەمی سەفەویدا نووسیوە سەبارەت بە تاج لە سەرنانی شا عەباسی یەکەم ئاوەها دەڵێت: پاش ئەوەی سوڵتانی خەڵک و خاک موحەممەدی خودابەندەی چاک و پاک لەگەڵ منداڵەکانی چوونە نێو بەزمی شایی و نەریت گێڕانەوە، کوڕە هێژا و سەردارەکەی لە ئامێز گرت و تاجی پاشایی لە سەر خۆی دەرهێنا و بێ زۆر و زیان بە دڵی خۆی لە سەر جێگرەکەی دانا و شاعیرێکیش لەو کاتەدا کە لە کۆڕەکەدا دەبێت ئەم هەڵبەستە بە باڵایدا دەچڕێت:

عەبــاس کــە شــاهی دیــن و شــانازی خەڵکــە
لــە ڕەواجــی مەزهەبــدا چــاک و بــە کەڵکــە
چــوون ڕمێنــی مەزهــەب ناوبانگــی لــە مێــژوو
بــە «ســێبەری خــودا» و «بوێــران» دەرچــوو[٢]

شا عەباس لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵات، بڕیاریدا ئەو ئاژاوە و بشێویەی کە بە هۆی لاوازی و نەشیاوی باوکییەوە هاتبووە ئاراوە سامان

---

١. هووشەنگ مەهدەوی، ١٣٩٣: ٥١
٢. شێعرەکە بە فارسی: ☜ «شاملوو، ١٣٧١: ١٢٩»

عبـاس کـه هسـت شـاه دیـن فخـر امم     افراخـت پــی رواج مذهــب چــو علــم
تاریــخ، خــرد «مــروج مذهــب» یافــت     «ظـل اللـه» و «عبـاس بهادرخـان» هـم

و سەقام بدات. سەرەتا بە یارمەتی «مورشێدقولی خانی ئۆستاجلوو» ئەو سەرکردانەی قزڵباش کە لە پلانی کوشتنی حەمزەمیرزای برایدا دەستیان هەبوو و هەندێ لەوانەش کە تاوانبار بوون بە کوشتنی «مەهدعولیای» دایکی، لە نێوی بردن. پاش ئەم کارانە «مورشێدقولی خان» ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵاتی پێ ئەسپێردرا و بوو بە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر؛ هەتا ئەو جێگایە کە وە بێ ئەوەی شا بزانێت فەرمانی شاهانەی دەردەکرد. دەسەڵاتی مورشێدقولی خان گەیشتە جێگایەک کە تەواوی پلە و پایە ئیداری و دەربارییەکانی بە خزم و خوێشانی خۆیدا و تەنانەت بەو وەزیرەش کە خۆی دستەبژێری کردبوو نازناوی «ئێعتمادۆلدەولە»ی بەخشی. هەروەها ساڵی «٩٩٧ ک.م» ئەبووتالب میرزا برای شا عەباس و برازاکانی واتە ئیسماعیل میرزا و حەیدەر میرزا (کوڕەکانی حەمزە میرزا) دەنێرێت بۆ قەڵای ئەلەمووت هەتا لە پایتەخت دوور و تەریک بن. جگە لەمانە ئەو مووچە و مڵکانە لە ئیسفەهاندا کە تاپۆ کراوی براکانی شا بوو بە فەرمانێ بۆ خۆی داگیری کرد. هەر بۆیە سەرکردەکانی قزڵباش دەستیان دایە دەستی یەکتر هەتا لە دەسەڵات بیهێننە خوارێ. بەڵام بە خێرایی نەخشەکەیان بۆ شا عەباس و مورشێدقولی خان دەرکەوت و پلانەکەیان پووچەڵ کرایەوە. بۆیە سەرکردەکانی قزڵباش لە ماڵ مەهدیقولی خانی زولقەدەر فەرمانڕەوای فارسدا کۆ بوونەوە هەتا لەم بارەوە لەگەڵ شا عەباسدا وتووێژ بکەن. شای سەفەوی بە کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتە ڕۆیشت بۆ ماڵ مەهدیقولی خانی زولقەدەر، بەڵام لە دڵەوە دەیویست دژبەرەکانی تەفر و توون بکات. هەر بۆیە لە کاتی گفتوگۆدا لایەنگری لە «مورشێدقولی خان» کرد و چوونکە وتووێژەکانیش دۆستانە بەڕێوە نەچوو بە بیانووی ئەوەیکە زۆر تەوس و تووڕەیە فەرمانی کوشتنی «مەهدیقولی خانی زولقەدەری» دەرکرد و لە هەمان دانیشتندا «یاقووب بەگی زولقەدەری» کرد بە جێگرەوەی.[١]

١. نەجەفی بەرزەگەر، ١٣٩٣: ١٣٧

کاتێکە شا عەباس پاڵ و پشتی دایەوە بە سەر تەختی پاشاییدا، لەشکری عوسمانی هەتا نەهاوەند و هەمەدان، ئوزبەکیش هەتا هەرات و مەشهەدی داگیر کردبوو، بەڵام کاتێکە مرد سنوورەکانی ئێران گەیشتبوویەوە سنوورەکانی پێشووی خۆی لە بەغدادەوە هەتا قەندەهار و لە خوەراسانەوە هەتا دوورگەکانی بەحرەین و هورمز.

شا عەباس دوای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بارودۆخەکە تێگەیشت بە لەشکری پەرتەوازەی بێ چەک و چۆڵی باش و گونجاوی بەرۆژ، ناکرێت هاوکات لە دوو بەرەوە لەگەڵ تورک و ئوزبەکدا بجەنگێت. هەر بۆیە لەگەڵ تورکەکاندا دەستی دۆستایەتی دایەوە و حەیدەرمیرزای (کوڕی حەمزە میرزا) برازای بۆ بەستنی پەیمانێ دۆستانە بەرەو قوستەنتەنیە هەنارد.

لە چواردەی جەمادیۆلئەوەڵی «٩٩٨» ڕێکەوتی بیست و یەکەمی مارسی «١٥٩٠ ز» بەڵێننامەی ئاشتی ئەستەنبووڵ لە ڕێگەی نوێنەرانی ئێران و عوسمانییەوە واژۆ کرا.

مەرجەکانی بەڵێننامەکە بریتی بوو لە:

١. تەواوی هەرێمی ئازەربایجان، شەروان، چەخورسەعد(یێریڤان)، قەرەباغ، جۆرجیا، کوردستان و چەند بەشێ لە لوڕستان و هەرێمی عەلیشەکەر (هەمەدان، نەهاوەند، برووجرد، هەرسین و ....) بە دەوڵەتی عوسمانی بدرێت.

٢. دیلەکانی هەر دوو لا ئاڵوگۆڕ بکرێن(دیل بە دیل کردن).

٣. لە لایەن دەوڵەتەوە پەنا و پەسیوی هیچ هەڵاتوویەک نەدرێت.

٤. جنێو بە سێ خەلیفەی ئیسلام و حەزرەتی عایشە ژنی پێغەمبەری خودا(د.خ) نەدرێت.

٥. دەوڵەتی عوسمانی سوڵتان حەیدەر میرزا، برازای شاعەباس لە دەرباری خۆیدا خانەشاری[١] بکات.[٢]

شا عەباس لە پاش زاڵبوون بە سەر کێشەکانی ناوخۆدا، لە هەنگاوی یەکەمدا خوەراسانی لە دەست ئوزبەکەکان دەرهێنا و دیسانەوە ڕۆباری جەیحوونی(ئاموویە) وەک سنووری ئێران دەستنیشان کرد.

پاشان بۆ ئیسفەهان گەڕایەوە و لە هەلێکی گونجاودا ڕێگای سێ مانگەی ئیسفەهان تەورێزی بە خێراییێکی چاوەڕوان نەکراو لە یازدە ڕۆژدا پێوا و ڕۆژی دوازدەهەم لە تەورێزدا لەشکری بە خەڵاف کەوتووی عوسمانی شەل و پەل کرد و پاش بیست ساڵ تەورێز گەڕایەوە باوەشی ئێران. ئینجا لە ماوەی چوار ساڵ شەڕی بێ بڕانەوە ڕۆمیی هەتا سنووری سەردەمی شا ئیسماعیل پاشەکشە پێکرد و ناچاری کردن داوای ئاشتی بکەن.

لە درێژەدا عێراقی عەرەبی داگیر کرد و خزمەتی مەزاری ئیمامەکانی بۆ پاشای شیعە مەزهەبی ئێران لە هەمبەر خزمەتی کەعبە بۆ سوڵتانی عوسمانی بە پێویست زانی. لە پاش ئەم کارانە شا عەباس بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران گەڕایەوە هەتا قەندەهار بۆ سەر ئێران بگەڕێنێتەوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئاشتی و ئاسایش بۆ ئێران و دراوسێیەکان بمێنێتەوە.[٣]

بە ئەرێ کردنی پەیمانی ئاشتی ئەستەنبووڵ لە لایەن شا عەباس و دیاری کردنی سنووری فەرمی نێوان هەر دوو وڵات بە گوێرەی پەیمانی ئاشتی، شای سەفەوی بۆ ئاگادار کردنەوەی سوڵتانی عوسمانی لە مەڕ ئەم بابەتە شاندێکی سیاسی - دیپلۆماسی بە نوێنەرایەتی «قەرە ئەحمەد

١. خانەشاری: واتە بارمتەی فەرمانڕەواکان لە لای یەکتر کە بە گوێرەی گرێبەستێ کەسەکە لە لایان بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە.
٢. بۆرازێش، ١٣٩٢: ٣٤٩
٣.گوودەرزی، ١٣٨٧: ١٦٨

سوڵتان» بەرەو ئەستەنبووڵ هەنارد. لە نامەیەکدا شا عەباس داوا لە سوڵتانی عوسمانی دەکات کە قەڵای نەهاوەندیان پێ بدەنەوە و لەلەی حەیدەر میرزایش وەک بارمتەی ئێران بگۆڕدرێت بە کەسێکی دیکە.

شاندی ئێرانی لە دەیەمی «زیقەعدەی ٩٩٩ ک.م / سی و یەکەمی ئووتی ١٥٩١ ز» لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پێشوازییان لێکرا و باڵوێزی ئێران دوای نۆ ڕۆژ لە نۆزدەی «زیقەعدەی ٩٩٩ ک.م / نۆیەمی سپتەمبەری ١٥٩١ ز» چاوی بە سوڵتانی عوسمانی کەوت و پەیمانی پەسندکراوی پێشکەش بە سوڵتان کرد. سوڵتان موراد پێش بەڕێ کردنی باڵوێزی ئێران چاوێکی بە پەیمانە دوو قۆڵییەکەدا خشاندەوە بەڵام لەگەڵ داخوازییەکانی شا عەباس لەمەڕ پێدانەوەی قەڵای نەهاوەند و لەلەی سوڵتان حەیدەر میرزا دژایەتی کرد.

نووسەری پەرتووکی «مێژووی سلانیکی» بە ناوی «مستەفا ئەفەندی سلانیکی» کە لە مێژوونووسانی عوسمانی بوو لە سەردەمی سەفەویدا، لەم بارەوە ئاوەها دەڵێت: «ڕۆژی یەکشەممە نۆزدەی زیقەعدەی ساڵی «٩٩٩ ک.م» جەماوەرێکی زۆر لە دیوانی خاوەنشکۆدا بوون کە قەرە ئەحمەد سوڵتان ناوێ وەک باڵوێزی شا عەباس هات و نامەی پاشای عەجەمی هێنا و دایە دەستی سوڵتانەوە... لە نامەکەدا داوای قەڵای نەهاوەندیان کردبوویەوە و هەروەها نووسرا بوو کە شاقولی خەلیفەی لەلەی حەیدەر میرزا بڕوات و لەلەیەکی دیکە دەستنیشان کراوە بەڵام لەگەڵ داخوازییەکانیاندا دژایەتی کرا».[1]

**بارودۆخی سیاسی کوردە کەڵڕەکان لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا**

تەختنشینی شا عەباس دەسپێکی سەرەتایەکی نوێ بوو لە حکوومەتی

١. سلانیکی، ١٣٨٩: ٣٧٦

سەفەوییەکاندا. سیاسەتی ناوەندخوازانە و چاکسازی لە کاروباری ناوخۆیی و زاڵبوون بە سەر دوژمنە دەرەکییەکاندا بوو بە هۆی ئەوە هەتا سەردەمی چل و دوو (٤٢) ساڵەی پاشایەتی شا عەباس سەردەمی زێڕین و لووتکەی هێز و دەسەڵاتی سەفەوی ناوزەد بکرێت. چوونکە دوو دوژمنی عوسمانی و ئۆزبەک، شا عەباسیان ترنجاندبووە نێوان هێرشەکانی خۆیان، ئەویش لە ناچاریدا بە گوێرەی پەیمانی «٩٩٩ ک.م» هەرێم و مەڵبەندەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی بە عوسمانییەکان دا. کرماشان و خاکی کەڵڕەکانیش بە پێی ئەو پەیمانە خرایە سەر عوسمانی. شا عەباسی یەکەم پاش سەرکوتی ئۆزبەک و هێورکردنەوەی دۆخی ناوخۆیی؛ ساڵی «١٠٢١» دیسانەوە بڕیاریدا ناوچە ڕۆژئاواییەکان بگەڕێنێتەوە سەر ئێران.

لەگەڵ ئەم هەڵمەتەی شا عەباسی یەکەمدا بوو کە کرماشان و ناوچەکانی نێو بازنەکەی بە تایبەت دەشتەکانی مایەشت و زەهاو بوو بە گۆڕەپانی تەڕاتێن و تۆزتەکێن کردنی لەشکری ئێران و عوسمانی. بەمانەشەوە میرەکانی کەڵڕ لە ماوەی ئەو شەڕەدا قەد لەگەڵ عوسمانی هاوسۆزییان پیشان نەدا بەڵام هەندێ کێشە و ئاریشەشیان بۆ شا عەباس بەدیهێنا.[1]

نافەرمانی و مل بادانی میر عومەری کەڵڕ لەو کێشانە بوو کە شا عەباس بە هەناردنی لەشکرێ بە فەرماندەیی «ئەڵڵاوێردی خان» ئەو ئاژاوەیە سەرکوت کرد و هەندێ لەو یاخیانەی کەڵڕ کە ببوونە هۆی ئازار و ئەشکەنجەی لەشکری سەفەوی قۆڵبەستی کردن.

«مەلا جەلالەدینی مۆنەجێم» لە پەرتووکی «مێژووی عەباسی یان ڕۆژنامەی مەلا جەلال»دا سەبارەت بە شۆڕشی میرعومەری کەڵڕ ئاوەها دەنووسێت: «لەم کاتەدا نەزەرعەلی بەگ گەیشت و وتی میرعومەری کەڵڕ ئاڵای دژایەتی هەڵداوە و لەشکری هەناردووە

١. نووری، ١٣٨٨: ٤٤

بۆ شەڕ و شۆڕ. خانی گەورە بە پێویستی زانی بەرپەرچی بداتەوە و لەگەڵ فەرماندەکاندا تیشکیان خستە سەری و لە بوارێکەوە لە ئاوەکە پەڕینەوە و لە «قزڵ ڕۆبات» تاقمی قزڵباش بە سەرکردایەتی «ئیمام قولیخان» ڕۆیشتنە سەر میر عومەر و ئیمام قولیخان بلەز خۆی گەیاندە «سەیان / سەگان» کە بنکەی سەرەکی میر عومەر بوو». میرعومەر لە هاتنی قزڵباس ئاگادار بوویەوە و بە مەبەستی شەڕ کردن هاتەدەر و لەگەڵ پاسەوان و زێرەڤانەکاندا بە شەڕ هات و شکستی هێنا و بەرەو «دەرنە» هەڵات؛ سبەی ڕۆژ ئیمام قولیخان گەیشتە قەڵای سەیان و بوو بە دژدار و ئیدی کەوتە ڕاوەدوونانی میرعومەر. میرعومەر هێشتا لە قەڵای دەرنەدا ئۆقرەی نەگرتبوو هەواڵی هاتنی قزڵباشی پێگەیشت خێرا لە دژ هاتە دەرێ و بوو بە شەڕ و زۆرێ لە قزڵباشەکان بریندار بوون و میرعومەریش بە زامداری کەوتە دەستیان؛ ئیمام قولیخان پاش گرتنی میرعومەر بەگ لەگەڵ کۆمەڵێ لە شەڕڤانەکان وێردی بەگی هەنارد هەتا دەست بە سەر کەل وپەلی قەڵاکەدا بگرن و بە دیل بوونی میرعومەر، قەڵای زنجیر و قەڵاکانی دیکەش گیران و کاتێ گەیشتنە نزدیکی مایەشت چەند چاروا و بارەبەریان لە لەشکری حوسێن خان دزی بوو، دوو کەس لەو دزانە گیران و وتیان ئێمە دزین و سە بە هۆزی کەڵڕین و لە تەنگەلانێ مەکۆمان گرتووە. خانی گەورە دەستەیەکی هەناردە سەریان و دەستەدزەکەیان بەست بە کلکی ئەسپە دزراوەکانەوە و هێنایان. بە فەرمانی خانی گەورە «پەیکەرخان» میری ئەویا و سەد کەس لەو کۆمەڵەیان مل پەڕاند و پاش پەڕینەوە لە سەیمەرەی قەراحەسەن خان و حسێن خان بەرەو زێدی خۆیان ڕۆیشتنەوە.[١]

لەو ساڵەوە کەوا «چۆغال ئۆغلی»، فەرماندەی لەشکری عوسمانی لە بەغدادەوە بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت

١. مۆنەجێم یەزدی، ١٣٦٦: ٢٤٧

شاری کرماشان لەشکری هێنا و نەهاوەندی داگیر کرد، شاوێردی خانی لوڕ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی کەوتە دۆستایەتی و کەین و بەین کردن و هەرێمی لوڕستانی وەک بەشێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پاشانشینی بەغداد ئەژمار کرد و ملی بۆ عوسمانی نەواند. شا عەباس بۆ سەرکوتی شاوێردی خانی لوڕ لە قەزوێنەوە بەرەو خوڕەماوا بەڕێ کەوت، بەڵام هەر کە هەواڵی چاوەڕواننەکراوی گەیشتنی شا عەباس بۆ خوڕەماوای پێگەیشت بەرەو چیاکانی ڕۆژئاوای لوڕستان و ناوچەی سەیمەرە و کەوڕکۆ(کەبیرە کووهـ) کە بەشێکە لە زنجیرە چیای زاگرۆس هەڵات و لەوێوە خۆی گەیاندە خاکی عوسمانی.

شا عەباس دوای هەڵاتنی شاوێردی خان، سوڵتان حوسێن ناوێک کەوا برازای شاوێردی بوو و لە ترس مامۆی پەنای بردبووە بەر هۆزی کەڵڕ و لەو کاتەدا لە ئۆردووی شا عەباسدا بوو، بە جێگەی ئەو وەک میری لوڕستان هەڵیبژارد.[١]

خۆ داڵدەدانی سوڵتان حوسێن برازای شاوێردی خان میری لوڕستان لە کن هۆزی کەڵڕ بە هۆی بەهێزی ئەم هۆزەوە بوو لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا.

نووسەری پەرتووکی «روضةالصفا» لەم بارەوە دەنووسێت: «پاش هەڵاتنی شاوێردی خان بۆ ڕۆم(عوسمانی)... سوڵتان حوسێن کوڕی شا ڕۆستەم کە لە ترسی شاوێردیدا لە نێوان هۆزی کەڵڕ دەرکەوتە و هەڵاتوو بوو، هیوایەتی بوو بە دیوانی پاشا و میرایەتی هەرێمی لوڕستانی پێ خەڵات کرا و سەد هەزار سەر مەڕی پێشکەشی خەڵکی لوڕستانی وەک دەسخوەشانە خستە تەک لەشکری خاوەنشکۆ».[٢]

ساڵی «١٠١٢ ک.م» شا عەباسی یەکەم فەرمانی بە «ئەڵڵاوێردی

---

١. بەهرامی، ١٣٨٨: ٥٧
٢. سوڵتانی، ١٣٧٢: ٥١٧

خـان» فەرمانـڕەوای وڵاتـی فـارس کـرد لـە ڕێـگای شووشـتەر و هۆوەیـزەوە بـڕوات بـۆ بەغـداد و وێـڕای تاوتـوێ و سەرکێشـی بـە سـەر حکوومەتـی ئەویـا، ئەگـەر «ئـۆزۆن حەسـەن ئەحمـەد» پاشـای بەغـداد نەبـوو بـە ئەمەگـداری ئێـران، چەرخـی لـە چەمـەر بکێشـێت.

چوونکە ئۆزۆن ئەحمەد لە فەرمانڕەوایی بەغدادا سەربەخۆیی بەدەست هێنا بوو و لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەسەڵاتی بەغدادی پێ ئەسپێردرا بوو سەری بۆ سەفەوییەکان نەوی نەکرد و ملی پێیان نەدا.

ئەڵڵاوێردی خان بەغدادی گەمارۆ دا و داگیری کرد و ئینجا لە ڕێگەی کرماشانەوە بەرەو ئازەربایجان ڕۆیشت. لە نێو ڕێگادا دەرکەوت کە میر قوبادی کەڵر کوڕی میر عومەری کەڵر لە میرەکانی سەنجەقی ڕۆمی کە لە قەڵای زنجیردا مەتەرێزی گرتبوو هێرشی کردە سەر هەندێ لە شەڕڤانەکانی لەشکری ئەڵڵاوێردی خان و زیانی زۆری پێگەیاندن و ئەڵڵاوێردی خانیش میرقوبادی کەڵر کە گوێرایەڵی عوسمانییەکان بوو لە دەسەڵات هێنایە خوارێ و ئەم ناوچەیە لە لایەنگرانی عوسمانی سڕیەوە.[١]

## شوێن پێی کوردە کەڵڕەکان لە خوەراساندا

فەرمانڕەواکانی سەفەوی هەمیشە بۆ سەرکوتی ئۆزبەکەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێراندا لە هێزی کوردەکان کەڵکیان وەرگرتووە، لە سەردەمی شا تەهماسبی یەکەم ئۆغڵان بوداق خانی چگنی لە میرە گەورەکانی کورد کرا بە فەرمانڕەوای شاری مەشهەد و پاشان قووچان. حکوومەتی ئەسفراین لەم کاتەوە هەتا تەختنشینی شا عەباسی یەکەم لە ژێر دەسەڵاتی کوردەکاندا بوو. کوردەکانی ئەسفراین لە دوای هێرشی

١. تورکمان، ١٣٨٧: ٦٤٩ هەروەها سەردانی: ئەفشار سیستانی، ١٣٧١: ٣٨٦ بکەن.

عەبدولمۆئمێن خانی ئۆزبەک بۆ سەر شاری مەشهەد و ڕەشەکوژیێ زۆر بەرگریێ توند و تۆڵیان لە شاری ئەسفراین کرد و پیاوانە شەڕێکیان کرد هەتا کوردێک زیندوو مابوو ڕێگە نەدرا ئۆزبەک بڕواتە نێو شارەکەوە.

کەچەڵ قوبادی کەڵڕ، ئاخرین کورد بوو کە بە بوێری و دلێرییەوە شەڕێکی پاڵەوانانەی کرد و جۆرێک بە گژی دوژمندا چوو تەنانەت دوژمنەکەشی ئافەرینی لە ئەو بوێریەی دەکرد و هەر بەم بۆنەوە بوو کاتێ یەکێک لە میرەکانی ئۆزبەک لە نێو دژەکەدا پێڕا گەیشت حەیفی لێهات دلێرێکی وەها بکوژێت هەر بۆیە چەکی کرد و شەو درەنگان لە ئەسفراین دەری کرد؛ تەنیا کوردێک بوو لەم شەڕەدا بە زیندوویی دەرچوو و هەواڵی کەوتنی شاری ئەسفراین کۆتا پێگە و جێگەی خوەراسانی گەیاندە شا عەباس لە شاری قەزوێندا.[1]

## شا سەفی

شا سەفی کوڕەزای شا عەباسی یەکەم؛ شەشەمین پاشای سەفەوی، لە پاش مەرگی شا عەباس لە بیست و چوارەمی جەمادیۆلئەوەڵی «١٣٠٨ ک.م نۆزدەهەمی ژانڤیەی ١٦٢٩ ز» لە شاری ئیسفەهان لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت. پێش ئەوەی ببێت بە پاشا ناوی «سام میرزا» بوو کە ساڵی «١٠٢١ ک.م» لە دایکێکی گورجی و باوکی کەوا موحەممەد باقر سەفی میرزای ناو بوو لە دایکبوو. شا سەفی لە سەرەتای تەختنشینیدا، شازادەکانی سەفەوی و کچەزاکانی شا عەباسی ئەسپاردە شیر و تیری جەلاد و میرغەزەوەکان.

پێدەچێت مەبەستی ئەو لە ئەنجامی ئەم کەتنە قێزەونە بە بۆنەی ڕقێکەوە بوو کە لە شا عەباسی باپیرەی هەیبوو بە هۆی فەرمان کردن بە

١. تەوەحۆدی، ١٣٧١: ٢٥

کوشتنی شازادە، سەفی میرزای باوکی.[١]

پتەو کردنی بنەڕەتی دەسەڵاتی سەفەوی لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا ئیزنی هەموو سەرهەڵدانێکی هەرێمی سەرکوێر کردبوو، بەڵام پاش مردنی ئەو لە ئەملاو ئەولاوە ئاوری سەرکێشی و سەرهەڵدان هەڵگیرسا و یەکێک لەم شۆڕشە ناوخۆییانە سەرهەڵدانی خان ئەحمەد خان میری کوردستان بوو.

## شۆڕشی خان ئەحمەدخانی کورد لە سەردەمی شا سەفیدا

خان ئەحمەدخان کوڕی هەڵۆ خانی ئەردەڵان لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا لە گرتنی قەڵای ڕەواندز و شاری مووسڵدا گەلێک بوێری و دلێری نواندبوو و لە پاش مەرگی شا عەباس و هاتنە سەر دەسەڵاتی شا سەفیدا هەر خۆشەویست و جێگای ڕێزی شا سەفیش بوو.

میرزا ئەحمەد تاهێرقەزوێنی نووسەری کتێبی مێژووی «جەهان ئارای عەباسی» لە مەڕ ڕووداوەکانی ساڵی «١٠٣٩ ک.م»، کاتێکە شا سەفی لە هەمەداندا بوو و خان ئەحمەدخان خانزادە خانمی کەڵڕ کە سەرکردەیەکی کورد بووە بە دیلی دەگرێت و ڕادەستی شا سەفی دەکات؛ ئاوەها دەڵێت: « ....... و خانزادە خانم سەرکردەی هەندێ لە کوردەکان کەوا بەردەوام بشێوی دەنایەوە، لەم کاتەدا دەکەوێتە دەست ئەحمەدخان و گیرۆدە دەبێت، دەینێرێتە دیوانی شا و دەکەوێتە بەر سۆزی شاهانە و پاشان بۆ زێدی خۆی دەگەڕێتەوە».[٢]

بەڵام پاش ئەم ڕووداوە بە هۆی ئیرەیی و بەیی کردنی بەدخوازەکانەوە

---

١. نەوایی و غەفاری، ١٣٨٨: ٢٢٦
٢. وەحید قەزوێنی، ١٣٨٣: ٢٢٨

پێوەندی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان و شا سەفی بەرەو خراپە دەڕوات.

خان ئەحمەد زاوای شا عەباس بوو و زەڕین کڵاوی خوشکی خواستبوو؛ کوڕێکی لێ هەبوو بە ناوی سورخاب کە زۆر جێگای سەرنجی شا عەباس بوو، بەڵام گومانی خراپی شا سەفی بوو بە هۆی ئەوە ئەم گەنجەیان کوێر کرد و ئەم کارە دوور لە ڕەوشتە یاخی بوونی خانی ئەردەڵانی لە دوا بوو. لەگەڵ حکوومەتی عوسمانیدا دەستی تێکەڵ کرد و هەندێ ناوچەی وەک کرماشان، سونقور، دینەوەر، موکری و خۆی و ورمێی داگیر کرد. پاشان لە لایەن عوسمانییەوە کەرکووک و مووسڵیان پێدا و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە مووسڵ و کەرکووکدا فەرمانڕەوایی کرد.[1]

شا سەفی دوای دانیشتن لە سەر تەخت، بۆ ڕاگەیاندنی پاشایەتی خۆی و کۆتایی هێنان بە ناکۆکییە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی، شاندێکی بە نوێنەرایەتی مەقسوود بەگ هەنارده دیوانی عوسمانی. هەر چەند لەم کاتەدا بە هۆی داگیر کردنی عێراقی عەرەب لە لایەن لەشکری قزڵباشەوە لە کۆتایی دەسەڵاتی شا عەباسدا هێشتا دۆخی شەڕ لە نێوان هەر دوو وڵاتدا جێگیر بوو. شا سەفی بە هەنێردراوەکەی خۆیدا پێشنیاری کۆتایی هێنان بە شەڕ و بەستنی پەیمانی ئاشتی نێوان هەر دوو وڵاتی خستە بەر باسەوە، بەڵام سوڵتان موڕادی چوارەم پاشای عوسمانی کە لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا لە سەر دەستی شا عەباس گەلێک شکستی هێنابوو و نێوچۆمانی دۆڕاندبوو زۆر بایەخی بە ئەم پێشنیارە نەدا و بۆ هێرش کردنە سەر ئێران خۆی ئامادە کرد.[2]

سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانی بە شوێن بیانوویەکەوە بوو هەتا هێرش بکاتە سەر نێوچۆمان و ماجەرای «گێئۆرکی ساکادزە» سەرداری

١. وەقایعنگار کوردستانی، ١٣٦٤: ١٣٤
٢. بۆرازێش، ١٣٩٢: ٦٨٩

جۆرجیایی ناسراو بە «مۆوراوی» ئەم دەرفەتەی بەدیهێنا.

مۆوراوی کە یەکێک لە فەرماندە گەورەکانی شا عەباس بوو لە جۆرجیادا، شۆڕشی کرد و شا سەفی بۆ سەرکوت کردنی خۆی و شۆڕشەکەی لەشکرێکی هەنارده جۆرجیا بۆی، چوونکە ئەم فەرماندەیەش خۆی پێ نەگیرا پەنای بردە بەر خاکی عوسمانی. سوڵتان موراد ئەم ڕووداوەی کرد بە دەسپێچکی دەستی و مەزنە ڕاوێژکاری خۆی خوسرەو پاشای لە ساڵی «١٠٣٩ ک.م» ڕاسپارد هەتا بەغداد بگرێت.

لەشکری خوسرەو پاشا بە هۆی بارانی بەخوڕ و لێزمەوە ماوەیەک لە مووسڵ مایەوە و پاشان هاتە نێو خاکی کوردستانەوە. شا سەفی زەینەڵ خانی شاملوو سوپاسالاری ئێرانی هەنارده شەڕی خوسرەو پاشا. لە شەڕێکدا کە لە نزدیکی قەڵای مەریوان ڕوویدا سوپای ئێران شکستی هێنا و لە نێو چوو؛ ئەوەش کە مایەوە بە پەرتەوازەیی هەڵات؛ ئیدی لەشکری عوسمانی هەمەدانی داگیر کرد و لە ڕێگای چیاکانی زاگرۆسەوە بەرەو بەغداد بە ڕێ کەوت.[1]

شا سەفی کە لەم ماوەیەدا لە هەمەدان نیشتەجێ دەبێت کاتێ بێ توانایی و پاشەکشێی زەینەڵ خان لە هەمبەر لەشکری عوسمانیدا دەبینێت پلەی سوپاسالاری دەدات بە ڕۆستەم خان و فەرمانی پێدەکات کەوا زەینەڵ خان بکوژێت و قزڵباش لەگەڵ خۆی ببات و بڕواتە شەڕی سوپای عوسمانییەوە. «ڕۆستەم خانیش بەرەو ئۆردووی زەینەڵ خان دەڕوات، دەیکوژێت و سەری دەنێرێتەوە بۆ دەرباری شای خاوەن شکۆ».[2]

بە گەمارۆی شاری بەغداد لە لایەن سوپای عوسمانیی (بیست و

١. هووشەنگ مەهدەوی، ١٣٩٣: ١٠٣
٢. مۆستەوفی، ١٣٧٥: ١٠٨

حەوتەمـی موحەڕەمـی ١٠٣٩ ک.م / شـازدەی سـپتامبەری ١٦٢٩ ز) و هێرشـی پەیتـا پەیتـای لەشـکرەکەیان بـۆ سـەر شـارەکە و بەرخۆدانـی بـێ وێنـەی پاسـەوانە ئێرانییـەکان لـە ژێـر فەرماندەیـی مەزنەمیرانـی ناوچەی عەلیشـەکەر و عێراقـی عـەرەب سـەفی قولیخانـی گورجـی بەغـداد نەکـەوت؛ هەتـا ئەوەیکـە لەشـکری ئێـران بـە سـەرکردایەتی خـودی شـا سـەفی بـۆ یارمەتـی و هاریـکاری گەمـارۆدراوەکان لـە ڕێـوە گەیشـت.

له شەڕێکدا کە سەرەتای مانگی «ڕەبیعۆلسانی ١٠٣٩ ک.م / نوامبری ١٦٢٩ ز» لە نێوان دوو سوپادا هاتە ئاراوە لەشکری عوسمانی بەزێرا و زەبرێکی گورچکبڕی بەرکەوت و پێنج هەزار کەسیان لێ کوژرا. لە ئەنجامدا لەشکری عوسمانی لە حەوتەمی ڕەبیعۆلسانی «١٠٣٩ ک.م» ناچار بوو بە شکاندنی گەمارۆ و پاشەکشێ کردن لە بەغداد. بە وەرگرتنەوەی شارەزوور، قەڵای مەریوان و قەڵای پاڵنگان لە لایەن خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان میری کوردستان و گرتنی قەڵای حلله لە پێنجەمی شەعبانی «١٠٣٩ ک.م / بیستەمی مارسی ١٦٣٠ ز» لە لایەن لەشکری ئێرانەوە بە فەرماندەیی ڕۆستەم خانی سوپاسالار و قایم کردنەوەی قەڵای نەجەف، شا سەفی لە چواردەیەمی «جەمادیۆلسانی ١٠٤٠ ک.م / هەشتەمی ژانڤیەی ١٦٣١ ز» چووە نێو شاری بەغدادەوە، پاشان شای سەفەوی بۆ زیارەتی مەزاری ئیمامەکان سەردانی کازمەین و کەربەلا و نەجەفی کرد.[١]

## بەستێنەکانی پەیمانی ئاشتی قەسرشیرین(زەهاو)

سوڵتان موراد جارێکی دیکە ساڵی «١٠٤٨ ک.م / ١٦٣٨ ز» لە ڕێگەی مووسڵەوە هێرشی کردە سەر بەغداد و گەمارۆی ئەو شارەی دا. ئەمجارە سوڵتانی عوسمانی بڕیاری یەکلایی دابوو هەتا بەغداد بگرێت و بەم

١. بۆرازێش، ١٣٩٢: ٦٩١

بۆنەوە بەرخۆدانێکی زۆری کرد و گەرچی موحەممەدپاشا ڕاوێژکاری گەورەشی لە هێرشێکدا کوژرابوو بەڵام ئەو دەستی لە شەڕ هەڵنەگرت و لە ئاکامدا پاش چل ڕۆژ گەمارۆ و ئاورابارانی شارەکە بە تۆپی قورسەوە شوورەی شارەکەی شکاند و دوای پازدە ساڵ ئەم شارەی لە دەستی ئێرانییەکان دەرهێنا.

سوڵتان موڕادی چوارەم هەندێ مەرجی قورسی بۆ خۆ بە دەستەوەدانی سەربازخانەی(پادگان) ئێران لە بەغداد دانا و ئەوانیش مەرجەکانیان قبووڵ نەکرد و لە چەپەر و خواجەنشینەکاندا هەندێ بەرگری کرا بەڵام ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوە سوڵتانی عوسمانی فەرمانی کوشتنی ئێرانییەکانی بەغداد بدات و بەم فەرمانەش زۆرێک ئێرانی لە خوێندا گەوزان. لەم کاتەدا شا سەفی بە لەشکرێکی دوازدە هەزار کەسییەوە لە قەسرشیرینەوە دەرکەوت بەڵام ئەم هێزە ئەوەندە نەبوو کە بتوانێت بەرهەڵستی سوپای عوسمانی بکات هەر بۆیە شا سەفی نێردراوێک بە ناوی موحەممەدقولی سوڵتان دەنێرێتە بەغداد و پێشنیاری ئاشتی بە سوڵتانی عوسمانی دەدات. وتووێژەکانی بەغداد پەیمانی ئاشتی زەهاوی(قەسر شیرین) لە حەوتەمی مانگی مەی «١٦٣٩ ز / ١٠٤٩ ک.م» لێکەوتەوە کە لە لایەن سارۆتەقی ئێعتمادۆلدەولە و مستەفا پاشا ڕاوێژکاری عوسمانییەوە واژۆی لە سەر کرا.[١]

کاتێ بۆ دووهەمین جار خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان لە ساڵی «١٠٤٧ ک.م» بە پاڵپشتی لەشکری عوسمانی بۆ داگیرکردنی کوردستان بەرەو شارەزوور دەڕوات و دەچێتە نێو خاکی کوردستانەوە، هەواڵ بە شا سەفی دەگات ئەویش ئالی بالی (عەلی بەگی زەنگەنە باوکی شێخ عەلیخان) مەزنەمەیتەری (میرئاخوڕی)[٢] زەنگەنە بە سێسەد سوارەوە بۆ پاراستنی

١. هووشەنگ مەهدەوی، ١٣٩٣: ١٠٥

٢. میرئاخوڕ: بەرپرسی ڕەنجبەرەکانی یەختەخانە و گەوڕ و گەلەخانی پاشایی.

قەڵای سنە دەنێرێت.[١]

## پەیمانی ئاشتی قەسرشیرین (زەهاو)

موحەممەد مۆحسنی مۆستەوفی لە کتێبی«زبدةالتواریخ»دا سەبارەت بەم پەیمانە ئاوەها دەنووسێت: «پاش هاتنی نێردراوەکان و لێک تێگەیشتنی دوو لایەنە، چۆنیەتییەکەیان بۆ پاشا گێڕایەوە و دوای ئیزن پێدان و دیاری کردنی سنوور سەرەتا خاڵی سنوورییان لە قەراخ ئاوی «بەند عەلی: دەربەندیخان» دانا... ئاشتینامەکە نووسرا و بە لایەنەکان درا، ڕۆمی بۆ وڵاتی خۆی ڕۆیشتەوە و قزڵباشیش بۆ ئیسفەهان گەڕایەوە، پاشایش خەریک بوو بە ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی کاروباری ئێرانەوە».[٢]

بەم شێوەیە لە پەیمانی ئاشتی زەهاودا سنوورەکانی ئێران و عوسمانی بەم جۆرە بوو بە جێگە پەسەندی هە دوو وڵات: ئەو سنوور و کەوشەنانەی کە لە لای بەغداد و ئازەربایجانەوەن و ناوچەکانی جسان و بەدرە و شارۆچکەی مەنەلی و دەرەتەنگ و دەرنە و دەشتەکانی ئەم نێوە بوو بە خاکی عوسمانی؛ لە هەمبەردا بەیرە و زەردەلی بۆ ئێران بێت و قەڵای زنجیر کە لە لووتکەی چیادایە خاپوور بکرێت و ئەو گوندانەی کە لە بەری ڕۆژئاوای قەڵا خاپوورکراوەکەدان بۆ عوسمانی و گوندەکانی بەرەی ڕۆژهەڵاتیشی بۆ ئێران بێت. لە نزدیکی شارەزووردا کێوێک هەیە کە لە دەوروبەریدا قەڵای زەڵم بینا کراوە؛ هەر خاڵێ لەو چیایە کە بە سەر قەڵاکەدا زاڵ بێت خاکی عوسمانی بێت و قەڵای هەورامان و گوندەکانی ژێر ڕکێفی بۆ ئێران؛ قزڵجە و بازنەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆ عوسمانی و مێهرەوان(مەریوان) و ناوچەکانیشی بخرێتە سەر ئێران. لایەنەکان بڕیاریاندا کەوا سنووری وان، قەڵاکانی قەتوور، ماکۆ، قەرس

---

١. سەنەندەجی، ١٣٧٥: ١٢٣

٢. مۆستەوفی، ١٣٧٥: ١٠٨

و مەغازبرد وێران بکەن. هەروەها ئێران و عوسمانی بەڵێنیاندا کە ڕێز لە بەندەکانی پەیمانەکە بگرن و ئەمەگیان بە بەڵێنەکانیان هەبێت و لایەنی دۆستایەتی، خۆشەویستی و نەرمی نواندن بگرن.[١]

## گواستنەوەی دەسەڵات لە کوردانی کەڵڕەوە بۆ زەنگەنە

لە نێو هۆزە کاریگەر و بەهێزەکانی سەردەمی سەفەویدا جگە لە کوردانی کەڵڕ دەکرێت ئاماژە بە کوردانی زەنگەنەش بکرێت کە بە تێکەڵ بوون و هاوپەیمانی کەڵڕ لە سەردەمی شا عەباس لە دینەوەر هەتا سونقوری کرماشان سەرچاوەی ڕووداوگەلی گرنگ بوونە لە مێژووی سەفەویدا. چوونکە لێکدانەوە و نرخاندنی گۆڕانکاریی کوردەکانی کرماشان لە سەردەمی شا عەباس بەدواوە وە بێ هەڵسەنگاندنی جێگە و پێگەی هۆزی زەنگەنە کارێکی بێ ئاکام و کەم و کورتە؛ لە بۆ ڕوون بوونەوەی بابەتی بەرباس پێشینەی هۆزی زەنگەنە شی دەکەینەوە و بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە ڕوانگەی ئەم هۆزەوە بەدواداچوون دەکەین کە لە کۆتاکانی سەردەمی سەفەویدا کەڵڕەکان کەوتنە ژێر سێبەری دەسەڵاتیانەوە.

### هۆزی زەنگەنە

زەنگەنە لە هۆزە ناودارەکانی پارێزگای کرماشانە کە لە کرماشان، سەرفیرووزئاوا، مایەشت، تالآن دەشت، هۆلەیلان و گیەلآنی ڕۆژئاوادا دەژین.

هەندێ لە جەماوەری ئەم هۆزە لە دەرەوەی پارێزگای کرماشاندا واتە

---

١. بۆرازێش، ١٣٩٢: ٦٩٩

لە فارس، خووزستان، کۆهگیلوویە، هەمەدان و خوەراسان ژیان دەکەن و لە دەرەوەی جوگرافیای ئێستای ئێران لە ناوچەکانی مووسڵ و کەرکووک و هەراتی ئەفغانستانیشدا نیشتەجێن.[١]

سەبارەت بە بنەمای ناوی هۆزی زەنگەنە، باس و ڕاسی جیاواز هەیە. هەندێ کەس ناوی ئەم هۆزە بۆ ئەو شوێن و ژینگەیە دەگەڕێننەوە کە تێیدا دەژین و هەندێکیش دەڵێن بۆ ناوی «زەنگە» کەسایەتی نێو دیرۆکە پاڵەوانییەکانی ئێران دەگەڕێتەوە. زێدی سەرەکی ئەم هۆزە ئەودیوی سنوورەکانی ئێرانە و لە خاکی باکووری عێراقی ئێستادا (هەرێمی باشووری کوردستان) هاتووچوویان هەبووە.[٢]

هەتا ئەو جێگەیە کەوا کتێبە مێژووییەکان لە سەر هۆزی زەنگەنە زانیارییان بڵاو کردۆتەوە خەڵکانی ئەم هۆزە بەردەوام سەر بە ئێران بوونە و لە ژێر دەسەڵاتی ئەم وڵاتەدا بوونە. میر شەرەفخانی بدلیسی لەم بارەوە دەڵێت:

«قسەقوت و ڤەگێڕ و هەواڵنووسەکان کوردەکانی نێو سنووری ئێران دەکەن بە سێ دەستەوە: سیامەنسووری و چگنی و زەنگەنە. چیرۆکێ بەناوبانگ هەیە کە سێ برا هەبوونە لە ناوچەی لوڕستان و بە قسەیەکیش لە گۆران و ئەردەڵان؛ بە مەبەستی پاڵپشتی و هاریکاری پاشاکانی ئێران لە وڵاتی خۆیان دەرکەفتە بوون، گەشەی زۆریان کرد و گەیشتن بە پلەی میری و ئەو کەسانەش کە لەملاو ئەولاوە هاتنە ژێر سێبەری ئاڵایان بە ناوی ئەوانەوە ناویان دەرکرد و ناوی ئەو هۆزە کوردانەی دیکەی ئێران کە لایەنگری و پشتیوانی لە فەرمانڕەوا و پاشاکان دەکەن بریتین لە: لەک و زەند، ڕۆزبەهان،[٣] متیلج، حەسیری، شارەزووری، وەرمەزیار(وەرمزیار)،

١. ئەفشار سیستانی، ١٣٧١: ١٢١٧
٢ سوڵتانی، ١٣٧٢: ٦٤٨
٣. ڕۆزبەهان: ڕەنگە بە ناوی ڕۆزبەهـ وەزیری بەهرامی گوڕەوە ناو نرابێتن کە ئەمڕۆ بە ڕۆژبەیانی دەناسرێن. سەردەمی شا تەهماسب☜

کەلانی، ئەمینلوو، مەملوویی، گج(کج)، کوڕانی، زکتی، کەڵەگیر، پازۆکی، وەهی، چەمشکەزەک،عەرەبگیرلوو و هتد».[١]

نووسەری شەرەفنامە سەبارەت بە هۆزی زەنگەنە دەڵێت کە سەرکردەکانی ئەم هۆزە لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمی سەفەویدا بە پلە و پێگەی هەرە باڵا گەیشتوون و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئیرەیی هۆز و خێڵەکانی دیکەی سەردەمی خۆیان و بەم بۆنەوە چاویان هەڵنەهات پێیاندا.

«ئەم هۆزە لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمی سەفەویدا بە پلە و پایەی بەرز گەیشتن و کەوتنە بەر ئیرەیی نزدیکانەوە، چوونکە کەسیش لە میرەکانیان نەمایەوە دەستە دەستە چوونە پاڵ میرەکانی قزڵباشەوە و لە عێراق و خوەراساندا دامەزران و هەندێکیان لە نێو لەشکری سوارەدا جێگیر بوون».[٢]

سەبارەت بە ئەوەی کە بۆچی کوردانی زەنگەنە کەوتنە بەر ئیرەیی و بەدگومانی نزدیکانی سەردەمی خۆیان، شتێ لە سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی سەفەویدا نەنووسراوە. بەڵام لە درێژەی نووسینەکانی میر شەرەفخانی بدلیسیدا بە کورتی ئاماژە بەم بابەتە دراوە و هەتا ڕادەیەکیش ڕوون دەبێتەوە کە کەسانی ئەم هۆزە گەرچی لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا بە پلەی باڵا گەیشتن بەڵام یەکجارەکی تووشی بێ ناوونیشانی بوون؛ بە جۆرێک هەتا سەردەمی شا عەباس پێیان نەکرا شیاو بوونی ڕابردووی خۆیان زیندوو بکەنەوە. پێدەچێت کە پەرینگەیی

---

میر سەبری ڕۆزبەهانی میری ئەم هۆزە بووە و ناوی لە «قاموس الاعلام»ی شەمسەدین سامیدا هاتووە. ☜ (زیادکراوی وەرگێڕ: پەراوێزی شەرەفنامە بە کوردی، لاپەڕەی ٤٢٨)

١. بدلیسی، ١٣٧٣: ٤٢٤
٢. هـ . س، ١٣٧٣: ٤٣١

و پەرتەوازەیی ئەم هۆزە لە سەردەمی شا ئیسماعیل بە دواوە هۆکاری سەرەکی بێت بە جۆرێکە هەندێ لە حەشیمەتی ئەم خێڵە بەرەو خوەراسان و هەندێکیش بەرەو ناوچەکانی عێراقی عەجەم کۆچیان پێکرا و ئەم هۆکارەش خۆی لەمپەری بنەڕەتی بوو بۆ یەک نەگرتن و پەرینگە بوون و کۆ نەبوونەوەی هێزی هۆزەکە. هۆکاری دیکەش پەیوەست بوونی هێزەکانی ئەم هۆزە بوو بە لەشکری سوارەی دەوڵەتەوە؛ هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە هەتا سەرکردەکانی هۆزی زەنگەنە بۆ سامان و سەقامی کاروباریان هێزی پێویستیان نەبێت. ئەنجامی ئەم هۆکارانە بوو بە هۆی ئەوە کە بۆ ماوەی سەدەیەک هۆزی زەنگەنە لە گۆڕەپانی ڕکابەریی، گەمەی سیاسی ناوچەکە و دەرباری سەفەوی بڕۆنە دەرەوە هەتا ئەوەیکە لە سەردەمی شا عەباسدا میر و مەزنانی ئەم هۆزە توانیان بەرە بەرە بە ئاستی باڵای لەشکری و ئیداری بگەن. یەکەمین کەسیان عەلی بەگی زەنگەنە ناسراو بە ئالی بالی بەگ بوو.

## عەلی بەگی زەنگەنە مەزنە مەیتەری شا سەفی، باوکی شێخ عەلیخانی زەنگەنە

لە ژێدەرە مێژووییەکانی سەفەویدا ڕەچەڵەکی شێخ عەلیخان بۆ عەلی ناوێک یان ئالی بالی دەگەڕێتەوە. نووسەری مێژووی «روضةالصفای ناصری» سەبارەت بە باوکی شێخ عەلیخان ئاوەها دەنووسێت:

«ئەو کاتەی کە شا سەفی خەریکی گەمارۆی قەڵای چەخورسەعدی یێریڤان بوو و لە دوو لاوە شەڕ و دەمقرە هاتبووە ئاراوە؛ یەکێک لە خزمەتکارەکانی پاشا کە بە ڕواڵەت لە کەسێکی بوێر و دلێر نەدەچوو هەموو ڕۆژێ لە وڵاتی ڕۆمەوە(عوسمانی) سەرێکی لێکراوەی دەهێنایە خزمەتی پاشا و کۆڵێ خەڵات و دیاری ئەکرا.

خەڵێڵە کەوتە دڵی پاشاوە کە لە سەر ئەم کارە بەدواداچوون بکات

و بە بەڵێن و پەیمان پرسیاری لە خزمەتکارەکە کرد و قسەی لە زمانی دەرهێنا و وتی دۆست و میوانێکم لایە بە ناوی عەلی، چەک و ئەسپ لە من وەردەگرێت و دەڕوات بۆ شەڕی ڕۆمی و سەر دەپەڕێنێت و دەیهێنێتەوە و منیش بە ناوی خۆمەوە دەینوێنم و خەڵاتی پێ وەردەگرم. پاشا عەلی بانگ کرد و کردی بە عەلی بەگ و خستیە ڕیزی سوارە ڕم و تیرهاوێژەکانەوە.

ڕۆژێک چەند سەر جوانۆ ئەسپیان هێنابوو و شا سەفی بە خزمەتکارەکانی دەبەخشی، لە نێویاندا جوانۆیەک هەبوو لە چاو پاشادا جوانییێکی نەبوو، عەلی بەگ پێی وت ئەم جوانۆیە لە یەختەخانەی خۆتدا ببەستەوە بە زوویی دەبێتە ئەسپێکی بە ناو و دەنگ؛ شا قبووڵی کرد و لە ئاکامیشدا هەر وەهای لێ دەرچوو. ئیدی پاشا، عەلی بەگی زەنگەنەی کرد بە مەزنە مەیتەری(میرئاخوڕ) گەوڕ و گەلەخانی پاشایی و دەسەڵاتی کەوتە دەست و چەند کوڕی لێهاتووی لێکەوتەوە و یەکێک لەو کوڕانەی کە شێخ عەلیخان بوو پاش سەرمەیتەری و فەرمانڕەوایی کرماشان گەیشتە پلەی وەزیری و ڕاوێژکاری.[١]

عەلی بەگی(عالی بالی) زەنگەنە چەند کوڕی هەبوو کە هەموویان بە نۆرەی خۆیان لە دەرباری سەفەویدا خزمەتگەلێکیان بە ئەنجام گەیاند. کوڕە گەورەی عەلی بەگ، شاسوار بەگی زەنگەنە و کوڕەکانی دیکەی، بە گوێرەی زانیاری نێو سەرچاوەکانی سەفەوی بریتین لە: شاڕۆخ سوڵتانی زەنگەنە، شێخ عەلیخانی زەنگەنە، نەجەف قولی خانی زەنگەنە و حەسەنعەلی خان.

١. هەدایەت، ١٣٨٠: ٦٩٣٥

## هاتنی نێوی هەرێمی کەلْڕ بە جێگەی کرماشان لە مێژووی «جەهان ئارای عەباسیدا»

میرزا موحەممەدتاهێر وەحید قەزوێنی «١٠١٤ - ١١١٢ ک.م» وێڕای ناساندنی یەکەمین مەزنە مەیتەرانی(میرئاخوڕ) سەردەمی شا سەفی، لە عەلی بەگی زەنگەنە وەک عالی بالی ناو دەهێنێت.

شاڕۆخ سوڵتان، شێخ عەلی بەگ(شێخ عەلیخان) و نەجەف قولی بەگ ئەو کوڕانەی عالی بالین کە جگە لەوەی بە پلەی مەزنە مەیتەری پادشا گەیشتن میری هەرێمی کەلْڕ و دینەوەر و سونقوریش بوونە. ئەم نووسەرەی سەردەمی سەفەوی وەک زۆربەی مێژوونووسانی ئەو سەردەمە باس لە دەڤەری کرماشان ناکات و بە ناوی هەرێمی کەلْڕ ناوی دەهێنێت.

«سەرەتا عەلی بەگی زەنگەنە ناسراو بە عالی بالی، لە ڕێگەی لەشکری و سەربازییەوە ڕەنجی زۆری کێشا، شاڕۆخ سوڵتانی کوڕی پاش خۆی بوو بە سەرمەیتەر(میرئاخوڕ) و پاشان وەک میر دەسەڵاتی بەرز بوویەوە و فەرمانڕەوایی هەرێمی کەلْڕ، دینەوەر، سونقور و ئەو سنوورەی بەدەست هێنا. بە مەرگی ناوجێگە ڕۆیشت و لە دوای ئەویش شێخ عەلی بەگی برای وەک سەرمەیتەر و ئینجا فەرمانڕەوایی ئەو هەرێمانەشی پێ ئەسپێردرا. براکەی دیکەی واتە نەجەف قولی بەگ، وەک سەرمەیتەر هەتا کاتی مردنی شا سەفی هەر لە خزمەتیدا بوو».[١]

## شاڕۆخ سوڵتانی زەنگەنە برای شێخ عەلیخان میری هۆزی کەلْڕ لە

١. وەحید قەزوێنی، ١٣٨٣: ٣١٧

## سەردەمی شا سەفیدا

میرزا موحەممەدتاهێر وەحید قەزوێنی نووسەری مێژووی «جەهان ئارای عەباسی» (١٠١٥ – ١١١٢ ک.م) سەبارەت بە میری کوردە کەڵڕەکان لە سەردەمی شا سەفیدا ئاوەها دەنووسێت: «شاڕۆخ سوڵتانی زەنگەنە لە سەردەمی پاشایەتی شا سەفیدا دەبێتە فەرمانڕەوای هۆزی کەڵڕ و زەنگەنە و دینەوەر؛ ماوەیەک میر و مەزنی خێڵەکەی دەبێت و لە دوای مەرگی، شێخ عەلیخانی برای لە جێگەی دادەنیشێت و هەتا کۆتایی سەردەمی پاشا، مەزنایەتی هەر لە گەشەدا بوو و ماوەکەی ژیانی هەتا ئاخر لە سەردەمی پاشای دیکەدا دێتە بەر باس کردن. ناوبراو پیاوێکە خەڵکی زەنگەنە و کەڵڕی لە ڕێگری و چەتەیی کە کسمی زۆرینەیان بوو گێڕایەوە و بە جۆرێ ڕاگیری کردن کە هەرچی بازرگان و ڕێبوار و زیارەتکار لە دەڤەری ژێر دەسەڵاتی ئەودا تێدەپەڕین ئارخایەن بوون کەوا کەس دەست بۆ گیان و گەنجیان نابات.

... بێ ڕەوشتانی کەڵڕ و زەنگەنە کە ملیان بە تۆکی هیچ فەرمانێک نەدەدا و پەتی پیاوەتییان پچڕاندبوو، ئێستا خەریک نوێژ و دۆعان و دەم بە سەڵواتن، لە بە جێگە هێنانی نەریتە ئایینیەکاندا لە حەج و زەکاتەوە بگرە هەتا نوێژ و ڕۆژوو و هتد وە بێ کەم و کوڕی هەمووی بە جێگە دێنن و چرکە ساتێ لە یادی یەزدان خافڵ نین».[١]

## شا عەباسی دووهەمی سەفەوی

نووسەری کتێبی «قصص‌الخاقانی»، مێژووی لە دایکبوونی شا عەباسی دووهەمی هەژدەی جەمادیۆلسانی «١٠٤٢» تۆمار کردووە.

هەمان ڕۆژ کەوا سەرکار و پاکار و خزمەتکارەکانی پادشا جێژنی لە

١. وەحید قەزوێنی، ١٣٨٣: ٣٣١

دایکبوونیان دەگرت یەکێک لە بیر تیژ و بلیمەتەکانی وڵاتی ئێران لە دایکبوونی ئەو ئەسڵزادەیە بە «سەگی درگانەی ئەمیرەلمۆئمنین ١٠٤٢ ک.م» ئەژمار کردبوو.[١]

بە مردنی شا سەفی کوڕە دە ساڵانەکەی واتە سوڵتان موحەممەد میرزا بە ناوی شا عەباسی دووهەمەوە لە شازدەی «سەفەری ١٠٥٢ ک.م / بیست و شەشەمی مەی ١٦٤٢ ز» لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت.

لە هەمان کاتدا کە وتاری پاشایەتی و مەزنایەتییان بە نێویەوە خوێندەوە دراو و دیناریشیان بە نێویەوە لێدا:

خوا لە دنیا، بەشی هەرمانی پێدا
بە ناو عەباسی دووهەم، سکەی لێدا[٢]

هەروەها لە سەر ئەنگوستیلەکەی ئەم دەقەیان هەڵکۆڵی « بود کلب علی عباس ثانی / عەباسی دووهەم سەگی عەلییە».[٣]

ئەم پاشایە کە لەگەڵ باپیرە گەورەیدا واتە شا عەباسی یەکەم هاوناو بوو، وەها دیارە بە لاسایی کردنەوەی ئەو خۆی وەک «سەگی عەلی» دەناساند، چوونکە شا عەباسیش خۆی وەک سەگی درگانەی عەلی پێناسە دەکرد. بەردەوام هەوڵی دەدا وەک شا عەباسی یەکەم پاشایەتی بکات هەر چەندە هەندێ جار وەک ڕەوشتێکی شاهانە فەرمانی بێ

---

١. شاملوو، ١٣٧١: ٢١٥

٢. فارسی ئەم شێعرە بە گۆڕانێکەوە ئەمەیە ☜

بە گیتی سکەی صاحب قرانی زد از توفیق حق عباس ثانی

٣. هـ . س، ١٣٧١: ٢٧٠

بەزەییانەی دەدا، بەڵام بە گشتی دڕندەیی و جەنگزی ئەم زۆر کەمتر لە پاشاکانی دیکەی ئەم ڕێچکە دەسەڵاتە بووە.

دەسپێکی پاشایەتی شا عەباسی دووهەم هاوکات بوو لەگەڵ چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایی سوڵتان ئیبراهیم لە وڵاتی عوسمانیدا و لەم سەردەمەدا سەرۆکی هەر دوو وڵات سیاسەتی پێکەوەژیانیان پەیڕەو دەکرد. ئەم پادشایە وەک باوکی خۆی گرنگی زۆری بە لە بەرچاو گرتنی بەندەکانی ئاشتی زەهاو دەدا و لە هەوڵدا بوو هەر جۆرە لێک تێنەگەیشتنێ لەگەڵ عوسمانیدا بڕەوێنێتەوە.

شا عەباسی دووهەم هەواڵی تەختنشینی خۆی پێڕای دیاری و خەڵات بە نێردراوێکدا بە ناوی مەقسوود خان هەنارده خزمەت سوڵتان ئیبراهیم فەرمانڕەوای عوسمانی و بە گوێرەی پەیمانی نێوانیان داوای لێکرد قەڵای مەلەت لە چیاکانی واندا بڕووخێنێت.[1]

بە مردنی «ئەبۆلغازی خانی یەکەم» پاشای خواریزم لە ساڵی «١٠٧٤ ک.م / ١٦٦٤ ز» و تەختنشینی «ئەنووشە خانی» کوڕی لە هەمان ساڵدا پێوەندی گەرم و گوڕی ئێران و خواریزم کە لە سەردەمی ئەبۆلغازی خاندا لە لووتکەدا بوو تێکدا و ناخۆشی کرد؛ چوونکە لە ساڵی «١٠٧٦ ک.م / ١٦٦٥ ز» ئۆزبەکەکانی خواریزم بە فەرمانی ئەنووشە خان هەیتا و پەسا هێرشیان دەکردە سەر خوەراسان. بە دوای ئەم دەستدرێژیانەدا شا عەباسی دووهەم شێخ عەلی خانی زەنگەنە، فەرمانڕەوای ئەو کاتی کرماشانی وەک فەرماندەی لەشکرێ ڕاسپارد هەتا بڕواتە خوەراسان و گێسەکێ ئەو ئۆزبەکانە بگرێتەوە. لەشکری ئێران بۆ شەڕی ئۆزبەک لە خوەراساندا بوو کە شا عەباسی دووهەم لە بیست و پێنجی ڕەبیعۆلئەوەڵی «١٠٧٧ / بیست و پێنجی سپتامبەری ١٦٦٦» کاتی

---

١. جارشلی، ١٣٩١: ٣١

گەڕانەوە لە مازەندەرانەوە لە دامغاندا تیاچوو.[١]

بە وتەی میرزا موحەممەدتاهێر وەحیدقەزوێنی؛ شاڕۆخ بەگی زەنگەنە یەکەمین میرە کە لە خودی خەڵکی زەنگەنەیە و بە سەر هەرێمی کەڵڕ و دینەوەر و سونقوردا فەرمانڕەوایی کردووە.

شێخ عەلیخانی زەنگەنە ساڵی «١٠٤٩ ک.م» پاش مردنی شاڕۆخ بەگی برای، ڕائەسپێردرێت هەتا کاروباری کوردانی کەڵڕ و زەنگەنە ڕایی بکات و لە ماوەی دەسەڵاتیدا بۆ پتەو کردنی بنەڕەتی دەوڵەتی سەفەوی لە کرماشاندا هەوڵی زۆری دەدا.

شێخ عەلیخانی زەنگەنە پێش گەیشتن بە پلەی وەزیری لە سەرکوتی ئاژاوە ناوچەییەکانیشدا دەوری گێڕاوە. ئەو لە ساڵی «١٠٦٥ ک.م» لە نێوان دژبەرەکانی مەنووچێر خان میری لوڕستان، لەگەڵ شا عەباسی دووهەم ڕۆڵی نێونجی گێڕاوە و داخوازی دژبەرەکانی بە پاشا ڕاگەیاندووە و لەم ڕێگەوە هاریکار بووە بۆ دامرکاندنی ئاژاوەی لوڕستان.

## ڕۆڵی شێخ عەلیخانی زەنگەنە میری کوردانی کەڵڕ لەکۆتایی پێهێنان بە ئاژاوەی لوڕستان لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا

لە سەردەمی شا سەفیدا لە بری ئەو خزمەتانەی کەوا حوسێن خان و شاوێردی خان، باپیرە و باوکی عەلیقولی خان بە دەسەڵاتی سەفەوییان کردبوو فەرمانڕەوایی لوڕستانیان بە کوڕەزا گەنجەکەی حوسێن خان واتە عەلیقولی خان ئەسپارد. میر و مەزنانی دیکەی لوڕستان گەنجی، بێ ئەزموونی و هەروەها هەڵسوکەوتی شیاوی خانیان بۆ مەبەستی خۆیان بەکار هێنا؛ لە فەرمانی ملیان بادا و کاروباری هەرێمی لوڕستان تێکچوو.

١. بۆرازێش، ١٣٩٢: ٨٣٥

گەرچی هەوڵی زۆر بۆ نێوەندگیری ئەنجام درا بەڵام شتێک نەگۆڕا و سەرکێشی و وەیخڕی ئەم تاقمەیە هەر درێژەی هەبوو هەتا ئەو جێگەیە کە جڵەوی کاروباری هەرێمەکە لە دەست عەلیقولی خان دەرچوو. لەم بارودۆخەدا شا عەباسی دووهەم خانە بێ ئەزموونەکەی لوڕستانی لە کار لادا و فەرمانی پێکرد بڕوات بۆ مەشهەد و لەوێدا خەریک بێت بە ڕاز و نیازەوە و دۆعای بەخێر بۆ پاشایەتی بکات. لە پاش ئەم مەنووچێر خان مامۆی خانی لە کار لادراو کە خۆی یەکێک لە پیاوەکانی پاشا بوو کرا بە میر و دەمڕاستی لوڕستان.

پاش هاتنی مەنووچێر خان بۆ لوڕستان ئەو دەستەیە لە گەورەکان کە بە دوور خستنەوەی عەلیقولی خان قازانجی خۆیان لە مەترسیدا دەدیتەوە و پێیان وەها بوو دەکەونە بەر ئاوری تووڕەیی و تەمێ کردنی خانی تازەوە، دەستیان دایە شۆڕش و دژایەتی. هەرچەند لەم کاتەدا زۆربەی پیاوەکانی مەنووچێر خان لە دەوریدا نەبوون بەڵام ئەو پێڕای چەند پەل لە هەڤاڵانی کە لە دەور و پشتی بوون بۆ سەرکوتیان ڕاپەڕی و باسەکەشی گەیاندە خزمەتی شا عەباسی دووهەم. هاوکات لەگەڵ ئەم باسەدا نامەی میرەکانی لوڕستانیش گەیەندرایە پاشا و ئەویش فەرمانی دەرکرد ئەگەر سکاڵا و تانەیان لە سەر هەڵسوکەوتی مەنووچێر خان هەیە بێنە دیوان هەتا بەدواداچوون بۆ گازییەکەیان بکرێت. میر و مەزنانی لوڕستان بۆ گلە و گازی چوونە دیوان و سەرەتا ڕۆیشتنە لای شێخ عەلیخانی زەنگەنە؛ ناوبراو مژارەکەی گەیاندە شا عەباسی دووهەم و بڕیاردرا چەند کەس لە کوێخا و دەمڕاستەکانیان بڕۆنە ژووری پاشا و پاش ئاگادار بوونەوە لە گازییەکانیان، پاشا تێگەیشت کە سازگاری ئەمانە لەگەڵ مەنووچێر خاندا دژوارە، هەر بۆیە فەرمانی لێبووردنی دەرکرد بۆ ئەم تاقمە دژبەر و سەرپێچیکارە و هەندێکیشیان وەک پیاوی پاشا لە دەربار مانەوە و نامەیەکی بۆ مەنووچێر خان نووسی کەوا کاری بە سەرپەلانی ئەم بشێویەوە نەبێت و بیر لە تۆڵە نەکاتەوە و ئاژاوەکە بە

تەواو بوو بزانێت.[١]

له کارەکانی دیکەی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا ئەمەیە کە بە هاریکاری کوردانی کەڵڕ و زەنگەنە نەیهێشت سلێمان خانی ئەردەڵان بڕوات بۆ خاکی عوسمانی.

شێخ عەلیخان ساڵی «١٠٦٧ ک.م» کاتێکە سلێمان خان میری کوردستان دەیویست بڕواتە پاڵ فەرمانڕەوای عوسمانی، خستیە تەڵەوە و هەناردیە لای پاشا و بەم شێوەیە ئەمەگداری شێخ عەلیخان بۆ ماڵباتی سەفەوی لە کاتی دەسەڵاتی بە سەر کوردانی کەڵڕ و زەنگەنەدا سەلمێنرا و شیاوی خۆی بۆ بە دەست هێنانی پلەی وەزیری کە لە سەردەمی شا سلێماندا پێی گەیشت گەیاندییە ئاستی نواندن و سەرهەڵدان.[٢]

ستار عوودی لە پەرتووکی «بیرەوەری شا عەباسی دووهەم»دا کە داڕشتنەوە و پوختەی کتێبی «عەباسنامە»ی میرزا موحەممەدتاهێر وەحید قەزوێنییە؛ سەبارەت بەم بابەتە دەنووسێت:

«لە پاش گەڕانەوەی شا عەباسی دووهەم بۆ ئیسفەهان دەستەیەک لە ئەردەڵانییەکان کە لەگەڵ سلێمان خان میری کوردستاندا هاتبوونە دەرباری پاشای سەفەوی، تێکڕا بە شایان ڕاگەیاند کە سلێمان خان دەیویست بە خاوخێزان و خزم و کەسیەوە بڕواتە وڵاتی عوسمانی بەڵام ئەردەڵانییەکان لۆمەیان کردووە و نەیانهێشتووە ئەم کارە بکات. پێدەچێت بەم بۆنەوە سلێمان خان وە بێ ئیزنی شا هاتبێتە دیوانی و شێخ عەلیخانی زەنگەنە فەرمانڕەوای سونقور و دینەوەریش کە لەگەڵ خاندا بوو ئەم باس و بابەتەی ئەرێ کرد. ئیدی چوون ڕاستییەکە بۆ پاشا ڕوون بوویەوە سلێمان خانی لە دەسەڵاتی کوردستان دوور خستەوە و

١. عوودی، ١٣٨٤: ٦٩
٢. نووری، ١٣٨٨: ٤٨

کوڕە گەورەکەی لە جێگەی باوکی دانا».[١]

سالّی «١٠٧٦ ک.م» شا عەباسی دووهەم لە پاش هێرشی ئۆزبەک، شێخ عەلیخانی زەنگەنەی ڕاسپارد سەرکردایەتی لەشکرێ لە کەڵڕ و زەنگەنە بکات بۆ سەرکوتی سوپای ئۆزبەک. بەڵام پێدەچێت بۆ لاواز کردنی هۆز و خێڵە کوردەکان لە هەمبەر قزڵباش و شاسەون پاشا ئەمەی بە چاک زانیبێت فەرمان بە شێخ عەلیخان و شەڕڤانەکانی بکات بەرەو خوەراسان بڕۆن.[٢]

لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا کەڵڕەکان هیچ هۆگرییێکیان بە هەڤاڵبەندی و هاوڕێیەتی لەگەڵ عوسمانیدا پیشان نەدا و سالّی «١٠٥٨ ک.م» سوارەکانی کەڵڕ پاوەپای مورتەزا قولی خانی سوپاسالار لە گرتنەوەی دەڤەری عەلیشەکەردا بەشدارییان کرد.[٣]

## دابەشکردنی کوردستان بە ڕاوێژی مورید سوڵتانی کەڵڕ لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا

گەرچی لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا کەڵڕەکانی ناوچەی دینەوەر لە ژێر دەسەڵاتی شێخ عەلیخانی زەنگەنەدان بەڵام کەڵڕەکانی لکی(ڕێچکەی) پاڵنگان هەر لەم سەردەمەدا گوێڕایەڵی مورید سوڵتانی کەڵڕ بوون کە ئەویش لە خزمانی سلێمان خان کوڕی میر عەلەمەدینی کوڕی تەیمووری ئەردەڵانی بوو.

«عەلیئەکبەر وەقایەعنگار» لە پەرتووکی «حدیقە ناصری»دا ئاوەها دەنووسێت:

١. عوودی، ١٣٨٤: ٨٨
٢. کەشاوەرز، ١٣٨٢: ١٩٧
٣. سوڵتانی، ١٣٧٢: ٥١٨

«ساڵی ١٠٦٦ کۆچی سلێمان خانی ئەردەڵان ژیانی بە ژانی مەرگ گۆڕیەوە. ماوەی دەسەڵاتی ئەو بیست و شەش ساڵ بوو. ئیدی شا عەباسی دووهەم بە ڕاوێژی مورید سوڵتانی کەڵڕ کە یەکێک لە خزمانی سلێمان خان بوو کوردستانی کرد بە چەند بەشەوە و وەک گۆشتی قوربانی هەر بەشێکی بە سەر یەکێک لە خزمانی سلێمان خاندا بەخشیەوە. هەرێمی سنە و هەندێ لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی بە کەلبعەلی خان کوڕی سلێمان خان ئەسپارد و حکوومەتی مەریوانی بە خوسرەو خان کوڕی دیکەی سلێمان خان پێشکەش کرد. سەقز و سیاکۆی بە زۆراب سوڵتان و پاڵنگانیشی بە مورید سوڵتان ئەسپارد. ناوچەکانی شارەزوور و شارباژێر و هەورامانیشی بە موحەممەد خانی گورجی کە یەکێک لە خزمەتکارە نزدیکەکانی خۆی بوو بەخشی.[١]

## شا سلێمانی سەفەوی(شا سەفی دووهەم)

سەفی میرزا کوڕە گەورەی شا عەباسی دووهەم، کە پاش مردنی باوکی بە هەوڵی خواجە موبارەک لە سەر تەخت دانیشت سەرەتا ڕاوێژکار و گەورەکانی دیوان دەیانویست حەمزە میرزای برا بچووکی بکەن بە پاشا بەڵام لە کۆبوونەوەی دەرباری سەفەویدا کاتێ هەموو گەورەکان دەنگیان بە پاشایەتی حەمزە میرزا دا موبارەک خواجە زمانی هاتە گۆ و بە ژیری و نەرم و نیانی باسێکی پێشکەش کرد و پاکانەی ئەوەی کرد کە سەفی میرزا کوڕە گەورەی شا عەباسی دووهەم لە پێشترە بۆ پاشایەتی.[٢]

ڕۆژی شەممە بیست و حەوتی ڕەبیعۆلئەوەڵی «١٠٧٧ ک.م» سەفی میرزا بە نێوی شا سەفییەوە لە سەر تەخت دانیشت و چەند مانگێ پاشایەتی کرد، بەڵام بڕوای کەلووناس و ئەستێرەناسەکان وەهای کرد کە

١. وەقایعنگار کوردستانی، ١٣٦٤: ١٣٨
٢. نەوایی، ١٣٧٧: ٣٧٩

هەندێ ڕووداوی سرووشتی خراپ و تێکدەر بدەنە پاڵ ڕۆژی تاج لە سەر دانانەکەی و هەر وەها نێوەکەشیەوە (سەفی)، بۆیە جارێکی دیکە بە ناوی سلێمانەوە لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ساڵی «١٠٧٨ ک.م» لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت.[١]

چوونکە شا سلێمان هەر لە منداڵییەوە لە ژووری حەرەمخانەدا پەروەردە کرابوو و ماوەیەکی زۆریش لە ژوورێدا مابوویەوە بە تەواوی هیچی لە داب و نەریتی شاهانە نەدەزانی، هەر بۆیە هەتا ماوەیەک دەسەڵاتەکەی لە ژێر ڕکێفی سابووره پیاوانی دیواندا بوو.

هۆی سەرنەکەوتن و لاوازیی ئەوە بوو کە وەک پاشاکانی پێشوو خووی بە مەی خواردنەوە گرتبوو و بە بۆنەی ئەم ڕەوشتە ناپەسندەوە زۆرێک لە میر و مەزن و فەرماندە لەشکرییەکانی مل پەڕاند؛ هەر بۆیە سابوورەکان(خواجەکان) توانیان پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن و بە تێپەڕینی کات شا سلێمان حەرەمخانەی کردە چلەخانەی خۆی. گەڕیدە و بازرگانی فەرانسی «ژان شاردێن» لەم بارەوە لە گەشتنامەکەی خۆیدا دەنووسێت: «بە گشتی پاشا هەمیشە سەرخۆشە و لەگەڵ ئەوەشدا هێندە ستەمکارە کە هەر فەرمانێکی دەرکرد ئەگەر لە شیرین خەویشدا بێت بێ دەستەوەستان دەبێت جێبەجێ بکرێت....»

## کەسایەتی شا سلێمانی سەفەوی

شا سلێمان پاشایەکی خوێنڕێژ و خوێنمژ بوو. سەفی میرزای کوڕی کوشت. لە سەردەمی پاشایەتی ئەودا ئاسایش و ئاسوودەیی جێگیر بوو. لە کۆتاییەکانی سەردەمی پاشایەتیەکەیدا بە هۆی ئەو ستەمەوە کە کردبووی حەوت ساڵ لە ماڵ نەهاتە دەرێ و گۆشەنشین بوو؛ بەڵام

١. سەفاکیش، ١٣٩٠: ١٢٠

بەمەشەوە هیچ بشێوی و ئاژاوەیەک لە وڵاتدا بەدی نەهات. لەم ماوەدا هەر خەریک مەی خواردنەوە بوو و کۆمەڵێ لە گەورەکانی دەوڵەتیشی کوشت؛ لەو نێوەدا «کەیخوسرەو خانی قولێر ئاغەسی(سەرخزمەتکار)، سارۆخانی قوورچی باشی(فەرماندەی سوارەکان)، سارۆتەقی مەزنەوەزیر، حەمزە خانی سوپاسالار و فەرماندەی قەندەهار، سوڵتان ئەحمەد میرزا، خەلیل میرزا، سوڵتان ئیبراهیم میرزا، سوڵتان حوسێن میرزا و سوڵتان مستەفا کەوتنە بەر شالاوی ئەو ڕەشەکوژییەوە». شا سلێمان وێڕای ستەمکاری کەسێکی ڕژد و چنۆک و هەروەها خەیاڵی بوو.[١]

شا سلێمان هەتا کاتێ گەیشتە دەسەڵات لە حەرەمخانەدا دیل بوو، بۆیە هەڵسوکەوتی لە ژێر کاریگەری ژنان و سابوورەکاندا بوو. بەڵام ئەو بەختەی هەبوو کە وەزیر و ڕاوێژکارێ گەورە و شیاوی وەک شێخ عەلیخانی زەنگەنەی هەبێت. شێخ عەلیخان هەتا ماوانەیەک «١١٠١ - ١٠٧٩ ک.م» زۆر بە باشی وڵاتی بەڕێوە دەبرد.[٢]

## شێخ عەلیخان زەنگەنە

شێخ عەلیخان زەنگەنە کوڕی عەلی بەگی زەنگەنە(ئالی بالی) لە هۆزی زەنگەنەی کوردی بوو. شێخ عەلیخانساڵی «١٠٢٠ ک.م» لە دایکبوو و سەبارەت بە سەردەمی منداڵی و شوێنی لە دایکبوون و پەروەردە کردنی لە هیچ سەرچاوەیەکدا زانیارییێک با کەمیش بێت دەست ناکەوێت.[٣]

یەکەمین باس سەبارەت بە ژیاننامەی خان بەم جۆرەیە کە شێخ عەلیخان ساڵی «١٠٤٧ ک.م» لە جێگەی شاڕۆخ سوڵتانی برای، کەوا پلەی

١. نەجەفی بەرزەگەر، ١٣٩٣: ٢١٧
٢. مۆستەوفی، ١٣٧٥: ٢٠٦
٣. جەعفەرپوور و سەلیمی، ١٣٨٦: ٧٩

بەرز کرابوویەوە بۆ میرایەتی هۆزی زەنگەنە؛ ئەم لە جێگە پێشووەکەی کاکی واتە پلەی سەرمەیتەری (میرئاخوڕ) دانیشت و لە نۆیەمی جەمادیۆلئەوەڵی «١٠٤٩ ک.م» دیسانەوە لە جێگەی شاڕۆخ سوڵتانی برای کە مردبوو وەک میری زەنگەنە دەست بەکار بوو و ساڵی «١٠٦٤ ک.م / ١٦٥٣ ز» وەک فەرمانڕەوای کرماشان فەرمانی وەرگرت.

«شاردێن» گەڕیدەی فەرانسی سەبارەت بە شێخ عەلیخان وەک فەرماندەیەکی پایەبەرز ناو دەهێنێت کە سی ساڵ پێشینەی جەنگاوەری هەبووە. ژیانی سیاسی شێخ عەلیخان، لە پاش مەرگی شا عەباسی دووهەم و تەختنشینی شا سلێمان(شا سەفی) نە تەنیا دوایی نەهات بەڵکوو خۆی لە خۆیدا سەرەتای گەشە کردنی ڕەوتێ بوو کە بە لووتکەی بەهێزی گەیاند و بوو بە هۆی ئەوە بە پلە و پایەی سەرتر و بەرزتر بگات. لە سەردەمی شا سلێماندا، پاش هرووژمی ئۆزبەک بۆ سەر ئێران؛ هەم دیسانەوە شێخ عەلیخان بۆ شەڕ بانگ کرایەوە و فەرماندەیی بەشێک لە لەشکریان پێ ئەسپارد و بە جێگەی براکەشی بە حکوومەت و دەسەڵاتی کرماشان گەیشت.[١]

شێخ عەلیخان لێهاتوویی خۆی لە بواری لەشکرییەوە سەلماندبوو و ساڵی «١٠٧٩ ک.م» پاش دەست لە کارکێشانەوەی بوداق سوڵتان فەرماندەی چەکدارەکان، لە جێگەی ئەو دانرا.

دەست ئاخری شێخ عەلیخان گەیشتە پلەی وەزیری و سەبارەت بە ساڵی بە وەزیر کردنیشی باسی جیاواز هەیە. شاردێن دەڵێت ساڵی «١٠٧٩ ک.م / ١٦٦٨ ز» بەم ئاستە گەیشتووە.

شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە پاش گەیشتن بە پلەی وەزیری هەموو هەوڵێکی خۆی خستە گەڕ بۆ چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان،

١. شاردن، ١٣٣٦: ٩/١٨١

بەڵام بە هۆکاری جیاوازەوە، پاش دوو ساڵ وەزیری، لە ئەنجامدا شا سلێمان لەم پلەیە دووری خستەوە و خانەنشین بوو. ساڵی لە کار لادانی شێخ عەلیخانیان بە «١٠٨٢ ک.م» داناوە.[١]

هۆکاری بەرچاوی لە کار لادانی شێخ لە وەزیری، دژایەتی کردنی بوو لەگەڵ مەی خواردنەوەی پاشادا و هەروەها هاوپیاڵە نەبوون لەگەڵیا بۆ خواردنەوە بووە و لە پاش ئەمیش قەد کەسێک وەک ڕاوێژکار بۆ جێگاکەی هەڵنەبژێردرا.[٢]

لە ئاکامدا ماوەی دابڕان بە سەر چوو و ساڵی «١٠٨٢ ک.م» شێخ عەلی خان کەوتە بەر سۆزی شاهانەوە.[٣] بە ئەوپەڕی ڕێز و گەورەییەوە لە سەر کارەکەی دانرایەوە. قۆناغی دووهەمی ڕاوێژکاری شێخ، کە لە ساڵی «١٠٨٣ ک.م» دەستی پێکرد، یەکێک لە درێژ خایەنترین سەردەمانی وەزیری و ڕاوێژکاری سەردەمی سەفەوی بووە. شێخ عەلیخانی زەنگەنە دەسەڵاتی زۆری لە بەڕێوە بردن و ڕاپەڕاندنی وڵاتدا بە دەست هێنا و لەم ڕێگەشەوە لە هەیکەلی ئیداری، ئابووری، لەشکری و ڕامیاری وڵاتدا گەلێک چاکسازی بەدیهێنا. شێخ عەلیخان شیعەیەکی بڕوادار و ئیماندار بوو و لە سەردەمی ئەودا گەورەترین کاروانی تەواف و حەج کردن بەرەو مەکە بەڕێ دەکرا.[٤]

### شێخ عەلیخان و شێعر و شاعیری

شێخ عەلیخان کەسێکی هۆگر بە وێژە و شێعری فارسی بوو و هەر لەو کاتەشدا کە دەسەڵاتی کرماشانی لە دەستدا بوو لەگەڵ نووسەر و

١. مۆشیری، ١٣٦٧: ٣٨٨
٢. شاردن، ١٣٣٦: ٣/١٠٨
٣. مۆشیری، ١٣٦٧: ٤٠٦
٤. خاتوونابادی، ١٣٥٢: ٥٣٤

هۆزانڤان و ڕۆشنبیردا ئاموشۆی دەکرد و چەند کەسیان لە خزمەتیدا بوون بۆ نموونە، میرزا نوورا ناسراو بە «لامێع» کوڕی قازی نەسیرای هەمەدانی و نادرای شیرازی ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی شێخ عەلیخاندا مانەوە.[1]

میرزا موحەممەدتاهێر نەسرابادی شاعیری سەردەمی شا سلێمان سەفەوی«١٠٢٧ – ١٠٨٣ ک.م» لە پەرتووکی «تذکره نصرآبادی» باسی لە ژیانی هەزار شاعیری سەردەمی سەفەوی دەکات و لە بەشی دەسپێکدا شێعری شا و شازادەکان دەهێنێت و پاشان پاژێکی تەواو لە کتێبەکە بە میر و خان و خزمەتکارەکانی پاشاوە تەرخان دەکات کە شێخ عەلیخانی زەنگەنە و نەجەف قولی خانی برا گەورەی لە ڕیزی شاعیرانی ئەم بەشەدا ئەژمار دەکرێن.

## ژیاننامەی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە پەرتووکی «تذکرۀ نصرآبادی»دا

جێگری شاڕۆخ، سوڵتانی پێشووی کرماشان، گەنجێگی شیاوە لە ئەوپەڕی شەرم و شکۆ و گەورەییدا. بۆ خوێندن و خوێندەواری کاتی داناوە و لە شێعر وتندا گەلێک تەڕفام و پڕ سۆز و هەوایە؛ نموونە شێعریشی ئاوایە:

هەر لە خێزاو و نیشتاوی ترس و تکادام
وەک گەمیێ شکاو تەمەنێ لە دەریادام[2]

١. نەسرابادی، ١٣٦١: ٣٥٠

٢. فارسی ئەم شێعرە، (نصرآبادی، ١٣٦١: ٣٤) ☞

از جزر و مد خوف و رجا در کشاکشم
چون کشتی شکسته به دریا تمام عمر

### ژیاننامەی نەجەفقولی خانی زەنگەنە لە «تذکرۀ نصرآبادی»دا

ڕێچکەی کوڕە گەورەکەی عەلی بەگی زەنگەنە لە پیاوەتی و بوێری و ڕاستگۆییدا بە ئەوجەی تاریف و ستایش نییە؛ ناوبراو لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا سەرمەیتەر بووە و کاتێکە لەشکری هێندییەکان بۆ داگیرکردنی قەندەهار هاتن، چەندین جار لە سەر یەک بوێری و دلێری لە خۆی پیشاندا و دەستخۆشیشی لێکرا. کاتێ لە کۆڕی شاهانەدا بە هۆی تێژی شەرابەکەوە جووڵەیەکی نەشیاوی لێ دەرکەوت پاشای پەرۆش کرد و ئەویش لێی زویر بوو فەرمانی کرد لە قەڵای ئەلەمووت دەستبەسەری بکەن. دوای ماوەیەک بە پێی فەرمان لە قەڵاکە دەربازی بوو و لە قەزوێن دانیشت. لە پاش کوشتنی جەمشیدخان فەرماندەی نیزامی قەندەهار، نەجەفقولی خان ڕۆیشت بۆ ئەویا و لە کاروباردا گەلێک لێهاتوویی و دادگەری بۆ ڕەعیەت و پێخواس ئەنجامدا. ئەمەش نموونەی لە شێعرەکانی:

وێنەی ڕوخسارت ئاوێنە دەخەملێنێت بە ئاڵ و واڵ
بە خوێ هەوری دەکا جامێ لە تۆ نیشاندا خەت و خاڵ

لە شەڕ ناکەوێ بە چرکە ئەم چەرخە پیر و بێخێرە
شەو ئەستێرانی پڵنگە و بە ڕۆژ هەتاوی وەک شێرە

نیگای هێندە بە جوانی ئەو خەت و خاڵەی نەخشاوە
هەر وەک کلەیێ دەنوێنێت کە خێلی چاوی پۆشاوە

هەر چاوەڕوانییە بەش ئێمە ئەگەرچی لێمان تۆراوە
حەڵقەی سوکنایە بەندەیی، ئەو لە قامکی ئێمەی داوە

ئەی دڵ هەتاکەی پەرۆشی بەم بەزمە باوەی فەناوە
ئەم ڕێگایە کە تۆ دەڕۆی لە بۆ کەس بواری نەداوە[1]

---

١. فارسی ئەم شێعرە، (نصرآبادی، ١٣٦١: ٢٦) ☜

### میرزا نوورا شاعیری دەرباری شێخ عەلیخانی زەنگەنە

میرزا نوورا ناسراو بە لامێع کوڕی خوالێخۆشبوو قازی نەسیرای هەمەدانی کە لە سەردەمی قزڵباشدا(سەفەویە)، قازی شاری بەغداد بووە، کاتێ سوڵتان موراد بەغداد دەگرێتەوە ئەمیش دەسووتێنێت. میرزا نوورا گەنجێکی زانا و هێژایە و لە هەموو بارێکەوە خۆشەویست و خۆنەویستە. هەرکەس لەگەڵیا هەڵسوکەوتی کردبێت گازی لە گوڵی گوفتاری نەکردووە و ماوەیەک لەمەو پێش هاتە ئیسفەهان و بوو بە یەکێک لە هامفەردانی ڕووداونووس واتە نەسرابادی. پاشان بەرەو کرماشان ڕۆیشت و چووە بەر خزمەتی شێخ عەلیخانەوە. شاعیرێکی ناسک خەیاڵ بووە و ئەمە نموونەی شێعریەتی:

ئافەرین لە جیلوەی جوانیت پەشێو حاڵە شێواندووە
شۆخیانی پڕ لە شەرمت ڕەوەی ئاسکی تاراندووە

لە چەمەرەی چواندنا ئەو سەوڵە سەربەرزەی ئەتۆ
کە کڕنۆشت باڵا دەدا نەمامان بۆ جیلوە و شکۆ

---

عکس رخسار تو گلرنگ کند آینه را
از ملاحت، نمك سنگ کند آینه را
نیست دەمی خالی از خشم چرخ پیر
شب ز کواکب پلنگ روز ز خورشید شیر
نقش نگه درست ز خطش نشسته است
این سرمه مومیای چشم شکسته است
با وجود قهر او امیدواری کار ماست
حلقه فتراك او انگشتری زنهار ماست
ای دل از راه فنا چند مکدر گردی
بیش ازین نیست رهی کامدەای برگردی

بزیسکەی دا گیان برووسکە، دڵ بە شەیدا خۆی نواند
بتخانە خۆیا بوو ئەو دەمەی بت لە بیریدا خۆی دواند

لە ئاستێکدا نییە ئەبەد بوونی خەڵک و بوونی خودا
هەر وەک خاڵێک لەگەڵ بازنە چۆن جیاوازە و جودا

گشت کرداری خۆی بە هێڵیٚ بەتاڵ دەکاتەوە کاتیٚ
کەوا ئاخان هەڵدەکێشیٚ ئەو دەمەی وا مەرگی داتیٚ

گەوهەری نایابی دەریای بە ڕێگای دڵیا ڕاداوە
لایا بۆتە چاڵی یووسف هەموو گێژاوی ئەم ئاوە

دڵی خەمبار و خەفەتبار، ڕوون دەکا شەوقی شەوت
بزگ بزێوە ئەشکی شەوقت کەوتۆتە سیلەی چەوت

وەک ئەو تیرەی کە بۆ حەوا هەڵدرابیٚ بگەڕێوە
لە زڤریندایە مەزناتی ئەگەر مەزناهیت بەڕێوە[1]

---

١. فارسی ئەم شێعرە، (نصرآبادی، ١٣٦١: ٢٢١) ☜

زهـی آشـفتگی از جلـوەات آشـفته حـالان را
رم وحشـت ز شـوخیهای تکمینـت غـزالان را
بهارسـتان وحـدت را تـو آن سـرو سـرافرازی
کـه تعظیـم تـو در نشـو و نمـا دارد نهـالان را
بـه جـان بـرق آتـش زد، دل دیوانـه پیـدا شـد
بـه فکر خویش افتاد آن صنم بتخانه پیدا شـد

**«نادرا» شاعیری دەرباری شێخ عەلیخانی زەنگەنە**

لە بنەڕەتدا خەڵکی شیرازە. لە هەموو شتێکدا پێشەنگە و لە لای هەموو کەس خاتر خۆشەویست و لە بەر دڵانە؛ زانایە لە زانستی حساب و ژمارەدا و لەم بارەوە نامیلکەیەکی نووسیوە. ماوەیەک لەمەو پێش لە جلی پیاوە هەژارێکدا دێتە ئیسفەهان و بە مەبەستی زیارەتی مەزاری ئیمامەکان بەرەو عێراق بەڕێ دەکەوێت، شێخ عەلیخان لە کرماشاندا دایدەنێت و ماوەیەک لە خزمەتیدا دەبێت.

گەر بیت بە خاک وەک گەردەلوول لە شەوقی ڕووی
تازە دەتوانی بسووڕێی لە سەر ئەو ڕێبازە کە بووی

ئاگام نەبوو لە ئەو شینەی کە دڵدارم بە کوڵ کردی
میوەی ویستم چرۆیێ بوو کە ئەرغەوان بە گوڵ بردی

پیاڵەی پیاوی ساویلکە تا ئەبەد پڕ نەبوو لە مەی
خۆ دیارە ماچی لێوی جامێ پڕ لە پەقژکێ کەی

---

هستی خلق جهان هستی خالق نشود
این سوادیست که با اصل مطابق نشود

خط باطل میکشد بر نامه اعمال خویش
مد آهی هر که از دل، در دم مردن کشد

مگر در دل گذشت آن گوهر نایاب دریا را
که چاهی یوسفی گردید هر گرداب دریا را

شب که حسنت عشرت افزای دل غمدیده بود
اشک شادی خنده دندان نمای دیده بود

بازگشتی کن تو چون تیر هوایی در جهان
گر به جایی میرسی از همت برگشتن است

داماو و بێ ناو ناچزێت لە دەستی مەستی ستەمکار
سێبەری ئێمەیە هەر دادێ بۆ سەر زەوی نزم و نزار

لە شەرمی ئەنباز و دەسباز وەک خاڵی نێو خەتی پەرگار
پەتی یەکگرتنەوەم ترازا و وە لێم دوور کەوتەوە یەکجار

دەست بۆ چی بەی هەر بەزەیی ئەوە دێتە هاناتەوە
لە کوێ دەرکەویت گەدایی، بۆ لای ئەوت دەباتەوە

لە بەختم دەمهەوێت گیانە لە دەورت بگەڕێم جارێ
بە جۆرێ کە مانگ و خۆریش نەیکردبێ وەها کارێ[١]

---

١. فارسی ئەم شێعرە، (نصرآبادی، ١٣٦١: ٣٥١)

گر شوی خاك از هوای جلوه‌اش چون گردباد
میتوان گردید بر گرد سر رفتار خویش

از خون گریستن بت ما را خبر نبود
چون ارغوان شکوفه ما را ثمر نمود

ساغر صافی دلان از باده هرگز پر نشد
روشن است این معنی سربسته از جام حباب

گزندی از ستمکاران نباشد خاکساران را
زما همواره سایه بر زمین هموار می‌افتد

چو مرکز در خط پرگار از ننگ هم آغوشی
کمند وحدتم از چار جانب مانده دور از من

به هر چه دست زنی دامن عنایت اوست
ز هر دری که درآیی گدای این کویی

چشم از دولت یك گرد تو گشتن دارم
آنقدر سیر که در طالع شمس و قمر است

## مەیرۆم بەگ ناسراو بە سوبحی

سوبحی نازناوی مەیرۆم بەگی تویسرکانییە کە لە کوێخا ناودارەکانی ئەو هەرێمەیە. پیاوێکی پیاوانە بووە و لە گەورەیی و پیاوەتیدا ئەوپەڕی چاکەی دەپێکا، ماوەیەک لە ئیسفەهاندا یەکێک لە قوتابییە ژیر و لێهاتووەکانی ئاغا حوسێن بوو و خوا لای لێکردەوە چووە تەوافی کەعبە و ئێستاکە دەڵێن یەکێکە لە هاونشینانی حوسێن عەلیخان(کوڕی شێخ عەلیخان) میری کرماشان؛ بە گشتی سوبحی نازک خەیاڵ و خوەش بەزم بووە.

هەر بمێنیت ئەی تازە لاو، بوومەو بە گەنج
باڵات گۆچانی پیریمە، لە کاتی دەرد و ڕەنج

دڵنیام قەد ناگەم بە تۆ ئا لەم خەیاڵە خاوەدا
بە هۆی تۆوە لەم ژیانە دەرد و خەمان سەریهەڵدا

ئەم بەزمە تازەیە چییە کە ئەفسانەیان لا حەرامە
هەمووان سەرخۆشن لێرە، نە گۆزەڵەیە و نە جامە

ئاورێک دنیا برژێنە لە هەرلایەک کە دەڕوانم
ئەوەی داخی دڵان ناکا، لێرە کێیە با بزانم[1]

---

١. فارسی ئەم شێعرە، (نصرآبادی، ١٣٦١: ٣٢٣) ☜

ای تازە جوان شدم پیر شوی
کز قد توام عصای پیری دادند

## ئەو باڵەخانە و بینایانە کە بە ناوی شێخ عەلیخانی زەنگەنەوەن

لە سەردەمی شێخ عەلیخانی زەنگەنەدا بۆ ئاوەدانی و بنیاتنانەوەی ئیسفەهان هەوڵی زۆر درا و باڵەخانە و کاروانسەرا و مزگەوت و فێرگە و گەلێک بینای دیکە لەم شارەدا ساز کران؛ بۆ نموونە:

١. مزگەوتی خان، کە شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە ساڵی «١٠٩٠ ک.م» فەرمانی کرد هەتا بینای بکەن. ئەم مزگەوتە لە گەڕەکێک بە نێوی «تراواسکان»دایە و بە نێوی مزگەوتی خان ناوبانگی دەرکردووە.

٢. حەمام کە لە تەنیشتی مزگەوتەکەدایە.

٣. کاروانسەرای چاڵەسیا لە ئیسفەهان.

٤. فێرگەی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە تویسرکان

٥. ڕاستە بازاڕی «چارسووق» لە تویسرکان.

٦. حەمامی خان لە گەڕەکی جەولاستان یان جۆڵاستانی تویسرکان.

٧. کاروانسەرای تویسرکان.

٨. پردی مێژوویی تویسرکان.

---

نرسم به خاطر تو شده‌ام در این تفکر
که به خاطر تو گرد الم از کجا نشسته
طرفه بزمی است که افسانه حرامست اینجا
همگی مست و نه پیمانه نه جامست اینجا
هر طرف می‌نگرم شعله عالم سوزیست
آن که دل را نکند داغ کدامست اینجا

٩. هوماراوی ئەسەدئاوا.

١٠. نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی ئەسەدئاوا.

١١. قەڵای شێخ عەلیخانی هەمەدان.

١٢. کاروانسەرای ئەسەدئاوا.

١٣. پردی شێخ عەلیخان لە ناوچەی زەرقانی فارس.

١٤. کاروانسەرای بێستوون.

١٥. بەردەنووسی(کەتیبە) بە نێوکراوی(وەقفی) شێخ عەلیخان لە بێستووندا.

١٦. کاروانسەرای مایەشت.

١٧. کاروانسەرای هارووناوا(ئیسلاماوای ڕۆژئاوای ئێستا).

١٨. کاروانسەرای کرێندی ڕۆژئاوا.

١٩. کاروانسەرای سەرپێڵ زەهاو.

٢٠. کاروانسەرای قەسرشیرین.

٢١. کاروانسەرای کەنگاوەر.

٢٢. کاروانسەرای سەحنە.

٢٣. کاروانسەرای سونقور.

٢٤. بینا کردنی مەزاری سەیدای توونی مەلا عەبدوڵڵا موحەممەد توونی بۆشرووویەیی کە لە لای ڕاستی ڕێگای کرماشان بۆ بەغداد لە نزدیکی پردە

کۆنەی قەرەسوودایە.[١]

عەبدوڵڵا کوڕی توونی بۆشروویەیی لە گەورە زانا و سەیداکانی سەردەمی سەفەوییە کە چەند بەرهەمی (فقهی و ئوسوولی) نووسیوە و بە هۆی بڕوایەک کە بە خوێندنی نوێژی هەینی لە سەردەمی خۆ شاردنەوەی(غەیبەت) مەهدیدا هەیبوو ناوبانگی دەرکردبوو.

ماوەیەک لە قوتابخانەی مامۆستا عەبدوڵڵای توستەری لە ئیسفەهان دەمێنێتەوە و پاشان دەڕوات بۆ مەشهەد و لەوێ دادەنیشێت. سەردەمێکیش ویستی ئەوەی هەبووە بڕواتە تەواف مەزاری ئیمامانی شیعە لە عێراق و بەم مەبەستەوە دێتە قەزوێن و بۆ ماوەیەک لەگەڵ مەلا ئەحمەدی برای لەو شارەدا دەمێنێتەوە. لەم کاتەدا هاوڕێی ژیر و زانای، مەلا خەلیل قەزوێنی کە ئەویش وەک ئەم بڕوای بە خوێندنی نوێژی هەینی هەبوو لەم شارەدا دادەنیشت و لە سەر داخوازی ئەو ماوەیەک لەوێدا مایەوە. پاشان بەرەو عێراق(عەتەبات) ڕۆیشت، بەڵام لە کرماشاندا مرد و هەر لەوێ ئەسپەردەی خاک کرا. مەرگی ناوبراو لە شازدەی ڕەبیعوڵئەوەڵی «١٠٧١» لە شاری کرماشاندا ڕوویدا. سەبارەت بە مێژوو و مەزاری خوالێخۆشبوو بە گوێرەی نووسراوەیەک لە مەلا ئەحمەدی برای کەوا لە سەر بەرگێک «وافیە» کە ساڵی «١١١١» نووسراوە و ئێستا لە کتێبخانەی ئەمیرۆلمۆئمنیندایە لە شاری نەجەف هاتووە کە پاش مردنی لەو بەروارەی کە لە سەرەوەدا هێنامان لە نزدیکی «پردی شا» لە کرماشان دەینێژن و شێخ عەلیخانی زەنگەنە کە ساڵانێ مەزنەوەزیری شا سلێمان بووە لە سەر مەزارەکەی قوبە و بینایەک ساز دەکات.[٢]

نوێژی هەینی لە سەردەمی سەفەویەدا ئەویش لە کۆمەڵگای تازە بە شیعە بووی ئێراندا گرنگی هەبووە و سەبارەت بە نوێژی هەینی گەلێک

١. جەعفەرپوور و سەلیمی، ١٣٨٦: ٨٧ – ٨٦
٢. جەعفەریان، ١٣٨٨: ٦٦٨

نامیلکە نووسرا. باس لە سەر نوێژی هەینی لە سەردەمی شا سلێمانی سەفەویدا گەیشتە ئەو جێگایە کە بە ئامادە بوونی شێخ عەلیخانی زەنگەنەی مەزنەوەزیر و دوو کەس لە مامۆستایانی ئایینی؛ مەولانا موحەممەد سەعید ڕوودسەری و مەولانا موحەممەد سەراب کۆڕێکی ڕێکخست هەتا زاناکانی دیکەی بواری ئۆل و ئایین لێی کۆ ببنەوە و سەبارەت بە «وجوب عینی»[١]، «تخییری»[٢] و «حورمەتی نوێژی هەینی لە کاتی غەیبەتدا» باس و وتووێژ بکەن.[٣]

بوونی شێخ عەلیخانی زەنگەنە گەورە وەزیری سەفەوی لە کۆڕێکی نوێژ تەوەرانەدا (نوێژی هەینی)، هێمای خەریک بوونی دەوڵەتی سەفەوییە لەگەڵ ئەم مژارەدا.

## ڕۆڵی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە حکوومەتی شا سلێمانی سەفەویدا

شێخ عەلیخان وەک وەزیری شا سلێمان لە سەردەمی خزمەتی خۆیدا گەلێک پلە و پایەی بە دەست هێنابوو. ئەو پێش ئەوەی ببێت بە وەزیر، فەرمانڕەوای کرماشان بووە و کوردانی کەڵڕ و زەنگەنەی لە ژێر دەسەڵاتدا بووە و لە هەمبەری هێرشی ئۆزبەکیشدا لەگەڵ کوردەکانی کرماشان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران چەندین جار شەڕی کردووە و پلەی سەرداری و فەرماندەیی لە ئەستۆ بووە.

ڕەزا قولیخانی هەدایەت نووسەری پەرتووکی «روضةالصفا» سەبارەت بە شێخ عەلیخانی زەنگەنە دەنووسێت: «پیاوێکی ئاکار چاک و ڕەوشت پاک بوو. کەسێکی دەهندە و دلۆڤان و ویست بەرز و خاوەن بڕوا بوو...

١. واجیبێ کە لە سەر هەموو کەسێکی ڕاسپێردراوە(مکلف) وە بێ ئازادی لە هەڵبژاردندا.

٢. مرۆڤ لە بژاردە کردن لە نێوان چەند شتدا سەربەستە.

٣. هـ . س، ١٣٨٨: ٦٢٩

شەوانە بە جلی گۆڕدراو لە کۆلان و گەڕەک دەسووڕایەوە و دەستی مسکێن و پێخواس و فەقێ و بێکەس و بێ دەسی دەگرت».[١]

گەڕیدە و خۆزاناسی(سرووشتناس) ئەڵمانی، ئێنگلبێرت کەمپفێر لە گەشتنامەی خۆی لە سەردەمی شا سلێماندا سەبارەت بە کەسایەتی شێخ عەلیخانی زەنگەنە ئاوەها دەنووسێت: مەزنەوەزیری ئێستای ئێران شێخ عەلیخانی ناوە. لە سەردەمی گەنجیدا بە لێهاتوویی خۆی گەلێک پلە و پایەی بە دەست هێناوە و تەنانەت لە پلەی سەرداریدا لەگەڵ لەشکری ئۆزبەک شەڕی کردووە. پاشان لە لایەن شا عەباسی دووهەمەوە وەک وەزیری گەورە دەستەبژێر دەکرێت. لە ساڵی «١٦٨٦» زایینیدا کە پیاوێکی بە تەمەنە و پێی لە هەشتا ساڵی ناوە هێشتا کەسێکی وریا و سوارکارێکی چاکە و لە خواردنیشدا دەمی مەڕ و زکی گامێشی هەیە. بە سەر کاروباری خۆیدا زاڵە و لە باری جەستە و بیرەوە چاک چەنەوەری کارەکانی دێت. بۆ ئەوەی چاکتر بیناسین دەبێت بزانین لە ڕەچەڵەکی کوردانە و سەر بە هۆزی زەنگەنەیە. هەندێ لە ئێرانییەکان لە نێوان خۆیان و کوردەکاندا جیاوازی ڕەچاو دەکەن و دەڵێن کوردەکان کەسانێکی تەوس و تووڕە، فێڵەباز، سەهەنە و توندوتێژن. بەڵام شێخ عەلیخان نە تەنیا ئەم ڕەوشتە گوماناویانەی هەیە هەندێ تایبەتمەندی دیکەشی هەیە کە لە کەسانی دیکەی جودا دەکاتەوە، پیاوێکی دیندار و لە خوا ترسە، زۆر پارێزکارە و هەر تەنیا ژنێکی هەیە و بێزی لە عەیش و نۆش دەبێتەوە و تێڕوانینێ دادگەرانەی هەیە و بەرتیل وەرناگرێت. لەم بابەتانەوە خراپە هەڵناگرێت بەڵام ناشاردرێتەوە کە هێندە ڕژد و چکوسە؛ گەر زێڕیش بێت وەکوو مسە.

لە زیاد کردنی باج و خەراج بۆ پڕ کردنی خەزێنەی دەوڵەت توند و تۆڵ دەجووڵێتەوە و ئەگەر جوولەکە، هێندی و ئەرمەنی کاریان لە گۆڕێ بێت لەمە خراپتر چاوچنۆکتر دەبێت. وەزیری گەورە دەبێت میر

١. هەدایەت، ١٣٨٠: ٦٩٣٦ ب ٨

و پاسەوانەکان بخاتە ژێر چاودێری توندەوە هەتا یەک هەڵە نەکەن؛ چوونکا دەتوانێت لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتیشیدا کاریگەری هەبێت هەموو میر و مەزنێ لێی دەترسن و بە دۆژمنیشی دەزانن.

ئەو باشترین پلە ئیدارییەکانی بە خزم و کەسانی خۆی داوە. دوو براکەی کە ئێستا لە ژیاندا نەماون گەورەکەیان سەرمەیتەر(میرئاخور) و ئەوی دیکەیان بیگلەربەگی(فەرماندەی جەنگی) قەندەهار واتە میری ناوچەیەک کە لە دەوروپشتی قەڵایەکە بە هەمان ناوونیشانەوە. دوو کوڕەکەی کە هەر دوویان جوانەمەرگ بوون یەکیان داروغەی قەزوێن و ئەوی دیکەیان فەرمانڕەوای کرماشان بووە. حاجی عەلیخانی برازای، بیگلەربەگی ئازەربایجانە و بنکەی لە تەورێزدایە و هاوکات پلەی سوپاسالاریشی هەیە؛ فەرمان بە سەر بیست هەزار لەشکردا دەکات کە لە سنوورەکانی جۆرجیا و تورکیادا جێگیرە و تێدەکۆشێت هێمنایەتی و تەناهی وڵات دابین و مسۆگەر بکات. وە بێ ئەوەی بڕۆمە نێو ڕووداوە ناخۆشەکانەوە تەنیا وە بیری دێنمەوە کە بەشێکی گەورەی بەڕێوەبردن و ئیدارەی وڵات لە دەستی ئەو هۆزەدایە کە مەزنەوەزیری لێوە هاتووە.

شان و شکۆی ئەم بنەماڵە و خانەدانە ئێستا لە ئاستی شکۆی خودی پاشادایە. شێخ عەلیخان خۆی لەو زریق و بریقەیە کە لە ئێراندا پەرەی ستاندووە زۆر بێزارە و بێزی لێی دێتەوە، کاتێ سواری ئەسپ دەبێت تەنیا چەند کەس هاوڕێیی دەکەن و لەم کاتەشدا کراسێکی ساکار بەڵام جوان لە بەر دەکات. ڕیشێ بۆر و درێژی هەیە وەک ئەوەی باوی ڕۆژە خەنە و وسمەی لێ نادات. هەڵسوکەوت و خۆپەسندی ئەو نیشانەی سۆز و هەستی خانەدانانە نییە، دەکرێت لەگەڵ پەیکەرێکدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت کە وە بێ هیچ جوانی و سەرنجێک لە دارێ داتاشرابێت. ئەو حاجییە و موسڵمانێکی باوڕمەندە کە جارێک لە ژیانیدا سەردانی ماڵی خودا و لە مەدینەشدا تەوافی مەزاری حەزرەتی موحەممەد(د.خ) کردووە. هەر بۆیە شا سوێندی بە سەری خۆی خواردووە کە ئەگەر ڕۆژێ

لە ڕۆژان وەزیری گەورە بکەوێتە بەر بێ مێهری و ڕقی شاهانەشەوە، ئەوە قەد بڕیاری کوشتنی نادەم. شێخ عەلیخانیش کە لەم بارەوە لە پاشا دڵنیایە، سەربەستانە بێ هیچ گیر و گرفتێ زۆرتر لە باو و باپیرانی خۆی هاتووچووی دەربار و دیوان دەکات. هەر بۆیە بە خاترجەمی و ئیتوارێ قایمەوە ئەرکی خۆی بە جێگە دێنێت و بە ئازادی ڕا و بۆچوونی خۆی دەربڕ دەکات، ویست و خواستی خۆیشی سەرکەوتووانە بە سەر میر و مەزنانی دیکەدا دەسەپێنێت. گوایە بە شاراوە لایەنگری ئایینزای سوننی دەکات. سوننی ڕێبازێکی ئیسلامییە کە موسڵمانە نا ئێرانییەکان بە تایبەت تورکەکان بە گشتی ڕەدووین. ڕاستی هەرچی هەیە با ببێت بەڵام هەر ئەوەندەی کە ڕوونە لە ژیانیدا لە سەر تەکووزی، ڕێک و پێکی و دادگەری زۆر پێداگرە. ڕقی لە ئەستێرەناسی و کەلووگرتنەوە و هەروەها نوێگەری و گۆڕان دەبێتەوە؛ لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا دوژمنایەتی هەیە و لە سەرەتای دەسەڵات وەرگرتنیەوە زۆر ئازاری موڵتانی(هێندۆسی)، جوولەکە و خاچپەرستەکانی پایتەختی دەدا؛ ئێستاش هەر وەک پێشوو ڕقی لێیانە بەڵام ئیدی ئازاریان نادات، نازانم خەڵات و دیاری دڵی نەرم کردووە یان تێگەیشتووە کە ئازار و ئەشکەنجەیان ئیتر بێ کەڵکە.[١]

نووسەری گەشتنامەی «سانسۆن» کە لە سەردەمی شا سلێمانی سەفەویدا لە ئیسفەهان بووە سەبارەت بە گواستنەوەی ئاوی کووهڕەنگ بۆ زایندەڕوودی ئیسفەهان و دژایەتی و بەرهەڵستی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لەگەڵ ئەم گەلاڵەیەدا دەنووسێت: چوونکە ئاوی زایندەڕوود بۆ ئاودێری و پاراوی دەشتە کاکی بە کاکییەکانی ئیسفەهان بەس نەبوو، شا عەباس دەیویست کە ئاوی کووهڕەنگ تێکەڵ بە زایندەڕوود بکات و بیانبەستێتەوە پێکەوە. «ژنە» ئەندازیاری فەرانسی بۆ بەستنەوەی ئەم دوو ڕۆبارە پێکەوە هەندێ کاری کردبوو بەڵام شێخ عەلیخان کە لەو کاتەدا سەرۆک وەزیران بوو پێشی بەم کارەی گرتبوو، چوونکە ئەم

١. کەمپفێر، ١٣٦٣: ٨٢ – ٨٤

کارە دەبوو بە هۆی ئەوە زەوییەکانی دەوروبەری ئیسفەهان بەپیت و هەزەخ ببێت و ئیدی شێخ عەلیخان نەیدەتوانی ئەو بەرهەم و دانەوێڵانەی کە لە مووچە و مەزرای گوندەکانی خۆی کەوا لە هەرێمی کرماشان و هەمەدان دەستی دەکەوت لە ئیسفەهاندا بیفرۆشێت. ئەم پیاوە ئەوەندە هێز و بڕەوی هەبوو کە قازانجی تایبەتی خۆی زاڵ بوو بە سەر قازانجی وڵاتدا و بەم شێوەیە شێخ؛ شای ڕازی کرد کە ئاوی کووهرەنگ پیسە و ئاوی زایندەڕوود کە تاکە سەرچاوەی خواردنەوەی ئیسفەهانە گەر تێکەڵی کووهرەنگ ببێت پیس دەبێت و میر و مەزنانی دیکەی وڵاتیش کە قازانجی هاوشێوەی سەرۆک وەزیرانیان هەبوو پاڵیان بە پشتیەوە دا و بۆچوونەکەیان ئەرێ کرد.

## دیپلۆماسی شێخ عەلیخانی زەنگەنە، وەزیرە کوردەکەی شا سلێمانی سەفەوی

بە پێی ژێدەرە مێژووییەکان، لە تەواوی سەردەمی پاشایەتی شا سلێماندا ئاشتی و ئاسوودەیی لە سنوورەکانی ئێران و عوسمانیدا جێگیر و پەیمانی ئاشتی زەهاویش (قەسرشیرین) هەر جێگای ڕێز و بایەخی هەر دوو لا بووە. لەم ماوەیەدا نوێنەر و باڵوێزی وڵاتانی ئەورووپایی وەک پۆڵۆنیا، ڕووسیە، دەسەڵاتی پاپا و سویدیش هەوڵیان دەدا هەتا ئێران بدەن بە گژی عوسمانیدا، بەڵام سیاسەت و کارامەیی شێخ عەلیخانی زەنگەنە، مەزنە وەزیری شا سلێمان هەموو ئەم نەخشانەی تێکدا و ژیرانە بە سەر هەموو داوەکاندا داوەڵی کرد.[١]

سالّی «١٠٨٦ ک.م / ١٦٧٥ ز» لە جەنگای شەڕی نێوان عوسمانی و وڵاتانی ئەورووپاییدا بوو کە نوێنەرانێ لە لایەن لێئۆپۆڵدی یەکەم

---

١. بۆرازێش، ١٣٩٢: ٨٨٥

ئیمپراتۆری نەمسا، ژان سوبیسکی سێهەم پاشای پۆڵۆنیا و ئالێکسی تزاری ڕووسەوە هاتنە دەرباری ئێران. مەتران دارپانێل باڵوێزی نەمسا نامەیەکی ئیمپراتۆرەکەی هێنابوو بۆ شای ئێران کە تێیدا داوای یەکێتی نێوان هەر دوو وڵاتی دژ بە عوسمانی و هەڵگیرسانی سەر لە نوێی شەڕی کردبوو لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا.

شا سلێمان کە وەک با و باپیرانی زۆر گرنگی و بایەخی بە پاراستنی پەیمانی زەهاو دەدا ئامادە نەبوو ئەم پێشنیارە قبووڵ بکات و شێخ عەلیخانی زەنگەنە گەورە ڕاوێژکاری پاشا وڵامی نوێنەری نەمسای دایەوە؛ کە پاشا حەزی لەو یەکێتی و پێوەندییە نییە لەگەڵ ئیمپراتۆری ئێوەدا، چوونکە لەگەڵ عوسمانیدا بە ئاشتی و برایەتی دەژین و پاشایش بەڵێنی بە سوڵتانی عوسمانی داوە کە ئاشتی لە نێوان دوو وڵاتدا جێگیر بێت و ئەمەگدارە بە بەڵێنەکەی خۆیەوە.

زۆراویچ باڵوێزی پۆڵۆنیا گوتی ئێستا کاتی وەرگرتنەوەی بەغداد و بەسرە و ئەرزەڕۆمە و نوێنەری ڕووسیاش ڕای وەها بوو چوونکە سوڵتانی عوسمانی بە دژواری سەری قاڵە بە دوژمنە خاچپەرستەکانییەوە لە ئەورووپا، دەکرێت بە ئاسانی دیوان و دەوڵەتی تێک بدرێت و بشێوێت. بۆیە باشتر وەهایە دەوڵەتی ئێران بێتە نێو ئەم هاوپەیمانییەوە هەتا لە دەسکەوتی ئەم سەرکەوتنە بەشدار ببێت. شێخ عەلیخان وڵامی دایەوە کە ئێرانیش پێخۆشە عوسمانی بێ هێز و بێ دەسەڵات بێت بەڵام نایەوێت بە یەکجاری لە نێو بچێت چوونکە هاوئایینی ئێرانە و لە هەمبەر ئەورووپاشدا قەڵغانی پاراستن دێتە ئەژمار. باڵوێزەکان ئاخرین جار تێکڕا هاتنە خزمەتی شا و داواکانیان دووپات کردەوە بەڵام شا پێی ڕاگەیاندن: ئەو ڕۆژەی کە ئێمە شەڕی عوسمانیمان دەکرد ئێوە نەهاتن بە هانامانەوە، ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا ئاشتیمان کردووە و باس کردن لەم بارەوە بێکەڵکە. هەر کاتێ ئێوە ئەو شارانەی عوسمانی داگیری کردووە وەرتانگرتەوە نۆرەی بەغداد و بەسرە و ئەرزەڕۆمیش

دەگات بەڵام ئێمە ئێستا دار بە شارە زەرگەتەدا ناکەین، چوونکە ئەگەر ئێمە لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا بکەوینە شەڕەوە ئۆزبەک و مەنگۆل و تاتاریش بە هۆی ئەوەی هاومەزهەبی عوسمانین هرووژم بۆ وڵاتەکەمان دێنن.[1]

بە وتەی ئێنگلبێرت کەمپفێر: مەبەستی باڵوێزخانەی ئێمە لە دەرباری ئێراندا زۆرتر بۆ ئەوە بوو هەتا شای ئێران ڕازی بکەین بە هێرشێکی هاوبەش دژی تورکەکان کە لە گەرمەی ئاشتیدا بەغدادیان لە دەست باپیرەی(شا) سەفی دەرهێنابوو؛ بەس تەنیا دژایەتی وەزیری گەورە شێخ عەلیخانی زەنگەنە لەگەڵ ئەم کارەدا هەوڵەکانی ئێمەی شکست پێ هێنا.[2]

کەمپفێر لە درێژەدا دەڵێت هۆکاری شێخ عەلیخانی زەنگەنە بۆ دژایەتی لەگەڵ پێکهێنانی هەڤاڵبەندی پێڕای دەوڵەتە ئەورووپییەکان، پەند وەرگرتنە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو بە تایبەت ڕووداوەکانی سەردەمی شا عەباسی یەکەم».

«ڕووداوەکانی سەردەمی شا عەباسی یەکەم پێمان دەڵێت کە هاوپەیمانییێکی ئاوەها مەترسیدارە؛ چوونکە ئەویش لەگەڵ فەرەنگییەکاندا (ئەورووپی) هاوپەیمان بوو بەڵام چوون خاچپەرستەکان وە بێ ئاگاداری و پرسی ئەم لەگەڵ تورکەکاندا پەیمانی دۆستانەیان گرێدا بە ناچاری هەموو لێکەوتەی شەڕەکە لە سەر شانی ئەم کەوت».[3]

«پرمارتین سانسۆن» قەشەی فەرانسی و «جیۆڤانی فرانچیسکۆ جێملی کارێری»، گەڕیدەی ئیتالیش وتەکانی کەمپفێر سەبارەت بە دژایەتی و بەرهەڵستی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لە مەڕ پێشنیاری وڵاتانی ئەورووپی

---

١. هووشەنگ مەهدەوی، ١٣٩٣: ١٢٨
٢. کەمپفێر، ١٣٦٣: ٨٥
٣. هـ . س: ٨٥

سەبارەت بە هاوپەیمانی ئێران و ئەو وڵاتانە دژ بە عوسمانی ئەرێ دەکەن و باسیان لێوە کردووە.

سانسۆن لەم بارەوە لە گەشتنامەکەیدا دەنووسێت: هیچ وڵامێ خۆشتر و جوانتر لەوە نەبوو کە بە سباستیەن کناب و ئارشۆک دابارانێل درایەوە. ئەوان لە لایەن ئیمپراتۆری ئاڵمانیاوە ڕاسپێردرابوون نامەیەک بە شای ئێران بگەینن و پێداگری بکەن هەتا شا لە سەر داواکەیان ڕازی بێت و لەگەڵ ئیمپراتۆری ئاڵمانیا ڕێکەوێت و ئەم ڕێکەوتنە قازانجی زۆری بۆ شای ئێران تێدایە، باڵوێزەکان دەیانگوت و شرۆڤەیان دەکرد، وەزیری گەورەش وڵامی دایەوە کە شای ئێران پێخۆش نییە لە سەر ئەم پێشنیارە بیر بکاتەوە و هیچ هۆگر نییە بەم بابەتە و لە سەر ئەوەش کە دەڵێن خێری تێدایە بۆتان ئەوە بزانن کە شای ئێران بەڵێنی بە سوڵتانی عوسمانی داوە کە پێکەوە لە ئاشتی و ئاسوودەییدا بژین و پاشایش هیچ خێر و قازانجێ لەو بەڵێنەی کە بە سوڵتانی عوسمانی داوە بە گەورەتر نازانێت.[١]

## گرتن و بە سەربازکردنی خەڵکی کرماشان لە سەردەمی شا سلێمانی سەفەویدا

بارتێلێمی کارێ (Barthelemu Carre) کە لە ساڵی «١٠٨٢ ک / ١٦٧١ ز» لە کرماشانەوە تێپەڕیوە باس لە بە سەرباز کردنی (یاساق) خەڵک دەکات لە سەردەمی شا سلێمانی سەفەویدا. دەیگێڕێتەوە کە چلۆن پیاوەکانی دەوڵەت ئەو کەسانەیان کەوا گەیشتبوونە تەمەنێ کە بتوانن چەک هەڵبگرن بانگهێشت دەکرد هەتا خۆیان بۆ بەرنگاری دوژمن ئامادە بکەن.[٢]

١. دانش پەژووهـ، ١٣٨٥: ٢٨٠
٢. متە، ١٣٩٤: ٢٢٨

شێخ عەلیخان سەبارەت بە پێوەندی دەرەکی و هاوسێداری بڕوایەکی پتەوی هەبوو و لە ئەنجامیشدا کەوتە تەڵەی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕووسیادا. لەم ڕوانگەوە هۆڵەندی و پۆرتۆگالی و ئینگلیزییەکان لووتیان پێدا نەدەهێنا. دەیگوت «مۆسکۆ» دراوسێی ئێمەیە و هاوڕێمانە، لە مێژە پێکەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان هەیە.[١]

## کرماشانی پاش شێخ عەلیخانی زەنگەنە

حوسێنعەلی خان کوڕە گەورەی شێخ عەلیخانی زەنگەنە لەو کاتەوە کە باوکی بۆ شەڕی ئۆزبەک لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا چووە خوەراسان وەک جێگرەوە دەسەڵاتی کرماشانی لە ئەستۆدا بووە، پاش ئەوەی ساڵی «١٠٨٠ ک.م» شێخ عەلیخان وەک مەزنەوەزیری شا سلێمان هەڵبژێردرا، حوسێنعەلی خانیش بوو بە فەرمانڕەوای کرماشان؛ ناوبراو هەتا ساڵی «١٠٨٦ ک.م» کە لە لایەن شا سلێمانەوە فەرمانی پێکرا پێڕای کوردەکانی هۆزی زەنگەنە بۆ سامان و سەقامی کاروباری کۆهگیلوویە بڕۆن بۆ ئەویا هەر میری هەرێمی کرماشان بووە. لە پاش حوسێنعەلی خان، شاقولی خانی زەنگەنە فەرمانڕەوایی کرماشانی گرتە دەست و هاوکات لەگەڵ میرایەتی کرماشان پلەی قوورچی باشی گشتی(فەرماندەی گشت هێزە چەکدارەکان) لە ئەستۆدا بووە.[٢]

لە سەردەمی شاقولی خانی زەنگەنەدا، لوڕستانی فەیلی بە هۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوان منداڵەکانی حوسێن خان فەرمانڕەوای لوڕستاندا خرایە سەر حکوومەتی کرماشان و لە ژێر چاودێری شاقولی خاندا دانرا.[٣]

---

١. باستانی پاریزی، ١٣٦٢: ٢٦٦
٢. نەسیری، ١٣٧١: ١٢
٣. خاتوونابادی، ١٣٥٢: ١٠٥

## شا سوڵتان حوسێن

شا سوڵتان حوسێن «١١٠٥ - ١١٢٥» ئاخرین کەس لە زنجیرە سۆفی‌شاکانی سەفەوییە کە وێڕای میراتی شاهانە و پاشایەتی باو و باپیرانی کە بۆی مابوویەوە بەڵام لەو تایبەتمەندیانەی ئەوان هیچی بەر نەکەوتبوو و هەتا بڵێی پیاوێکی نەگۆمە و بێ توانا بوو کە لە هەموو شتێکدا دژداماو بوو.

شا سوڵتان حوسێن ساڵی «١١٠٥ ک.م» لە جێگەی شا سلێمانی باوکی لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت. ڕووسەکان کە لە سەردەمی شا ئیسماعیلی دووهەمەوە دەستیان کردبوو بە هێرش و دەستدرێژی بۆ سەر ئێران، لە سەردەمی ئەم پاشایەدا بە ڕاشکاوی دەستیان لە کاروباری قەوقازدا وەر دەدا و بە بیانووی جۆراوجۆر هەموو بەستێن و ڕەخی دەریای کاسپیەنیان(خەزەر) هەر لە دەربەندەوە هەتا نزدیکی ئێستراباد داگیر کرد هەتا ئەوەی نادرشای ئەفشار سەری هەڵدا و کۆتایی بە داگیرکارییان هێنا. لە ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی پاشایەتی ئەو شۆڕشی ئەفغانییەکانی غەلجایی(غەلزایی) و ئەبداڵی بووە کە لە ئاکامدا مەحموودی ئەفغان لە خێڵی غەلزایی دەستی بە سەر ئیسفەهاندا گرت و تووی سەفەوی بڕیەوە. سوڵتان حوسێن بە جۆرێ کەوا لە مێژووی دونیادا دانسقەیە و بێ‌گومان نموونەیەکی بەرچاوە لە سووک و ترۆیی ئەو کابرایە، خۆی بە دەستی مەحموودی ئەفغانەوە دا کە نزدیکەی ساڵێک دەبوو ئیسفەهانی خستبووە ژێر ئابلۆقە و گەمارۆی خۆیەوە. شا سوڵتان حوسێن بە دەستی خۆی تاجی لە سەری داگرت و لە سەر مەحموودی دانا و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

بەم شێوازە سەردەمی سەفەوی لە ئێراندا کۆتایی پێهات و لە سەرەتاوە چییان ڕستبوو سوڵتان حوسێن هەمووی بە خوری کردەوە. هەرچەند هەتا ساڵی «١١٤٨» کە سەرەتای فەرمی پاشایەتی نادرشای ئەفشارە چەند کەسی دیکەی وەک شا تەهماسبی دووهەم «١١٣٥ – ١١٤٥» شا

عەباسی سێهەم «١١٤٥- ١١٤٨» بە فەرمی پاشا بوون و بە سەر هەندێ شوێنی بە دەر لە ژێر دەسەڵاتی ئەفغانییەکان و ئەو جێگایانەی کە نادر قولی بەگی ئەفشار دەیگرتەوە بە ناو فەرمانڕەواییان دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێت کاتی خۆ بە دەستەوەدانی شا سوڵتان حوسێن وەک کۆتایی و کوژانەوەی چرای بەختی سەفەوی ئەژمار بکەین.[١]

## سکاڵای شاقولی خانی زەنگەنە دژی سارۆ خان

سارۆ خان کە لە پێشینەی خۆیدا جگە لە فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان، فەرمانڕەوایی هەمەدان، سمنان و خوەراسانی لە ئەستۆدا بووە لە ماوەی کۆتاساڵەکانی ڕاوێژکاریی شێخ عەلیخانی زەنگەنەدا لە دەورگێڕانی بە ناوبانگ و بەهێزی گۆڕەپانی سیاسەت و ڕکابەر و دوژمنی سەرەکی شێخ عەلیخانیش بووە و لە دوای مردنیشی شان و شکۆی سارۆ خان بەرز بوویەوە.

بیرەوەرییەکانی «ڤان لێنێ» باڵوێزی هۆڵەندا لە ساڵی «١١٠٢ ک.م» بە ڕاشکاوی پیشانی دەدات کە سارۆ خان لە دەزگای ئیداریدا نە تەنیا کەسی سێهەم نەبووە بەڵکوو لە پلەی یەکەمدا بووە و سۆز و بەزەیی شا سلێمانیش لەم نێوەدا گرنگی خۆی هەبووە. ساڵی «١١٠١ ک.م» شاقولی خان میری کرماشان دژی سارۆ خان سکاڵایەک تۆمار دەکات کە سارۆ خان بە کوشتنی نزدیک بە چل کەس لە کەسوکاری باوکی کۆچکردووی(شێخ عەلیخانی زەنگەنە) بۆتە هۆی ناوزڕاوی و شەرمەزاری ئەو.[٢]

بەڵام خۆشەویستی سارۆ خان لە لای شا سلێماندا زۆر ناخایەنێت و لە ئەنجامدا ساڵی «١١٠٢ ک.م» بە هۆی دزی لە خەزانە و پێوەندی لەگەڵ مریەم بەیگۆم میمکی پاشا، دەکەوێتە بەر ڕق و تووڕەیی شا سلێمانەوە

---

١. شەعبانی، ١٣٨٧: ٥١٨

٢. متە، ١٣٩٤: ١٥٠

و فەرمانی کوشتنی دەدات. لە دوای کوشتنی سارۆ خان، شا سلێمان یەکێکی دیکە لە ئەندامانی هۆزی زەنگەنە واتە شاقولی خانی زەنگەنە وەک قوورچی باشی(فەرماندەی هێزە چەکدارەکان) هەڵدەبژێرێت.[١]

## مورتەزا قولی بەگی زەنگەنە کوڕی شاقولی فەرمانڕەوای کرماشان

پاش ئەوەی شاقولی خانی زەنگەنە(کوڕی شێخ عەلیخان) ساڵی «١١٠٢» کرا بە فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، مورتەزا قولی بەگی کوڕی فەرمانڕەوایی کرماشانی لە ئەستۆدا بوو.

ساڵی «١١٠٣» سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە لایەن عوسمانییەوە بە دنە دانی سلێمان پاشای بابان هەڕەشەی لێ دەکرا. فەرمان بە مورتەزا قولی بەگ میری کرماشان کرا هەتا بە لەشکری کەڵڕ و زەنگەنە لە هەرێمی کرماشانەوە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزەکانی سلێمان پاشادا جووڵە بکات، بەڵام ئەم کاردانەوەیە چەندان بەگوڕ نەبوو. شا سوڵتان حوسێنی سەفەوی نەیدەویست دوژمنایەتی عوسمانییەکان هەڵگیرسێنێت و بەم بۆنەوە لە هەناردنی لەشکرێکی پۆشتە و پەرداخ بۆ سەرکوتی خێڵێ لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا خۆی دەپاراست. لە بری ئەوە نوێنەرێکی بە ناو ئەبۆلقاسم خان هەنارده ئەستەنبووڵ هەتا وێڕای پیرۆزبایی لە سوڵتان موستەفای دووهەم «١١٠٦ – ١١١٥ ک.م / ١٦٩٥ – ١٧٠٣ ز» بە بۆنەی تاج لە سەر کردنی، داواشی لێ بکات هەتا سنوورێ بۆ سلێمان پاشای بابان دابنێت و پێش بە هەڕەشەکانی بگرێت.[٢]

---

١. هـ . س

٢. قومی، ١٣٩٤: ٣٤٢

## هەوڵە ئابوورییەکانی شاقولی خانی زەنگەنە

لەو هەوڵانەی شاقولی کە شیاوی باس کردنە ئەوەیە کە تێدەکۆشا هەتا سکە و زێڕ و زیو لە وڵات نەڕواتە دەرەوە، چوونکە بردنە دەرەوەی کانزا بەنرخەکان یەکێک لە کێشەکانی سەردەمی شا سوڵتان حوسێن بووە و بەم بۆنەوە گەلێک یاسای توند و تۆڵی لە مەڕ هەناردە کردنیان دانا. شاقولی خانی زەنگەنەی مەزنەوەزیر ساڵی «١١٢٢ ک.م / ١٧١٠ ز» لەگەڵ دەوڵەمەندترین بازرگانانی موسڵمان، واتە میرزا مەهدی و میرزا ئیسماعیل کۆبوونەوەیەکی کرد هەتا هەندێ ڕێگە و شوێن بۆ بەرگری کردن لە بردنە دەرەوەی کانزا بەنرخەکان بدۆزێتەوە. بەڵام دیسانەوە پارەیەکی زۆر لە وڵات دەچووە دەرەوە و بەرەو هێند دەیانبرد، ئێستا بە بردنی دووکاتی[١] زێڕ لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای وڵاتەوە ئەم ڕەوتە گوڕی گرتبوو و زیارەتکارانی ئیمامەکان و شارە پیرۆزەکانی عەرەبستانیش هەمیشە ناچار بوون زۆرێک زێڕ لەگەڵ خۆیان ببەن هەتا تێچووی گەشتەکەیانی پێ دابین بکەن.[٢]

## داخوازیی شاقولی خانی زەنگەنە لە پاشای فەرانسە بۆ گواستنەوەی ئاوی کووهڕەنگ لە بۆ زایندەڕوود

بە هۆی گەورەبوونەوەی شاری ئیسفەهان و زۆر بوونی باخ و بۆلاخەکان لە سەردەمی سەفەویدا، ئاوی زایندەڕوود بەشی نەدەکرد و ئەم کێشەیەش تەنیا بە گرێدانی زایندەڕوود بە سەرچاوەکانی کاروونەوە چارەسەر دەکرا و ئەم ڕێکارەش لە سەردەمی شا عەباسدا باسی لێکرابوو

١. دووکات سکەیەکی زێڕین بوو کە یەکەم جار لە ڤنیزی ئیتالیادا لێدرا و لەوێوە بە ئەورووپا و دنیادا بڵاو بوویەوە و زێڕێکی تەواو عەیار بوو لە بازرگانی نێونەتەوەییدا بەکاریان دەهێنا. (زیادکراوی وەرگێڕ)
٢. متە، ١٣٩٤: ٣٤٤

بەڵام بە هۆی نەبوونی کەرەستە و ئامێرەوە نەخشەکە ڕاگیرا هەتا ئەوەی لە سەردەمی شا سلێماندا جارێکی دیکە خرایە بەر باسەوە.

لە سەردەمی شا سوڵتان حوسێنیشدا ئاواتی گرێدانی کووهڕەنگ و زایندەڕوود هەر لە دڵاندا مابوو و بەم بۆنەوە شاقولی خانی زەنگەنە نامەیەک دەنێرێت بۆ لوویی چواردەهەم پاشای فەرانسە و دەڵێت: «وەک دەڵێن وەستا و لێزانی پیشەسازیی وڵاتی بەڕێزتان بە ناوبانگن و باڵادەستییان بە سەر وستاکارەکانی ئێراندا کە لە هەموو کارێکدا بان دەستیان نییە ڕوون و ڕاشکاوە، خاوەنشکۆی بەڕێز؛ فەرمان بدەن لە وستای تۆپ و قونبەلە و چەک و چۆڵ هەتا کارامەی پیشەکانی دیکە.... چەند کەس بێنە دەرباری پایەبەرزمان هەتا لەم وڵاتەدا خەریک بن بە ئەو کارانەوە کە لێی شارەزان.

چوونکە لە نزدیکی پایتەختەوە ڕۆبارێک بە نێوی کووهڕەنگ هەیە و شای شکۆدارمان لەم کاتەدا بە هۆی هێنانەوەی ئاوی ئەو ڕۆبارەوە کەوتۆتە نێو بیر و ویر، داواتان لێ دەکەین کە ئەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەسانێک هەن کە بتوانن ڕاوێژ و ڕێکارێ بخەنە بەردەستمان کە بە ئاسانی ئەم کارە ڕایی بکەین بەڕێز خاوەنشکۆ فەرمان بدەن هەتا چەند کەسیان بۆ هاریکاری و کارئاسانی بێنە دەرباری شای پایەبەرزمان.[١]

## توند و تیژی ئایینی لە سەردەمی ڕاوێژکاریی شاقولی خانی زەنگەنەدا

بابەتی پاک و خاوێنی(طهارت) شیعە لە سەردەمی شا سوڵتان حوسێندا بە پێی ڕاوێژی مامۆستا و گەورەکانی دین کەوتە بەر سەرنجی شاقولی خانی زەنگەنەوە؛ بۆ نموونە یەکێک لەو هەولانە کە بە بۆنەی تاج لە

١. نەوایی، ١٣٧٧: ٤٦٧

سەر دانانی پاشاوە ئەنجام درا، ڕاگەیاندنی قەدەغەی نەهاتنە دەرەوەی ناموسڵمانەکان بوو لەو ڕۆژانەدا کە باران و بەفر دەبارێت نەکا لەو ڕۆژەدا موسڵمان و ئاییندارەکان پیس و گڵاو بن. هەڵبەت بە هۆی دەسەڵاتی ئاغە کەماڵ، سابووری (خواجەی) حەرەمخانەی پاشاوە بوو کە لە ئەنجامی ئەم هەوڵە دووچاوەکییانەدا زۆر توند و تیژی نەدەکرا. بەمەشەوە زەخت و گوشار هەر درێژەی هەبوو و لە سەر داخوازی زانا بناژۆخوازەکان، دیسانەوە شا سوڵتان حوسێن ناچار بوو ساڵی «١١١٠ ک.م / ١٦٩٩ ز» فەرمانی پاک و خاوێنی(طهارت) شیعە ئەرێ بکاتەوە. هەروەها کە گوترا ساڵی «١١٢٠ ک.م» لە سەر داخوازی شاقولی خانی زەنگەنە و میر موحەممەدباقر خاتوونابادی شێخۆلئیسلامی ئیسفەهان فەرمان بە ناموسڵمانەکان کرا لەو ڕۆژانەدا کە باران و بڕانە لە ماڵ بمێننەوە و هاتووچووی دەرەوە نەکەن.[١]

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا سوڵتان حوسێندا، کوڕەکەی شێخ عەلیخان واتە شێخ قولی خانی زەنگەنە گەیشتە پلەی وەزیری و لە پاش مردنی شێخ قولی لە ساڵی «١١٢٧ م» فەتالی خان(فەتحعەلی) زاوای شێخ قولی خان هەتا ساڵی «١١٣٢ م / ١٧٢٠ ز» پلەی وەزیری لە ئەستۆدا دەبێت.

## هەوڵەکانی فەتالی(فەتحعەلی) خان

فەتالی خانی داغستانی، قولێر ئاغەسی(سەرخزمەتکار) پێشوو ساڵی «١١٢٧ م / ١٧١٥ ز» لە پاش مردنی شێخ قولی خانی خەزووری بوو بە وەزیری شا سوڵتان حوسێن.

لە سەرەتای وەزیری فەتالی خاندا بە هۆی قات و قڕییەوە شۆڕش و

١. متە، ١٣٩٤: ٣٤٦

بشێوی لە تەورێز و ئیسفەهان هاتە ئاراوە و ڕایانگەیاند کە بە هۆی نەبوونی خواردنەوە دارۆغەی[١] ئیسفەهانیان خستۆتە نێو ئاورەوە.[٢]

فەتالی خان بە جێگەی ئەوە دۆخەکە هێور بکاتەوە و زاڵ ببێت بە سەر بشێویەکاندا مشووری ئەوەی دەخوارد کە ڕێگایەک بۆ زیاد کردنی داهاتەکانی حکوومەت بدۆزێتەوە.

ڕاوێژی ئەوەی کردبوو کە باج و سەرانەی زیادە لە بازرگانەکان وەرگرێت و گوشار بخاتە سەر ڕەعیەتی ناموسڵمان بە تایبەت بازرگانەکانی بانیان و کۆمەڵگای ئەرمەنی کە لە باج و خەراج پەڕیبوونەوە ناچار بن جەزیە بدەن. دەسەڵاتی ناوەندیش پاش بە دەست هێنانی هەندێ سەرکەوتن لە هەوڵدا بوو هەتا لە بواری هەناردنی کانزای بەنرخ و بازرگانیی ئاوریشم بە دەسکەوت و پێشکەوتن بگات یان هاوکات ئاوریشمی ئێران جگە لە ڕێگای ئاوی کەنداو لە وشکانیشەوە هەنارده بکرێت کە لە ڕێگای وشکانیەوە قازانجی زۆرتری هەبوو.[٣]

### مێژووی «جەهان ئارای عەباسی»

ئەم پەرتووکە لە نووسینی میرزا موحەممەدتاهێر وەحید قەزوێنییە کە ڕووداوەکانی سانی سەفەوی هەر لە باوانی شا ئیسماعیلی یەکەمەوە هەتا حکوومەتی شا عەباسی دووهەم لە خۆ دەگرێت. نووسەر ئەم کتێبەی لە سەر داخوازیی خەلیفە سوڵتان، دووهەم گەورە وەزیری شا عەباسی دووهەم نووسی و لەم بارەوە دەنووسێت: «چوونکە بەڕێزی

---

١. دارۆغە: وشەیەکی مەنگۆلییە و بە واتای کەسانێك دێت کە بەرپرسی ئاسایشی شار یان گوندێکن.
٢. نیۆمەن، ١٣٩٢: ١٦١

٣. هـ .س: ١٦٢

پایەبەرز بەردەوام تامەزرۆی خوێندنەوەی کتێب و گەڕان و ڕوانین بە بەرهەمەکانی باوانی خۆیدا بوو؛ داوایان کرد کە ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستایان بە ڕێک و پێکی بۆ بنووسن و منی کز و کەنەفت کە لە هەموو شتێک دەزانم و بنەجۆی باسەکانم شێلاوە دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدەم».[١]

لەم کتێبەدا باسی زوڵفەقار خان میری کەڵڕ و زاڵبوونی بە سەر بەغداد لە سەردەمی شا تەهماسبدا ئاماژەی پێدراوە و لە سەردەمی شا سەفیدا باسی یەکێک لە سەرداره ژنەکانی کەڵڕ دەکات بە نێوی خانزادە خانم کەوا هەوڵ و تێکۆشانەکانی ببوو بە هۆی ئاڵۆزی و ئەمەش جێگای ڕەزامەندی شا سەفی نەبووە و خان ئەحمەدخانی ئەردەڵانیش دیلی دەکات و دەینێرێتە دەرباری شا سەفی و لەوێدا دەکەوێتە بەر سۆزی شاهانەوە و لێبووردنی بۆ دەردەچێت. هەروەها لە سەردەمی شا سەفیدا هۆزی کەڵڕ و زەنگەنە لە دینەوەردا هەبوونە و فەرمانڕەواکەیان نێوی شاڕۆخ سوڵتانی زەنگەنە بووە. بە گوێرەی پەرتووکی مێژووی«جەهان ئارای عەباسی» لە سەردەمی شا عەباسی دووهەمدا کۆچبەرەکانی لوڕستان لە کاتی گواستنەوەی دەسەڵات لە عەلیقولی خان بۆ مەنووچێر خان لە ترس فەرمانڕەوای نوێ(مەنووچێر خان) پەنا دەبەنە بەر خاکی شێخ عەلیخانی زەنگەنە و لە کرماشان خۆیان داڵدە دەدەن.

میرزا موحەممەدتاهێر وەحید قەزوێنی «١٠١٥ - ١١١٢ ک.م» لە مێژووی جەهان ئارای عەباسیدا لە پاژی تەرخان کراو بە شا تەهماسبی سەفەوی سەبارەت بە زوڵفەقار خان میری کەڵڕ و فەرمانڕەوای بەغداد ئاوەها دەنووسێت:

«زوڵفەقار سوڵتان کوڕە مامی ئیبراهیم سوڵتان کە میری کەڵڕ بوو بە فڕ و فێڵ ئیبراهیم خان دەکوژێت و بە سەر بەغداد و دەوروبەریدا زاڵ

١. وەحید قەزوێنی، ١٣٨٣: ٤٩

دەبێت. خاوەنشکۆ بە مەبەستی شەڕ بەرەو ئەویا ڕۆیشت و لە کاتی گەمارۆدا، براکانی سەری ئەو چارەڕەشەیان پەڕاند و هێنایانە خزمەتی شا و دواتر حکوومەتی ئەویایان بە موحەممەد خان شەرەفەدین ئۆغڵی ئەسپارد».[١]

## مێژووی سوڵتانی

پەرتووکی مێژووی سوڵتانی بەرهەمی سەیید حەسەن کوڕی مورتەزای حوسێنی ئێسترئابادییە کە لە سەردەمی شا سوڵتان حوسێنی سەفەویدا «١١٠٦ – ١١٣٥» دەژیا و ساڵی «١١١٥ ک.م» ئەم کتێبەی بە ناویەوە نووسیوە، ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ سەفیەدینی ئەردەوێڵی هەتا کۆتایی دەسەڵاتی شا سەفی لەم کتێبەدا هاتووە.

سەرەتای بەهاری ساڵی «٩٣٥» (شەشەمین ساڵی تەختنشینی شا تەهماسب) ئاڵا هەڵگری بەهێز و نەبەز بەرەو بەغداد بە ڕێ کەوت، ڕۆژ هەڵیبواردە نێو مانگی شەعبان پاش چەند ڕۆژ گەمارۆی قەڵاکە (بەغداد) عەلی بەگ نەدیدەی سۆفی خەلیلی مووسڵوو و ئەحمەد بەگی برای کە فەرمانڕەوای یەزد بوو لەگەڵ زوڵفەقار بەگدا دیل و زەلیل کران و لە ڕۆژی پێنجشەممە سێهەمی مانگی شەواڵ سەریان پەڕاندن و هەڵیاندایە بەر پێی خاوەنشکۆ و بە یاریدەی خودا و ئیمامان ڕەزای خوایان لە سەر بێت، بەغداد وەرگیرایەوە و دەسەڵاتەکەی درایە دەستی موحەممەد خان شەرەفەدین ئۆغڵی.[٢]

---

١. وەحید قەزوینی، ١٣٨٣: ٦٢
٢. حوسێنی ئێسترابادی، ١٣٦٦: ٦٠١

**«زبدة التواريخ»**

نووسینی موحەممەدمۆحسێن مۆستەوفییە کە هەر لە سەردەمی ئادەمەوە بە کورتی هەموو ڕووداوە گشتییەکانی نووسیوە و سەبارەت بە مێژووی سەفەوی هەندێ پەل و پۆی زیاتری پێداوە. بابەتەکانی سەبارەت بە سەردەمی شا سوڵتان حوسێن، شا تەهماسبی دووهەم و شا عەباسی سێهەم بایەخی زۆری هەیە؛ چوونکە کتێبەکە لە «١١٥١ ک.م» نووسراوە و نووسەرەکە خۆی زۆرێک لە ڕووداوەکانی چاو پێکەوتووە.

موحەممەدمۆحسێن مۆستەوفی سەبارەت بە دەسەڵاتی کەڵڕەکان بە سەر بەغدادا لە سەردەمی زوڵفەقارخان ئاوەها دەنووسێت: «پاش ئەوەی زوڵفەقار خان کوڕی نخود سوڵتان کە میری کەڵڕ بووە یاخی دەبێت و ئیبراهیم سوڵتانی مووسڵوو نەدیدەی سۆفی خەلیلی تورکمان کە فەرمانڕەوای بەغداد دەبێت بە فڕو فێڵ دەکوژێت بەغداد داگیر دەکات، زۆرێک لە کەس و کارەکەی خۆی دەکوژێت و عێراقی عەرەب بە تەواوی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ساڵی «٩٣٥ ک.م / ١٥٢٨ ز» لەشکری خاوەنشکۆ بە مەبەستی گرتنەوەی بەغداد بە ڕێ کەوت و گەیشتە نزدیکی شارەکە، زوڵفەقار کوڕی نخود سوڵتان کە نانی خواردبوو و ناندێنی دڕیبوو کەوتە بەر شەوەخونی پیاوانی پاشاوە و سەریان پەڕاند و ڕۆژی دوایی سەریان هێنا و بوو بە قەڵغانی خەڵکی بەغداد و لێبوردنی گشتییان دەرکرد کە نابێت خوێن لە لووتی کەس بێت و هەر کەس لە جێگەی خۆیدا دڵنیا دانیشێت. سەرکەوتووانە چووە نێو بەغداد، میری بۆ دانا و بە هۆی گەرماوە ئیدی لەوێ نەمایەوە و بەرەو عێراق گەڕایەوە».[١]

١. مۆستەوفی، ١٣٧٥: ٧٥

## «خلاصة التواريخ»

لە نووسینی قازی ئەحمەد کوڕی شەرەفەدین حوسێن حوسێنی مونشی قومی، لە مێژوونووسە ناودارەکانی سەردەمی سەفەوییە کەوا نووسەر بابەت و باسەکانی خۆی هەر لە سەردەمی شێخ سەفیەدینی ئەردەوێڵی هەتا سەرەتاکانی دەسەڵاتی شا عەباسی یەکەم دەنووسێت. گەرچی خۆی دەڵێت مێژووی دنیای لە هاتنی ئادەمەوە هەتا ڕۆژگاری خۆی واتە سەفەوی لە پێنج بەرگدا نووسیوە، بەڵام بە گشتی تەنیا بەرگی پێنجەمی کە سەبارەت بە مێژووی سەفەوییەکانە ماوەتەوە. قومی لە سەر داواکاریی شا ئیسماعیلی دووهەم ساڵی «٩٨٤ ک.م» نووسینی ئەم کتێبەی دەست پێکردووە بەڵام تەواو کردنی هەتا ساڵی «٩٩٩ ک.م» خایاندووە. لەم ساڵەدا نووسەر کتێبەکەی بە ناوی شا عەباسی یەکەمەوە نووسیوە. بەرگی پێنجەمی«خلاصة التواريخ» کە سەبارەت بە مێژووی سەفەوییەکانە خۆی لە دوو بەرگدایە: بەرگی یەکەم ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ سەفیەدین هەتا مردنی شا تەهماسبی یەکەم و بەرگی دووهەم ڕووداوەکانی شا ئیسماعیلی دووهەم هەتا سەرەتاکانی حکوومەتی شا عەباسی یەکەم لە خۆ دەگرێت. نووسەر ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە شێخەکانی سەفەوییەوە بە کورتی باس دەکات، بەڵام ڕووداوەکانی سەردەمی درووستبوونی حکوومەتی سەفەوی بە تێر و تەسەل شی دەکاتەوە. ئەم بەرهەمە بە هۆی هێنانی ڕووداوەکانی سەردەمی شا ئیسماعیلی دووهەم، شا موحەممەدی خودابەندە و شا عەباسی یەکەم نرخ و بایەخی زۆری هەیە. لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم کتێبە، نووسینی ژیاننامەی شاعیر و هونەروەر و هێنانی کار و بەرهەمەکانیانە. نووسەری مێژووی جەهان ئارای عەباسی لە نووسینی کتێبەکەی خۆیدا کەڵکی لەم کتێبە وەرگرتووە. ئێحسان ئێشراقی پێداچوونەوە بە «خلاصة التواريخ»دا دەکات و لە دوو بەرگەدا وەشانخانەی زانکۆی تاران بڵاوی دەکاتەوە.

## باسی سەرنجی دادگەرانەی شای شکۆدار لە هەمبەر دارۆلسەلامی بەغداد

پێشتر باس کرا کە زوڵفەقاری ناڕەسەن مامۆی خۆی کوشت و بەغدادی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و لە سەرەتای بەهاری ئەو ساڵەدا، لەشکری خاوەنشکۆ بە ئاڵا و نیشانەوە بەرەو هەواری جۆربادقان ڕۆیشت و لەوێوە دوای زۆرێ کۆچاوکۆچ کردن لە کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا کە هەتاوی پووشپەڕ لە شەرای گەرمادا بوو، لە بەرانبەری بەغداد بنەی خست. زوڵفەقاری چارەڕەش چۆی داخست کە خۆی دێتە دەرێ بۆ شەڕ لەگەڵ لەشکرەکانی پاشا. بەڵام سەیید موحەممەدی کەموونە نەیهێشت لەشکری یاریدەی بەغداد گەمارۆ بدات و زوڵفەقار بە هاریکاری کۆمەڵێ تەریدە لە داری بێ عاری دابوو و ناندێنی نانەەری دڕیبوو و بڕیاری شەڕی دا.

لە چەند ڕۆژی تاڵ و ناخۆشدا درکەی سەرکەوتن بە ڕووی لەشکردا نەکرایەوە. هەموو گرتن و داگیرکردنێکی پاشای خودا لە پشت بە یاری خودای گەورە و ڕۆحی پیرۆزی پیاوچاکان و لە خودا ترسان بوو. بە ناچار عەلی بەگ نەدیدەی سۆفی خەلیل مووسڵوو و ئەحمەد بەگی برای، بە حەوتا (٧٠) شەڕکەرەوە کە لە خزمەتکارەکانی ئەو بێ دینە بوون لە بۆ کوشتنی قسەیان کردە یەک و چاوەڕێی کاتێکی گونجاو بوون هەتا ئەوەیکە لە ڕۆژی پێنجشەممە سیهەمی «شەواڵی» ئەو ساڵە لە نیوەڕۆدا زوڵفەقار بە فیز و دەمارێکەوە تۆزێ هاتووچووی کرد و ویستی سەرخەوێ بشکێنێت. لەو شوێنەدا عەلی بەگ و ئەحمەد بەگ دەرفەتیان بۆ هاتە ئاراوە و لە پڕا عەلی بەگ شمشێری لە کێلان کێشا و هێنای بە ورگیدا، چی ڕێڵەخۆی هەبوو کەوتە بەرپای؛ بەم حاڵەیەوە ڕاپەڕی و بەرۆکی عەلی بەگی گرت و ڕایکێشایە ژوورێکەوە کە شمشێرەکەی خۆی لێ بوو. عەلی بەگ چاری بڕا بوو، ئەحمەد بەگ هاتە هانای و شمشێرێکی بە تەوقی سەریا کێشا و ڕماندی؛ خێرا هێنای بە بۆڵیا و سەری لێکردەوە.

که چوویه جەنگی نانەر و مەزنی خۆت

لە ئاسمانیش بی نەهاتێ هەر دێ بۆت

کوورحەسەنی تفەنگچی باشی بۆ وەرگرتنی مزگێنی لە بەرزاییەکەوە خۆی هەڵدایە نێو تاپیەکەوە (کەندڕ) و خۆی گەیاندە ئۆردووی خاوەنشکۆ. لەگەڵ ئەم هەواڵەدا سەری زوڵفەقاری نارەسەنیان هێنایە خزمەتی پاشا و ئیدی بەغداد گیرایەوە. ڕووداونووسەکان پێنووسیان خستە سەر پێ و پەڕاویان پەڕاند و پڕیان لە باس و ڕاس کرد، هەناردیان بە چوار دەوری وڵاتدا هەر لە خوەراسان هەتا ئازەربایجان؛ هەواڵبەر و هەواڵنێر ئەم هەواڵەیان بە گوێی جەماوەردا ڕاگەیاند.

وڵات سەرشۆڕ بێت خیانەتی جاشە

لەشکری بێ بەڵێن هەر شکانی باشە

فەرمانڕەوایی ساوە و جۆربادقان بە عەلی بەگ درا و ئەحمەد بەگیش کرا بە یاری تایبەتیی خاوەنشکۆ و هەرێمی بەغداد و مەزنەمیرایەتی عێراقی عەرەبیش بە موحەممەدخانی تەکەلوو خەڵات کرا. کەڵڕ و مەنەلییان بە غازی خانی تەکەلوو دا و حللەیان بە سەیید کەموونە و واست و جوازیان بە قانیساو بەگ، ڕۆماحیەش بە ساڵح سوڵتان بەخشرا و بە موحەممەد خانیشیان گوت بڕواتە نێو «دارالخلافە» و قوو بە شاردا بکات و بە هەمووان بڵێت کە لە ئێستاوە کەس بۆی نییە ئازاری شیعەکانی بەغداد بدات.

خاوەنشکۆ خۆی بۆ زیارەتی مەشهەدی پیرۆز و کازمیە ئامادە کرد و لە دووی بەختەوەری بۆ شوێنی بەخت بە ڕێ کەوت. لەم کاتەدا باڵوێز و نوێنەری فەرمانڕەواکانی عەرەب بە خەڵات و پێشکەشیەوە دەهاتنە خزمەتی و پاشان لەوێوە بەرەو عێراقی عەجەم بە ڕێ کەوت و لە نێو ڕێگادا شاتر عەلی کوڕی مەلەک بەگی خۆیی کە خۆی یەکێک

لە خزمەتکارە هەر نزدیکەکانی پاشا بوو و پێشینەی خزمەتی پاشای پێشوویشی هەبوو لە مێرگ و چیمەنی فارسجینی ئەبهەردا ئەسپاردە تێخی جەلاد و بنەی ئەو ساڵەی لە ئارانی قەزوێندا خست.[١]

## مێژووی ئیلچی

پەرتووکی «مێژووی ئیلچی نیزام شا»، لە نووسینی خوورشا کوڕی قوبادەلحوسێن کە خەڵکی عێراقی عەجەم بووە و لە ڕیزی مێژوونووسەکانی دەرباری بۆرهان شای دێکەنیدا بووە؛ ساڵی «٩٥٢ ک.م» لە لایەن بۆرهان شاوە وەک باڵوێز دێتە دەرباری شا تەهماسبی سەفەوی لە قەزوێندا و ماوەی ساڵ و نیوێ لەوێدا دەمێنێتەوە و بەم بۆنەوە وەک «ئیلچی نیزام شا» واتە نێردراوی نیزام شا ناو دەر دەکات.[٢]

لە ڕووداوە سەیرەکانی ئەو ساڵە ئەوە بوو کە زوڵفەقار خانی مووسڵوو کە هەوایێ شێتی لە سەریا بوو وە بێ هۆ لەگەڵ چەندین کەس لە بندەستی پاشاوە ڕێگەی هەڵاتنیان هەڵکرد و بەرەو بەغداد تێگورێزان. لەو کاتەدا ئیبراهیم خان مامۆی زوڵفەقاری ناوبراو فەرمانڕەوای بەغداد بوو؛ لە پاکی و پیاوەتی خۆی ئامادەی بە خزمەت گەیشتنی شای شکۆدار کردبوو و لە ناوەندی دەسەڵاتەکەی هاتبووە دەرێ و دوو سێ کاروانسەرای بڕیبوو کە لە ڕێگادا زوڵفەقاری چاو پێکەوت و لە چارەی ڕەشی ئەمدا برازاکەی ویستی پێشووی هەبوو کە بیکوژێت و عێراقی عەرەب داگیر بکات و سەربەخۆیی ڕابگەینێت. چوونکە سەری سەودای سەرداری تێکەوتبوو ئاکامی کاری لە بیر کردبوو، ڕۆژێکیان کە مامۆی لە خێوەتی خانانەدا وچانی دەدا پاسەوانەکانی خست بە خەڵافدا و ژیانی ئەو میرە ناودارەی تێکەڵ بە ژان کرد. لە پاش ئەم کارە قێزەونەی

١. قومی، ١٣٨٣: ١٨٩
٢. ئیبنی قوبادەلحوسێنی، ١٣٧٩: ٢١

سۆزی هەندێ لە سەردار و سەرکردەکانی لەشکرەکەشی لەگەڵ خۆی خست و باسی شان و شکۆی چووهە سوڵتان و نزدیکی هەڵگیرسانی شەڕی ئۆزبەکی بۆ کردن و مزگێنی پێدان کە حکوومەتی عێراقی عەرەب دەگرن و خەڵاتی هەموویان دەکات؛ پاش ئەم فاک و فیکە بە لەشکرێکی گرانەوە ڕووی لە دەڤەری بەغداد کرد و ئاڵای ڕق و قینی هەڵدا و هەر کە هەواڵی کوشتنی ئیبراهیم خان بە گۆکجە میرزای کوڕی لە بەغداد گەیشت کە زوڵفەقار فێڵی لێکردووە و کوشتوویە، ئەمیش لە فیکەی خۆی تێگەیشت و شوورەی قەڵای قایم کرد و دەروازەکانی شاری بە ڕووی زوڵفەقاردا گاڵە دا، ئەویش گەمارۆی قەڵاکەی دا و ڕێی لە ڕێبواران بڕی و هاتووچووی شاری ئاستەنگ کرد. بڕیاری گرتنی شاری دابوو و لە پاش هەشت مانگ بە مەبەستی خۆی گەیشت و ڕۆیشتە نێو شارەکەوە؛ چی لە بنەماڵەی ئیبراهیم خان کەوتە بەر چاوی، پەیکی مەرگی هەناردە سەری و ڕاستە کفنی کردە بەری؛ پاشان ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکرد.

شا تەهماسب لە پاش ڕاوەدوونانی ئۆزبەک و گەڕانەوە لە خوەراسان بۆ سەرکوت و دەمکوتی زوڵفەقار بەگی کەڵڕ کە بەغدادی داگیر کردبوو بە ڕێ کەوت.

## باسی ڕۆیشتنی خاوەنشکۆی دادگەر بەرەو بەغداد و کوژرانی زوڵفەقار سوڵتان و هێور بوونەوەی ئاژاوە و بشێوی

پێشتر باس کرا کە زوڵفەقار سوڵتانی مووسڵوو، مامی خۆی ئیبراهیم خان کە میری بەغداد بوو بە فڕ و فێڵ دەکوژێت و بە سەر عێراقی عەرەبدا زاڵ دەبێت؛ لە پاشایش یاخی دەبێ و لەگەڵ پاشای ڕۆم(عوسمانی) دەکەوێتە کەینوبەینەوە. کاتێ پاشا ئەمەی بۆ دەرکەوت، بەهاری ساڵی «٩٣٥» ئۆردووی شکۆداری خاوەنشکۆ ڕووی لە بەغداد کرد و دەنگۆی ئەم جووڵەیە وڵاتی گرتەوە، میرەکانی دەوروبەر لە هەموو لایەکەوە

بە لەشکری پۆشتە و پەرداخەوە خۆیان بە ئۆردووی شای شکۆ شکێن دەگەیاند.

شـا بـە ویسـتێ لـە کاتـێ بـێ نەهاتـا
دەرکەوتـە گەشـتێ بـوو بـە دوور وڵاتـا
ئـاوازەی لەشــکر و ڕێبــواری بەغـدا
وەهـا ئاسـمانی ترسـاند دای بـە هـەردا

هەر کە ئۆردووی خاوەنشکۆ لە تەنیشت هەمەدانەوە پەڕییەوە و ئەم هەواڵە گەیشتە گوێی زوڵفەقاری بێ عار و بەدکار، زار و زمانی چووە بەس، زانی دەمێنێتەوە بە بێکەس، ترس و لەرز وەک ئاڵۆشی کەوا کۆن بەر بوویە جەستەی، فەرمانی کرد بە دار و دەستەی، چی شوورە و حەسار و دیوارە، قایم بکەن بە قوڕ بە بەرد یان بە دارە، بەڵام بیر و ویری پیاوی ژیر لە کاری نەکردە نابێ گیر:

نەکـەی کارێ کـە کـەس نەیکـردووە
ئـەوەی بۆی چوو ئاخـری هەر مردووە

بە هەزار ئیشارە و ئاماژە پێیان ڕاگەیاند کە پاشگەز بێتەوە، بەس ئەو سەرکێش و بۆغرایە هەر ژیر نەبوو و پشتی بە پتەوی شوورەی شار قایم بوو هەوای پاشایەتیش لە سەری نەدەبوویەوە. کاتێ سای سەری گەیشتنی خاوەنشکۆ بەغدادی داشارد ئەم کەوتە خۆ، بەڵام ڕێی لە هاتووچووی قەڵا بڕیبوو بە فەرمی زەنگی شەڕیش زڕیبوو. چوونکە شوورەی شار(بەغداد) قایمە و هەتا ئێستا لە بۆر و بەگ نەیتوانیوە حەسار و شوورەی بشکێنێ، ئیدی ماوەی گەمارۆ بۆ وەرزی گەرما هەڵیکرد و مانەوەی لەشکری بێ بەرگری خاوەنشکۆ کەوتبووە ئاستەنگ و دژواری، لە پڕ ڕەحمەتێ داباری، دەستی شاراوەی یەزدانی خەتی بە چارەیدا هانی.

بە کورتی باسەکە وابوو چوونکە زوڵفەقار گەلێک میر و مەزنی هۆزی مووسڵووی کوشتبوو و خوێنی زۆری لێیان ڕشتبوو، پاشماوەکانی ئەو خێڵە بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوون لە دەرفەتێکدا تۆڵەی لێ بکەنەوە، کتووپڕ لە کاتی گەمارۆدا ڕۆژێک عەلی بەگ ناوێ کە خۆی لە نزدیکانی زوڵفەقار بوو ئەو بەڕێزەی لە ژوورێکدا چاو پێکەوت کە لە نوێنێ ئاسوودە نووستووە، هەلی قۆستەوە و پێڕای براکەی بە شمشێری لە کێلان دەرچوو دەڕۆنە سەری زوو بە زوو، بە قەڵتێ لە کاری دەخەن. سەری لێ دەکەنەوە و دەیکەن بە نووکی ڕمێکەوە و لە سەر دیواری قەڵاکە لە هەمبەر دەوڵەتخانەی پاشا دەیچەقێنن. لەو کاتەدا زڵە دەکەوێتە نێو ڕەدووەکانی زوڵفەقار و لە ترسان هەر کەس بەرەو لایەک هەڵدێت؛ عەلی بەگیش چۆنیەتی کارەکە دەگەینێتە خزمەتی پاشا، چووهە سوڵتان هەڵگری فەرمانێ پێڕای میر و مەزنانی دەوڵەت بە سواری دەڕۆنە نێو حەساری قەڵاکەوە و چی شوێنکەوتوو و پیاوی زوڵفەقار بوو هەموویان مل پەڕاند و زک دڕاند.

گەلێکیـان لـێ کوشـتن عەگیدانـی وڵات
کـێ تورکـمان بـوو یەکێکـی هەڵنەهـات
لـە خوێنیـان زەوی وەک سـوورە خۆڵـە
ئاوەهایـە هەڵمـەت و زەبـری تۆڵـە

کە قەڵا لە بەڵا ڕزگاری بوو میرایەتی بەغداد بە موحەممەدخانی شەرەفەدین ئۆغڵی درا لە هۆزی تەکەلوو و عەلی بەگی زوڵفەقار کوژیش، کەوتە بەر سۆزی شاهانەوە و پلەی پێدرا و بە عەلی سوڵتان ناوبانگی دەرکرد؛ کە خاوەنشکۆ لە مەڕ بەغداد و عێراقی عەرەب دڵی دامرکا، ئۆردووی بەرەو عێراقی عەجەم خستە ڕێ و پاش گەیشتن بەو هەرێمە چەند ڕۆژێک لە نێوان قەزوێن و ئەبهەر لە قوروە و پارساین بنەیان خست ئیتر مانگێ لە وەرزی خەزان بواردی و سەرما دایدا؛ کاروانی خاوەنشکۆ لە تاو سەرما ڕووی لە ئاران و گەرمێنی «بابالجنە»ی قەزوێن کرد.

**«روضةالصفویه»**

پەرتووکی «روضةالصفویه» لە نووسینی میرزا بەگ حەسەن کوڕی حوسێنی جۆنابەدییە کە نووسەر و مێژووناسی سەردەمی شا عەباسی یەکەم «١٠٣٨ - ٩٩٦ ک.م» بووە و مێژووی خانەدانی سەفەوی لە سەرەتاوە هەتا چلەمین ساڵی پاشایەتی شا عەباس دەنووسێت.

ئەم بەرهەمە تەواوی ڕووداوەکانی تەختنشینی شا ئیسماعیلی یەکەم لە تەورێز هەتا «١٠٣٦ ک.م» بە تێکڕای ئێران و بارودۆخی وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەت وڵاتی عوسمانی کە سێزدە ساڵ بووە لە خۆ دەگرێت. کاتی دەسپێکی نووسینی کتێبەکە ساڵی «١٠٢٣ ک.م» بووە. نووسەری ئەم بەرهەمە خەڵکی جۆنابەد یان گونابادی ئێستا بووە کە یەکێکە لە شارە کۆنەکانی پارێزگای خوەراسان. سەبارەت بە نرخ و بایەخی پەرتووکی «روضةالصفویه» هەر وەها کە لە ناوەرۆکیدا دیارە یەکێک لە بەڵگە بەنرخەکانی مێژووی ئێرانی سەردەمی سەفەوییە و بابەتەکەی بە سەردەمێکەوە گرێ دراوە کە ئێران بە دەست دەسەڵاتی خێڵایەتی و خوخێزی کێشەی ڕامیاری و ئابوورییەوە دەتلایەوە.

**هەڵکردنی ئاڵای گەڕانەوەی شای شکۆدار (شا تەهماسب) بەرەو عێراق و گرتنی «دارالسلام»ی بەغداد**

پاش ئەرێ کردنی ئەم فەرمانە شای زاڵم تاسێن و هەژار لاوێن، چەند ڕۆژێ لە هەرێمی جام کاروانی خست و زەردەپەڕی هەمان ڕۆژ دەستەی سوڵتان لە تاو هەڵاتن و دۆڕان بە شەرمەزاری گەڕانەوە خزمەتی خاوەنشکۆ و زمانیان لە زاریان نەجووڵا جگە لە پاساو و پاکانە نەبێت کە ئەم کارە هەر بە دەستی بەهێزی گەورەمان ڕایی دەبێت. هەروەها ئەو میرانەی کە پشتیان لە شەڕ کردبوو لەگەڵ شەڕڤانەکانیان دەستە دەستە دۆڕاو و گۆڕاو خۆیان گەیاندە هەرێمی جام و بە زمان لووسی و

ماستاو کردن پاشایان بۆ لێخۆشبوون هاندا.

دەگێڕنەوە کە لەشکری شکاو و دۆڕاو لە سەبزەواردا هەواڵی ئەو گوشایش و کرانەوەیان بیست گەڕابوونەوە، بەڵام پاشا ئەو کەسانەی کە لەو شەڕەدا باسی دلێری و بوێرییانی پێگەیشتبوو باڵایانی بە کاڵای گرانبەها ڕازاندەوە و پلەی بۆیان بەرز کردەوە. بۆ نموونە حوسێن خانی شاملوو کە لەو شەڕەدا دەنگوباسی پیاوەتی و ئازایەتییەکەی بە گوێی هەموو کەس گەیشتبوو؛ کەوتە بەر سۆزی شاهانە و بەخششی سەرۆکانە. پلەی دەسەڵاتی لە هاوشانەکانی خۆی بەرزتر کرایەوە و بە پێی فەرمانی پێشوو مەزنەمیرایەتی خوەراسان و «دارالسلطنە»ی هەرات و لەلەیی شازادەی وڵات، سام میرزای خاوەن دەسەڵات بە ناوبراو کرا خەڵات. لە گەورەکانی خوەراسان، خانەدان و نەجیمزادە، ئەمیر شەمسەدین عەلی سەبزەواری لە سای سەری شای شکۆدار و سۆزی پایەدار بە پلەی میرایەتی گەیشت و وڵاتی سەبزەواریان وەک «ئەقتاع» بەو دلێرە بوێرە بەخشی. هەروەها لەو ڕۆژە تاڵ و ناخۆشەدا کە ئازایەتی لە خۆی پیشان دابوو لە بەخششی نەبڕاوەی خاوەنشکۆ بەهرەمەند بوو و ئیدی دوای سامان و سەقامی خوەراسان، پاشا کەڕەنای گەڕانەوەی بۆ عێراق لێدا و لەو زستانەدا قوم بوو بە ئارانی شای شکۆدار و میر نەعمەتوڵڵای عەلی لە پلەی «صدارت»دا[1] لەگەڵ میر قەوامەدین حوسێنی ئیسفەهانیدا بە برابەش کرا.

بەڵام کاتێکە لەشکر و ئۆردووی خاوەنشکۆ بۆ ڕاوەدوونانی ئاژاوەگێڕانی ژێردەستی عوبەید خان بەرەو خوەراسان دەچوو، زوڵفەقار بەگ کوڕی عەلی بەگی مووسڵوو کە برازای ئەمیر خانی مووسڵوو بوو و ئاڵای ناوبانگی بە ناوی نخودسوڵتانەوە هەڵدەدا و بە پێی فەرمانی کاتی هۆز

١ . صدارت: پلەیەك بووە لە سەردەمی سەفەویدا کە بەرپرسی ئەوقاف و مامۆستایانی ئایینی بووە. (زیادکراوی وەرگێڕ)

و هەرێمی کەڵڕی بە تیوڵ و ئەقتاع[١] پێ بەخشرا بوو، لەو کاتەدا لە شا یاخی دەبێت و کەڵکەڵەی فەرمانڕەوایی بەغدادی دەکەوێتە دڵ و ئەم ویستە شەڕ لە دووە هانی دەدا هەتا لە دەرفەتێ گونجاو بگەڕێت.

لەو کاتەدا بەڕێوەبردنی بەغداد لە ئەستۆی ئیبراهیم خان برای ئەمیر خاندا بوو و ئەو بەڕێزەش لە کاتی شەرای هاویندا پەنای بردبووە بەر هەواری فێنک و سازگاری هەرێمەکەی و ئەو ساڵەش هاتبووە هاوینەهەواری مایەشت کە لە هەوارە نزدیکەکانی بەغداد بوو و لەوێ بنەی خست، بێ ئەوەی بیر لە دوژمنێ بکاتەوە ئەویش برازا و کەس و کاری بێت.

نخود سوڵتان بە بیستنی هەندێ هەڵیت و پەڵیت کە گوایە عوبەید خان لە خوەراساندا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، دەرفەتی بە باش زانی و بە لەشکرێکی گرانەوە لە شوێنی خۆی وەدەرکەوت و بەرەبەیانێ زوو بێ ئەوەی کەس بزانێت بە غار هەڵیانکوتایە سەر ئۆردووی ئیبراهیم خاندا و سەرەتا مامۆی لە نوێنەکەیدا کوشت و ئینجا چی دەست و پێوەندی هەبوو کە پێی وەها بوو کێشەی بۆ ساز دەکەن ئەوانیشی یەک بە یەک سەلاخی کرد، خزمەتکارەکانی دیکەی کە لەو هەوارەدا هاوڕای بوون کۆ کردەوە و لە ویستی خۆی ئاگاداری کردنەوە و تێکەڵ بە لەشکری خۆی کرد و بۆ گرتنی بەغداد بە ڕێ کەوت. بەشەکەی دیکەی لەشکر و ئامۆزاکانی بە تایبەت مەرجوومەک سوڵتان کوڕی ئەمیرخان کاتێ لەم ڕووداوە ئاگادار بوونەوە تێگەیشتن کە کابرا مامۆی خۆی بکوژێت بەزەیی بە کوڕە مامیشیدا نایەتەوە، هەر بۆیە بە ناچار دەروازەکانی شاریان کڵۆمدا و بەو چەند کەسە شەڕکەرەوە کە لەگەڵیا هاوڕا بوون بڕیاری بەرگرییان دا. بەڵام چوونکە لەو ڕۆژەدا زۆربەی پیاوان و بار

---

١. تیوڵ و ئەقتاع: بەشە زەویێ بوو کە لە سەردەمی سەفەویدا لە بری مووچە یان لێهاتووی بە پیاوانی دەوڵەتی و لەشکرییان دەدا و ئەوانیش لە سەر ئەو زەوی و زارە بژێوی خۆیان دابین دەکرد. (زیادکراوی وەرگێڕ)

و بنەکەی نخود سوڵتان لە بەغدادا نیشتەجێ بوون دوای تۆزێ هەوڵ و تێکۆشان نخود سوڵتان سەرکەوت و چووە نێو شارەکەوە. چوونکە چارەی مردنیان قەڵەمی لێدرابوو زۆری نەخایاند سوڵتان شارەکەی لە ژێر چنگیان دەرهێنا و مەرجوومەک و ئامۆزاکانی دیکەی کەوا بەرگرییان دەکرد تێکڕا کوشتنیان و دارۆلسەلامی بەغدادی داگیر کرد و لەشکرەکەی ئیبراهیم خان و مەرجوومەک سوڵتان و میرەکانی دیکەی تورکمانی بە سۆز و بەڵێن بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و بەم شێوەیە بوو بە فەرمانڕەوای عێراقی عەرەب و بۆ هەر هەرێم و وڵاتێک میرێکی دەستنیشان کرد و ئاڵای دەسەڵاتداری هەڵدا.

پاش گەڕانەوە لە خوەراسان ئەم هەواڵانە بە دەرباری خاوەنشکۆ گەیشت، چوونکە ئارانی پاشا لە «دارالمومنین» قومدا گەیشتبووە کۆتایی، لە سەرەتای بەهاردا کە لەشکری گوڵ و سەوزە بەری بە شاخ و داخەوە نا و کێوماڵی کرد پاشایش بە دڵیا هات ڕوو لە بەغداد بکات و بیگرێتەوە، ئیدی لە مانگی شەعبانی ساڵی«٩٣٥» کە هەر لەو ساڵەدا عوبەید خانیشی شکست دابوو بە لەشکرێکی بێ ئەژمارەوە بەرەو بەغداد کەوتە جموجووڵ. لە نزدیک ئەو شارەدا بۆ چەند ڕۆژێ لە یەکێک لە هەوارە خۆشەکاندا بنەی خست، گەور و گازری لەشکری تورکمان کە لە ناچاریدا پاش کوشتنی ئیبراهیم خان و مەرجوومەک سوڵتان لەگەڵ نخود سوڵتاندا ڕێکەوتبوون خەڵێڵە کەوتە دڵیانەوە و بارودۆخەکەیان بۆ ڕوون بوویەوە دڵنیا بوون کە مووچە و مڵکی عێراقی عەرەب بە باڵای نخود سوڵتان نابڕدرێت و ئەم فیز و هەوایەشی زۆر ناخایەنێت، ناچار بە شاراوە نێردراوێکی ژیریان هەنارده خزمەتی خاوەنشکۆ کە «عەلی بەگ نەدیدەی سۆفی خەلیل و ئەحمەد بەگی برای خۆیان بە خزمەتکاری شای شکۆدار دەزانن و حاشا لەوەی کە لێتان هەڵگەڕابێتنەوە، بەڵام لەم کاتە ناسک و نالەبارەدا بە ناچاری ملیان بۆ ئەم یاخییە ڕاکێشاوە و لە دووی هەلێک دەگەڕین کە دژبەرەکانی بەڕێزتان تەفر و توون بکەین. بە هیواین کە بە یاریدەی خوای گەورە ئەم هەلە بڕەخسێت و هەرچی

زووە ئەم دوژمنی دەوڵەتە بەرەو دۆزەخ بنێرین».

کە نێردراوەکەی عەلی بەگ و ئەحمەد بەگ گەیشتە درگانەی خاوەنشکۆ و دەستی موبارەکیان زیارەت کرد و پەیغامەکەیان گەیاند، خاوەنشکۆیش لێی قبووڵ کردن و بە سۆز و بەخششی شاهانە هیواداری کردن. هەروەها نێردراوەکەشی بە دراو و دینار و جل و بەرگی گرانبەها شادمان و دڵخۆش کرد. فەرمانی بە بەردەست و نووسەر کرد وڵامیان بۆ بنووسن و خۆیشی دوای خوێندنەوەی داغمەی شاهانەی لێدا و بە نوێنەرەکەی دا لێیان بگێڕێتەوە. ئیدی لەوە بەدواوە هەموو رۆژێ تورکمانی مووسڵوو و بایندۆریە دەهاتنە بەر درکە و دیوانی شای شکۆدار و دەکەوتنە بەر سۆزی شاهانەوە. هێمای کزی و پەرتەوازەیی بە نێو چاوانی شوێنکەوتووانی نخود سوڵتانەوە دەرکەوت، عەلی بەگ و ئەحمەد بەگ دەرفەتیان بۆ کەوتبوو لەگەڵ تاقمێ لە پیاوانی خۆیان بە ئەسپایی دابوویان بە سەر نخود بەگ و پاسەوانەکانیدا و کوشتنیان، سەرەکانیشیان بە هێمای سەرکەوتن هێنایە پێشوازی کاروانی خاوەنشکۆوە.

شای شکۆدار بە شوکرانەی ئەو گرتنەوە ئاسانە کەوتە سەنا و ستایشی پەروەردگار و زمانی بە شیرینی شوکرانە پاراو کرد و ئەوانەش کەوا لەم کارەدا هاریکارییان کردبوو دیاری و خەڵاتی کردن. هەر لەو شوێنەدا کە سەری دژبەرەکانیان هێنایە پیراییەوە، ڕاوەستا و کاروباری عێراقی عەرەبی یەکلایی کردەوە و میرایەتی دارۆلسەلامی بەغدادی بە موحەممەد سوڵتان شەرەفەدین ئۆغڵی ئەسپارد و نازناوی «خانی» پێ خەڵات کرد و سامان و سەقامی مەزاری ئیمامەکانی(عەتەبات) بە ڕا و بۆچوونی ناوبراوەو بەستەوە و لەم بارەشەوە زۆر جەختی لە سەر کرد. ئیدی پاش ئەمانە بە شادومانی گەڕایەوە.

## سەرچاوەکان:


١. افشار سیستانی، کرمانشاهان و تمدن دیرینه‌ی آن، تهران: زرین ١٣٧١.

٢. باستانی پاریزی محمدابراهیم، سیاست و اقتصاد عصر صفوی، تهران: انتشارات صفی علیشاه ١٣٦٢.

٣. بدلیسی امیر شرف خان، شرفنامه تاریخ مفصل کردستان، تصحیح محمد عباسی، تهران: حدیث ١٣٧٣.

٤. برازش امیرحسین، روابط سیاسی - دیپلماتیک ایران و جهان در عهد صفویه، تهران: امیرکبیر ١٣٩٢.

٥. بهرامی روح‌الله، سلسله والیان لرستان، تهران: حروفیه ١٣٨٨.

٦. پارسادوست منوچهر، شاه عباس اول پادشاهی با درسهایی که باید فرا گرفت، تهران: انتشار ١٣٨٨.

٧. ترکمان اسکندر بیگ، تاریخ عالم آرای عباسی، تصحیح ایرج افشار، تهران: امیرکبیر ١٣٨٧.

٨. توحدی کلیم‌الله، حرکت تاریخی کرد به خراسان، مشهد: ناشر مولف ١٣٧١.

٩. جعفرپور و سلیمی، نگاهی به وزارت شیخ علیخان زنگنه، فصلنامه مسکویه، سال دوم شماره (٧)، ١٣٨٦.

١٠. جعفریان رسول، سیاست و فرهنگ روزگار صفوی، تهران: نشر علم ١٣٨٨.

١١. جنابدی میرزا بیگ، روضةالصفویه، به کوشش غلامرضا طباطبایی

مجد، تهران: بنیاد ایرج افشار ۱۳۷۸.

۱۲. چارشلی اسماعیل، تاریخ عثمانی، مترجم وهاب ولی، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی ۱۳۹۱.

۱۳. حسن‌زاده اسماعیل، حکومت ترکمان در ایران، تهران: سمت ۱۳۹۲.

۱٤. خاتون‌آبادی سید عبدالحسین، وقایع السیفی و الاعوام، تصحیح محمدباقر بهبودی، تهران: اسلامیه ۱۳۵۲.

۱۵. دانش‌پژوه منوچهر، بررسی سفرنامه‌های دوره صفویه، اصفهان: انتشارات دانشگاه اصفهان ۱۳۸۵.

۱٦. دلاواله پیترو، سفرنامه، ترجمه محمود بهفروزی، تهران: نشر قطره ۱۳۸۰.

۱۷. راوندی محمد بن علی بن سلیمان، راحة‌الصدور و آیة‌السرور در تاریخ آل سلجوق، تصحیح محمد اقبال، تهران: اساطیر ۱۳۸٦.

۱۸. رحمانی بهروز، حکمرانان صفوی، تهران: یادداشت ۱۳۹۲.

۱۹. رربورن کلاوس میشایل، نظام ایالات در دوره صفویه، ترجمه کیکاووس جهانداری، تهران: علمی و فرهنگی ۱۳۸۳.

۲۰. سانسون، کشیش؛ سفرنامه سانسون، ترجمه تقی تفضلی، تهران: ابن سینا ۱۳٤٦.

۲۱. سلانیکی مصطفی افندی، تاریخ سلانیکی، تصحیح نصراله صالحی، تهران: طهوری ۱۳۸۹.

۲۲. سلطانی محمدعلی، ایلات و طوایف کرمانشاهان، تهران: سها ۱۳۷۲.

۲۳. سمیعا میرزا، تذکرةالملوک، سازمان اداری حکومت صفوی، ترجمه مسعود رجب نیا، تهران: امیرکبیر ۱۳٦۸.

۲٤. سنندجی میرزا شکرالله، تحفه ناصری، تصحیح حشمت‌الله طبیبی، تهران: امیرکبیر ۱۳۷۵.

۲۵. شاردن ژان، سیاحت نامه، ترجمه محمد عباسی، تهران: امیرکبیر ۱۳۳٦.

۲٦. شاملو ولی قلی بن داود قلی، قصص‌الخاقانی، تصحیح سید حسن سادات ناصری، تهران: وزارت ارشاد ۱۳۷۱.

۲۷. شیرازی عبدی بیگ، تکلمه‌الاخبار، به کوشش عبدالحسین نوایی، تهران: نی ۱۳٦۹.

۲۸. صفاکیش حمیدرضا، صفویان در گذرگاه تاریخ، تهران: سخن ۱۳۹۰.

۲۹. صفت گل منصور، فراز و فرود صفویان، تهران: کانون اندیشه جوان ۱۳۸۸.

۳۰. عودی ستار، سرگذشت شاه عباس دوم، بازنویسی و تلخیص کتاب عباسی نامه میرزا طاهر قزوینی، تهران: اهل قلم ۱۳۸٤.

۳۱. قمی قاضی احمد بن شرف‌الدین، خلاصة التواریخ، تصحیح دکتر احسان اشراقی، تهران: دانشگاه تهران ۱۳۸۳.

۳۲. کسروی احمد، شیخ صفی و تبارش، تهران: انتشارات فردوس ۱۳۷۹.

۳۳. کشاورز اردشیر، رجال و مشاهیر کرمانشاه، کرمانشاه: انتشارات طاق بستان ۱۳۸۲.

۳٤. کلوزنر کارلا، دیوانسالاری در عهد سلجوقیان، ترجمه یعقوب آژند،

تهران: امیرکبیر ۱۳۸۹.

۳۵. کمپفر انگلبرت، در دربار شاهنشاهی ایران، ترجمه کیکاووس جهانداری، تهران: انجمن آثار ملی ۱۳٦۳.

۳٦. لسترنج گای، جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی، ترجمه محمود عرفان، تهران: علمی فرهنگی ۱۳٦۷.

۳۷. لویی باکه گرامون ژان، مقاله فهرستی از امرای شورشی استاجلو، مترجم کیومرث قرقلو، نامه تاریخ پژوهان سال اول شماره(۳) پاییز، تهران ۱۳۸٤.

۳۸. محمدی آیت، جغرافیای تاریخی ایوان غرب، تهران: آریوحان ۱۳۹٤.

۳۹. مرادی‌مقدم مراد، تاریخ سیاسی اجتماعی کردهای فیلی در عصر والیان پشتکوه ایلام، تهران: پرسمان ۱۳۸۵.

٤۰. مستوفی حمدالله، نزهةالقلوب، تصحیح گای لیسترانج، تهران: دنیای کتاب ۱۳٦۲.

٤۱. مستوفی محمدمحسن، زبدةالتواریخ، تهران: انتشارات موقوفات محمود افشار ۱۳۷۵.

٤۲. مشیری میر محمدسعید بردسیری، تذکرة صفویان کرمان، تصحیح باستانی پاریزی، تهران: علم ۱۳٦۹.

٤۳. منجم یزدی ملا جلال، تاریخ عباسی یا روزنامه ملا جلال، تصحیح سیف‌الله وحیدنیا، تهران: وحید ۱۳٦٦.

٤٤. میرجعفری حسین، تاریخ تیموریان و ترکمانان، تهران: سمت ۱۳۹۳.

٤۵. نجفی برزگر کریم، تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و

فرهنگی ایران در دوره صفویه، تهران: پیام نور ۱۳۹۳.

۴۶. نصرآبادی محمدطاهر، تذکره نصرآبادی، به اهتمام وحید دستگردی، تهران: فروغی ۱۳۶۱.

۴۷. نصیری میرزا علی نقی، القاب و مواجب دوره صفویه، تصحیح یوسف رحیملو، مشهد: انتشارات دانشگاه فردوسی ۱۳۷۱.

۴۸. نوایی عبدالحسین، شاه تهماسب صفوی، مجموعه اسناد و مکاتبات تاریخی همراه با یادداشتها، تهران: ارغوان ۱۳۶۸.

۴۹. نوایی عبدالحسین، شاه اسماعیل صفوی (مجموعه اسناد و مکاتبات تاریخی) تهران: ارغوان ۱۳۶۸.

۵۰. نوایی عبدالحسین، ایران و جهان از مغول تا قاجاریه، تهران: نشر هما ۱۳۷۷.

۵۱. نوایی عبدالحسین و عباسقلی غفاری‌فرد، تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی ایران در دوران صفویه، تهران: سمت ۱۳۸۸.

۵۲. نوری جعفر، اوضاع سیاسی کرمانشاه در عصر صفویه با تکیه بر ایل زنگنه، فصلنامه تاریخ پژوهی، پاییز و زمستان شماره (۴۱ – ۴۰)، ۱۳۸۸.

۵۳. نیومن اندرو، ایران عصر صفوی، ترجمه بهزاد کریمی، تهران: نقد افکار ۱۳۹۲.

۵۴. وحید قزوینی میرزا محمدطاهر، تاریخ جهان آرای عباسی، تصحیح سیدسعید میرمحمد صادق، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی، ۱۳۸۳.

۵۵. وقایع‌نگار علی‌اکبر، حدیقه ناصری در جغرافیا و تاریخ کردستان،

تصحیح محمدرئوف توکلی، تهران: ارژنگ، ١٣٦٤.

٥٦. ولایتی علی‌اکبر، پویایی فرهنگ و تمدن اسلام و ایران، تهران: انتشارات وزارت خارجه ١٣٩٠.

٥٧. هدایت رضاقلی خان، تاریخ روضةالصفای ناصری، جلد هشتم، تصحیح جمشید کیانفر، تهران: اساطیر، ١٣٨٠.

٥٨. هوشنگ مهدوی عبدالرضا، تاریخ روابط خارجی ایران، تهران: امیرکبیر ١٣٩٣.